
# لەسەردەمی سەرۆکایەتیمدا

ڕۆمان..

نوسینی: لوقمانی حاجی کەریم..

چاپی یەکەم

٢٠١٢



ناوی کتێب: لەسەردەمی سەرۆکایەتیمدا

نوسینی: لوقمانی حاجی کەریم

ناونیشان: سلێمانی/کوردستان

بابەت: ڕۆمان

چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠١٢

چاپخانەی: سایە

دیزاینی بەرگ: وشیار سەعید

بابەتەکانی تری نوسەر: ووشەکانی ناو چاڵ/ ڕۆمان/ ساڵی ٢٠١٠/ چاپخانەی سایە/سلێمانی.



پێشکەشە:

بەدایکم، ئەفرێندەری منە

بەهاوسەرەکەم، زۆرترین کاتی بەبێ من بەسەربرد

بەباوکم، نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆلای

بەخوێنەران

## لەسەردەمی سەرۆکایەتیمدا

رۆمان..

نوسینی: لوقمانی حاجی کەریم..

### چەردەی یەکەم

........ باریارپاشای کوڕی خەسرەوپاشا، لەلادێیەکی چەپەکی دوورەدەستەوە، بەهۆی دەستکورتییەوە، لەگەڵ پێنج منداڵ و هەوای هاوسەریدا، بەرەو شارۆچکەیەکی نزیك کانی چیمەنتۆی تابەلول، کۆچیانکرد. هەر پاش بەکرێگرتنی خانویەکی بچوك، لە حەمە نوقڵە، دەستیکرد بەگەڕان بەدووای کاردا و هەر لەڕێی حەمە نوقڵەوە، توانی لە کانی چیمەنتۆی تابەلولدا، دابمەزرێت.

حەمە نوقڵە، شوناسێکی کۆنی باوکی بوو. بەهەر هۆیەکەوە بوبێت، نەیتوانی بوو هاوسەرگیری بکات و بەتەنها و بەبێ کەسی دەژیا. لە شارۆچکەکەدا، خانویەکی چوکەڵە بۆ خۆی و خانویەکی تری دوو ژووری بۆ بەکرێدان و دوکانێکی وردەواڵەفرۆشی بەرهەم هانی بوو و گوزەرانی لەسەر دەکرد.



" حەمە نوقڵە" کابرایەکی کورتەباڵای لاوازی ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین بوو. بەهۆی بچوکیی جەستەی و ڕووخۆشیەکەیەوە ناویان نابوو " حەمە نوقڵە". هەر لەمنداڵییەوە، بەدەستگێڕی، خەریکی وردەواڵەفرۆشتن بوو. لەدووایيدا وازی لە دەستگێڕی هێنا و بەدوکانەکەیەوە سەرقاڵ بوو. دوکانەکەی، دەکەوتە سەر ڕێگایەکی سەرەکی و لەسوچێکدا کە چووارکۆڵانی دەکەوتە سەر. چەند کورسییەکی بۆ کۆبوونەوەی خەڵک و دانیشتن لەسەریان و خۆخەریککردن بە نۆڕسکێن و دامە و دۆمینەوە، لەبەردەم دوکانەکەیدا و لەبن پیرە دارتویەکی خوار و خێچدا، دانابوو.

باریار، نەیدەزانی بۆچی بە خۆی و خەسرەوی باوکیان دەوت پاشا! چونکە، خەسرەوپاشای باوکی، بێجگە لە پارچەیەك زەوی دێمەکار، هیچ خاوەندارێتیەکی دیکەی نەبوو. وێڕای ئەوەی زۆر هەژار و کەم دەرامەت بوو، هیچ ناو و ناوبانگێکیشی نەبوو. مەملەکەتێکی هەژانشین و تەختێکی بێئەرزشی بنیادنابوو. بەم هەموو کەم و کوڕییەشەوە، بەخەسرەوپاشا بانگیان دەکرد و خۆیشی پاشایەتییەکەی لەباوکێوە بەمیرات بۆ گەڕابۆوە. پاش مردنی خەسرەوپاشا، پارچە زەوییە دێمەکارەکەی لەلایەن ئاغای گوندەکەیانەوە دەستی بەسەرداگیرا. چونکە لەبەرامبەر چەند هۆقەیەك ڕۆن و بیست ڕبە گەنمدا ڕەنت کرابوو و باریارپاشاش لەپاش مردنی باوکی، نەیتوانی ئەو قەرزە بداتەوە و سەرەنجام ئاغای دێ، لەجێگای قەرزەکەی خەسرەوپاشا، زەوتیکرد. ئیدی، ئەو

خاوەنی گەزێ زەوی نەبوو تاکو بتوانێت بەردەوامی بەژیانی خۆی و خانەوادەکەی لەلادێدا بدات. کۆچکردنەکەشی لەلادێوە بۆ ئەو شارۆچکەیە، هەر ئەوە هۆکارەکەی بوو.

باریارپاشا، بەم دامەزراندنەی لەکانی تابەلول، توانی بژێوی خێزانەکەی بۆ پلەی خۆشگوزەرانی بەرز بکاتەوە و لەپاش شەش ساڵیش خانویەکی شایستەی تێداژیانی کڕی.

پاشا، منداڵەکانی ناردبووە بەرخوێندن و هەوای هاوسەریشی بەکاروباری ماڵەوە سەرقاڵ بوو. ئەوان، سێ کچ و دوو کوڕیان هەبوو. ڕاهۆنی کوڕەگەورە و ڕانای کوڕەبچوك و لەنجەی کچەگەورە و لانەی کچە ناوەنجی و لاودێ ی کچە چوکەڵە.

ئەم خێزانە حەوت کەسییە، لەوپەڕی هەژارییەوە بۆ ئەوپەڕی خۆشگوزەرانی سەفەرێکی پڕ لەگۆڕانکارییان کرد. وێڕای ئەوەی پاشا لەکانی چیمەنتۆی تابەلول، لەهەشتی بەیانییەوە تاکو کاتژمێر چوواری ئێوارێ کاری دەکرد، پاشان، دەهاتەوە ماڵێ و بەو دوکانەوە خۆی سەرقاڵ دەکرد کە لە حەمەنوقڵەی کڕیبۆوە. بەمەش دەیتوانی کاری بەردەوام و دەستکەوتی هەمیشەیی هەبێت و پارە و پولێکی باش پاشەکەوت بکات. ئیدی بەرەو دەوڵەمەندی دەچوو و ژیانیشیان ڕۆژ بەڕۆژ خۆشتر و باشتر دەبوو.

پاشا، بێجگە لەهێلانەی خەمی منداڵەکانی، بەرپرسیاریەتی کۆشك و ئایندەی شانشینەکەشی کەوتبووە ئەستۆ و دەیوسیت لەڕێگای بوون بەبای وەشتەوە، بارانێکی بەردەوام و خوڕ، بۆ سەرزەمینەکەیان، دابکات. هەر بۆیە، بەتەواوی توانای عەقڵی و جەستەییەوە، بۆ بنیادنانی جیهانێکی لێوانلێو لەبەختەوەری و بەدەستهێنانی قەڵایەك لە کامەرانی و خاوەن پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، تاوی دەدایە خۆی و ئاراستەی بیرکردنەوەی ئەندامانی خێزانەکەشی بۆ ئەو شانشینە بێوێنەیە، تاودەدا.

هەرچەندە پاشا، بەبێ جیاوازی کردن، هاوکاری پێشکەش بە دانیشتووانی مەملەکەتەکەی دەکرد، لێ ڕاهۆنی کوڕەگەورەی کردبووە دەمڕاست و خاوەن دەسەڵات و پلەوپایەی بەرز. ئەمە، بەستەڵەکی فەرهەنگێك بوو، کە ئەو، نەیدەتوانی بیتوێنێتەوە. دەبوو، کوڕەگەورە، جێگر و فەرمانڕەوای پاش بابی بێت. بەومانایەی، میراتگر و جێگرەوەی باوکی دەبێت و لەپاش لێکەوتن، یان مردن و لەناوچوونی، جێگاکەی چۆڵ نەکات و دەسەڵاتی خێزانی، لەناو مەملەکەتەکەدا بگرێتە دەست. ئالێرەوە، ڕاهۆنی تازەپێگەیشتوو، بەبێ لێچۆڕینی ئاوی سوێری ماندوبوونی نێوچەوان، بەتاڵ لە خەمی سبەینێ و تەژی لە فەرهەنگی بەڕێوەبردنی مەملەکەتێکی ئاوا بەخشندە و ماندوو، دەسەڵاتی کەوتە دەست.

ڕاهۆن، گەنجێکی کراوە و ڕوقایم و لێزان بوو. زیرەك و خاوەنی بیرکردنەوەی چاك بوو. چاپوك و دەستکەرەوە و قسەخۆش بوو. بەردەوام دەیخوێندەوە و دەینوسی. ژووری تایبەتی لەماڵەوە بۆ پێکهێنرابوو و خواردن و خواردنەوەی تایبەت و بەتامیاندەدا. کینی[۷]

لەوەرزشی تۆپی پێ و جلی جوان و کەشخەیی و خۆڕازاندنەوە بوو. ئەو، تاکە کەس بوو لەشارۆچکەکەدا، بتوانێت ڕەوانبێژبێت. هەڵبەتە، ڕەوانبێژی هێندە ئاسان نەبوو، بەڵام بەهۆی خوێندنەوەی بەردەوام و شارەزاییەوە، توانی بووی لەلەبزی شیریندا جێگەپێیەك بۆخۆی بکاتەوە.

ڕاهۆن، لە قۆناخی دووناوەندیدا بوو، هەڤاڵەکانی، بۆ نوسینی نامەی خۆشەویستی پەنایان بۆ دەهێناو ئەویش، جوانترین و ڕازاوەترین نامەی بۆ دەنوسین. هەر ئەو نامانەی ڕەوانی قارەمانێتی دەبەخشییە عیشقە سرکە ترساوەکان و لەپاش وێستێك هەموو حەرامەکانی پێ وردوخاش دەکردن.

یەکێ لەوانەی کەلەو ڕۆژانەشدا نامەی بۆ نوسیبوو و لەژێر کاریگەری نامەکەیدا، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەخۆوە بینیبوو، "کاروانی کەرکەدەن" بوو. هەر لەو شێوە نامانەی کەلە ڕێگایەوە، ڕەخسانە عاشقی بوو. ڕاهۆن، تەنها ڕەوانبێژ نەبوو، بەڵکو لەنوسینیشدا ڕەوان و زاناو لێوەشاوە بوو. توانایەکی لەڕادە بەدەری لە ڕازاندنەوە و نوسینی نامەدا هەبوو. جوانترین و ناسکترین ووشەی عاشقانەی سەرنجڕاکێشی لەناو دێڕەکاندا بەکاردەهێنا. شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانی تێکەڵ و پێکەڵ دەکرد و وەکو هەویر دەیشێلا و پاشان پەیکەرێکی نوێی لێ دروست دەکردن.

کچەلاوەکانی ئەوێ ڕۆژێ، نەیاندەتوانی خۆیان لەبەردەم تەوژمی ووشەکانیدا بگرن. ئەو، بەو نامە ڕازاوە و قەشەنگانەی خۆی،



دەیخستنە ناو خەرەندێکی هەزاربەهەزاری خەیاڵەوە. ئەوان، لەبەرامبەر وشەکانیدا دەبوونە هەویر و خۆیان بۆ کورە شێتەکانی سۆزی لاوی، لە چاوبازێنەوە تاکو ماچی کوڵمەئاڵەکانیان و تەنانەت یاریکردن بە مەمکە توند و تۆڵەکانیان، بەدەستەوە دەدا.

کاروانی کەرکەدەن، لاوێکی ڕەشتاڵەی بەخۆوە بوو. ورگێکی دەرپەڕیوی هەبوو. لوتێکی گەورەی کەمێك چەماوە و ناوچەوانێکی قۆقز و جوتێك چاوی ڕەشی بەقوڵاچوو و دەم و لچێکی پانی ئەستور و ڕومەتەکانی کونج کونج بوون. بەسیمایدا تەواو لەکەرکەدەن دەچوو. هەربۆیە ئەو ناوەیان لێ نابوو. تەنانەت ڕۆژێکیان یەکێ لە هاوڕێکانیان هەر بۆ پێکەنین و گاڵتەپێکردن بە کاراوانی کەرکەدەن، وتی" من لەوباوەڕەدام، کەرکەدەن، لەداخی کاروانی خۆمان، ژیانی لەگەڵ مرۆڤدا بەجێ هێشتووە و بڕیاریداوە ئیتر لەناو جەنگەڵدابژی". ئەمەش، کاروانی تەواو کەللەیی کرد و پەلاماریدا و بەمستەکۆڵەیەك دەم و لوتی بەخوێن سوور کرد.

کاروانی کەرکەدەن، لەخێزانێکی مامناوەندی بوو. گەنجێکی شەڕخواز و بەهەڵپەبوو. بەوەی کە بەخۆوە بوو، لەکاتی شەڕەکانیدا مستەکانی بەهێز و کاریگەر بوون. بەمەش، توانیبووی وەکو کەسێکی بەتوانا لەجەنگی ڕوبەڕوبوونەوەدا، دەربکەوێت.

" کاروانی کەرکەدەن"، نەیتوانی خوێندن تەواو بکات. ئەویش بەهۆی نوسینی ئەو نامەیەوە بوو کە ڕاهۆن بۆی نوسیبوو و ئەویش

دابوویە دەستی" سورێی سێوێ". ئەو نامەیە، تاکە هۆکاری تەواونەکردنی قوتابخانەی بوو .

ڕاهۆن و کەرکەدەن، لەگەڵ " سورێ"دا هاوپۆل بوون. " کاروانی کەرکەدەن"، شێت و شەیدای "سورێی سێوێ" ببوو. داوای لەڕاهۆن کرد تاکو نامەیەکی بۆبنوسێت. ئەویش، بەبێ سێ و دوو لێکردن ووتی، باشە.

شەوێ، لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپە نارنجیەکەی ژورەکەیدا، نامەیەکی پڕ لەهەست و سۆزی خۆشەویستی و عاشقانەی، لەجیاتی کەرکەدەن، بۆ سورێ نوسی. لێوانلێوی کرد لە ووشەی سوێبەرەوە و دێوانەیی و مەعشوقەیی. ئیدی هەر مەپرسە چی تێدا نوسیبوو! تەنانەت لەنامەکەدا نوسیبووی" ئەگەر بەتۆ نەگەم، ئەوا دڵنیابە خۆکوشتنم دەبینیت". نامەکەشی بە شیعرێکی هەویریی شاعیرانی کلاسیکی، کۆتایی پێ هێنابوو .

ڕاهۆن، لە قوتابخانە، نامەکەی دایە دەستی کەرکەدەن. ئەویش لەکاتی پشووی وانەی سێیەمدا، بەهەزار ترسەترس و لەرزەلەرز، نامەکەی دا بە سورێ. سورێ، بەبێ ئەوەی بزانێت چی تێدا نوسراوە و بۆ چ مەبەستێکە، نامەکەی وەرگرت و بزەیەکی پڕ لەناز و دڵڕفێنیشی ئاراستە کرد.

ئەوان، لاوە بێناز و بێکار و هەڵبڕاوەکانی ئاوێزانی ئەم سەردەمە،



گەنجەکانی ئەو سێ چووار گەڕەکەی بەدەم یەکەوە بوون، هەموو

پاش نیوەڕوانێك کەلە قوتابخانە دەهاتنەوە، لەبەردەم دوکانەکەی " پاشا" دا کۆدەبوونەوە و لەهەزار ئاشیان دەکرد. ئەوان، کەجێگایەکی دیان بۆ دانیشتن و کۆبوونەوە شك نەدەبرد، بەناچاری لەوێدا کۆدەبوونەوە.

ئەورۆژە، ئاکۆخوار، بەشانە خوارەکەیەوە و بەدەم لوشمەلوشمی هەناسەیەوە، هەر لەدوورەوە و پێش ئەوەی بگاتە لایان، وتی " بیستوتانە؟". ئەوان، نەیانزانی مەبەستی چییە، بۆیە هیچیان نەوت. گەیشتە لایان و بەدەنگە گڕەکەی خۆی دووبارەی کردەوە و وتی "نەتانبیستووە؟". ئەوانیش هەموو، وتیان" نازانین! چیمان بیستبێت؟ ."ئەویش، وەکو ئەوەی نهێنیەکی گەورەی لەلابێت و سامانێکی گەورەی بازرگانی، بەخۆڕایی بەسەریاندا دابەش بکات، وتی" من، ئەمەتان پێدەڵێم بۆ ئەوەی هەمووتان بزانن. بەڵام، مەڵێن ئەو وتی". ئەو، هیچ لەسەر وەڵامەکەی ئەوان نەوەستا و درێژەی دایە" ئەمڕۆ، کاروانی کەرکەدەن، سورێی سێوێی ماچ کردووە."

هەموو، بەم هەواڵە لەپڕ و جێگەی باوەڕنەکردنە، ئەبڵەق بوون! کەسیان باوەڕیان بەم قسەیە نەدەکرد. هەموو، دەیانزانی کەرکەدەن بەهۆی ناشیرینیەکەیەوە، تاکو ئێستا هیچ کچێك خۆشی نەویستووە. چما سورێ! سورێ، بەو هەموو جوانیەوە چۆن حەز لە کەرکەدەن دەکات و ماچیشی دەداتێ؟. ئەی کێ ئەمەی بینیوە و

چۆن و کەی ڕوویداوە؟.

ئەم پرسیارگەلەی ئەوان، وەڵامی خێراو دەستبەجێی هەبوو لەلای ئاکۆخوارەوە. ئەو، وتی" ئەمڕۆ، لەقوتابخانە، کەرکەدەن، نامەیەکی داوە بەسورێ و ئەویش، نامەکەی لێ وەرگرتووە و بۆی پێکەنیوە".

ئیدی، ڕاهۆن، بیری کەوتەوە کە ئەو، نامەکەی نوسیوە، لێ بەسەر خۆی نەهێناو پرسیی" ئەی پێمان ناڵێیت، چۆن و کەی و لەکوێ ماچی کردووە"؟

ئاکۆخوار، شانە خوار و داکەوتوەکەی، کەلەزکماکەوە وابوو، نەختێك ڕاست کردەوەو وتی" ئەڵێن، هەر پاش ئەوەی سورێ، پێکەنیوە، سەری لارکردۆتەوە بۆ کەرکەدەن و ئەویش ماچی کردووە".

ئەم هەواڵە، وەکو ڕەشەبا، تەواوی ماڵەکانی لە شارۆچکەکەدا گرتەوە. تەنانەت کە ئێوارێ، هەڤاڵەکانی خۆی بەجێ هێشت و ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە، هەر لەڕێوە دایکی لێی پرسی" ئەرێ، بەڕاست! ئەو هەواڵەی کچەکەی سێوێت بیستووە؟. ئەڵێن؛ ماچ کراوە؟". ئەویش بەهێواشی وتی "بەڵێ، بیستومە".

بۆ سبەینێ، ئەم هەواڵە تەواوی قوتابخانەی گرتەوە. گەیشتە مامۆستاکان و ئەوانیش کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکەدا سازدا. ڕاهۆن و هەڤاڵە خوێندکارەکانی، لەدەمی مام



فەرەجی فەڕاشەوە بیستیان کە بەڕێوەبەر زۆر توڕەبووە و لەکاتی قسەکردنیدا، پێنوسێکی بەدەستەوە بووە. هێندەی لەتوڕەییاندا وشیوە، پێنوسەکە، لەناو دەستیدا شکاوە. هەر لەوێشدا، بڕیاری دەرکردن و دوورخستنەوەی کەرکەدەنی لە خوێندنگا، نوسیوە و بەئیمزای هەموو مامۆستاکان و مۆری بەڕێوەبەرایەتییەوە، خوێندۆتەوە.

هەواڵی ماچەکەی کەرکەدەن، گەیشتە ناو خێزانەکەی سورێ و کۆبوونەوەیەکیان بەتەواوی خزم و کەس و کارەکەیان کردو بڕیاریاندا" یان کوشتنی هەردوکیان، یان دەبێت لەزوترین کاتدا لەیەکدیان مارەبکەن".

بەڵێ، ماچەکەی کەرکەدەن ئەو سنورە خێزانیانەی بەزاندبوو کە بۆ چەندین سەدە بوو هیچ بونەوەرێکی لێ نەژیابوو. لەو دەمەوەی کە هۆخشتەر بۆ ڕاو و شکار دەچووە ئەوێندەر و فەرمانی دروستکردنی باخچە هەڵواسراوەکانی بۆ کچە تاقانەکەی لە پاشای بابل دەکرد، هیچ کەسێکی دی، ئەو سنورانەی نەبڕی بوو. بەپێی دەنگوباسەکانیش، کەرکەدەن و سورێ، سەفەرێکی بن سێبەری ئەو باخچانەیان کردبوو. لە یاسا تازەگەرەکاندا، هەرکچ و کوڕێك، بەژێر سێبەری ئەو باخانەدا بڕۆن، ئەوا سزا دەدرێن.

یەك هەفتە پاش بڵاوبوونەوەی دەنگوباسەکە، لەگوندی بەڕوانە، کە سیانزە کیلۆمەتر لە شارۆچکەکەی ئەوانەوە دووربوو. ڕزە شوان،

لەسەر سەکۆی مزگەوتەکەیان و لەبەردەم زۆربەی ئەوانەی هاتبوون بۆ نوێژ، بەگۆڕی دایکی سوێندی خواردبوو کە بەچاوی خۆی کەرکەدەنی بینیوە، سورێی ماچ کردووە.

شۆفێرێك، تایەی ئۆتۆمبێلەکەی پەنچەر ببوو و لایدابووە لای پەنچەرچیەکی شارۆچکەکە. لەوێ بە پەنچەرچیەکەی وتبوو" ژنەکەم لەدادگا کاردەکات و پارێزەرە. بڕیاریداوە بەرگریان لێبکات و لەسەر مافەکانی ئەو دوو عاشقە بێتە گۆ".

کۆنەمستەشارێك، بەپشتی پیکابەکەی نۆ چەکی کلاشینکۆفی هێنا و بەخشییە باوکی کەرکەدەن بۆ بەرگریکردن لەخۆی.

ڕێکخراوێکی کوردیی مافی مرۆڤ لە ئەوروپا، لەماوەی یەك هەفتەدا هەشت بەیاننامەی لەسەر ماچەکەی کەرکەدەن دەرکرد.

ڕاهۆن، جوانترین شیعری هەویریی کلاسیکی بۆ ئەو ماچە نوسی و بەدیواری دەرەوەی قوتابخانەکەوە و لەتەنیشت دەرگا سێ تاکییەکەی، هەڵیواسی.

بەرپرسێکی حیزبی، نامەیەکی دوور و درێژی پشتگیری لە کەرکەدەن نوسی و ناردی بۆ سەروی خۆی.

یەکێك لەتەزویرچیەکانی ناو بازاڕ، بڕوانامەیەکی ساختەی پێشکەش بە کەرکەدەن کرد و گرەنتی دامەزراندنی وەکو



فەرمانبەرێکی حکومی پێدا.

کەرکەدەن و سورێ، لەقوتابخانە دوورکەوتنەوە و پاش یەك مانگ، بەبێ هیچ داوەتکردنێکی خەڵك و شەکراوبەخشینەوە و زەماوەند، لەیەکدیان مارەکردن و هەمان ڕۆژیش هاوسەرگیریانکرد. ئیدی، ئەم نامەیە بووە هۆی ئەو هاوسەرگیریەی کە هەمیشە کەرکەدەن خۆی پێوە بادەدا و دەیوت" لەجوانترین کچەکانی ئەم ناوچەیەم کرد بە هاوسەری خۆم ."بەڵام، کەرکەدەن، هەمیشە خۆی بەقەرزارباری ڕاهۆن دەزانی و لەبەردەم داواکاریەکانیدا، چۆکی دادەدا و بەبێ سێ و دوو لێکردن ئەنجامی دەدان.

ڕاهۆن، دوواناوەندی بەجێ هێشت و چووە یەکێ لە زانکۆکانی پایتەخت. شوناسێکی لەشارۆچکەکەی خۆیاندا هەبوو، ناوی "سیروانی دەلال" بوو. ئەو، نوسەرێکی لێوەشاوەی پڕ زانیاری بوو. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرابوو و لەزانکۆیەکی ئەمریکیدا خوێندبووی. ئەو، کۆمەڵناسێکی بەتوانابوو. خاوەنی چەندین پەرتوکی نایاب بوو. لەڕۆژنامە بیانیەکاندا بەرهەمەکانی بڵاودەکردەوە. لێکۆڵینەوەی پڕبایەخی پێشکەش بە جیهانی ئەم سەردەمە دەکرد. بێجگە لەمانەش، لە ڕۆژنامەیەکی حیزبیشدا گۆشەیەکی تایبەتی هەبوو و هەموو پێنجشەمانێك دەینوسی. چووبووە پایتەخت و لەوێ لەژوورێکدا بەتەنها دەژیا. کاتێك کە ڕاهۆن چووە پایتەخت بۆ خوێندن، سیروانی دەلال، بۆ هاوکاریکردنی ڕاهۆن، بردییە لای خۆی و بەمەش کرێی نیشتەجێبوونی لەکۆڵ ببۆوە و ئەو بڕەپارەیەی

لەڕێگای دیدا خەرج دەکرد.

ڕاهۆن، لەڕێگای سیروانی دەلالەوە، لەماوەیەکی کورتدا، چەند وتارێکی تایبەت بەبوواری خزمەتگوزاری و پلەی پێشکەوتنی زانکۆکان، لە ڕۆژنامەیەکی حیزبیدا، بڵاوکردەوە. بەمەش، توانیی ڕێگایەك بۆ ئاینده بکاتەوە کە تێیدا ئەسپی بیرکردنەوە خێراکانی تێدا تاو بدات و سەرەتایەك بۆ خۆقایمکردن لەناو ڕۆشنبیر و خوێنەرەکاندا بەدەست بهێنێت. هەر لەو ڕێگایەشەوە، توانی خۆی بۆ سبەینێیەکی ڕوناك، پەروەردە بکات. هەر ئەو سبەینێیەی کەخۆرتێیدا بەتەوقی ئاسمانەوە دەنوسێت و ناهێڵێت ئاوابێت. سبەینێیەك، ڕوناکیی لە کەلێنە بچوکەکانی کەڵەکێکی بەردینەوە بەدەست دەهێنا، کەتێیدا کەڵەك، وەك دیاردەیەك، خۆی دەکوتایە ناو گوژمی شۆڕبوونەوە بۆ ناوەندی هەموو جوانییەکان و ئیدی دەبووە ڕەوشتی ناسینەوە و ڕەوشەنی پیاداهەڵدان و هاتوهوتی سەماکەرەکانی بەردەم کارخانەی پیاوە مەزنە دروستکراوەکان. هەر ئەو پیاوانەی، لەئەنجامی کۆی کەڵەکەکانی ئەو سبەینێیەوە بەرهەم دەهێنران، کەلەبەرژەوەندیە کەڵەکەکراوەکانی کۆمەڵێك ڕوشت کەڵەکەوە دەبوونە پیاو. دەبوونە پیاوگەلێکی خواپێداو. چەردەیەك خواپێداوی لەناو کەڵەکدا ژیاو. ژیانێکی لێوانلێو لەکەڵەك.

ڕۆژنامە حیزبییەکان، بەکۆمەڵ، باوەشیان بۆ بابەتە پڕ لەووشە تازە سازەکانی ڕاهۆن کردەوە. هەندێکیان، لەکون و قوژبنی هەرە



داوێنی دێڕەکانەوە بۆ ووشەی سەرنجڕاکێش دەگەڕان و دەیانهێناو دەیانکردە مانشێتی سەرەوەی ڕۆژنامەکەیان. هەندێکی تر کە دەمێ بوو خوێنەرەکانیان لەلایەن دەستەیەکی ترەوە و لەگۆڤار و ڕۆژنامەیەکی تردا هاوێر کرابوون، بەهۆی بڵاوکردنەوەی بابەتە سەرنجڕاکێشەکانی ڕاهۆنەوە، گرێی بەفەقیانە بەستروای بەختیان بۆ کرابۆوە و فڕکان فڕکانی فرۆشیان بوو.

ڕاهۆن لەماوەی تەنها یەك ساڵدا، سەدان وتار و ڕیپۆرتاژی جواراوجۆری نوسی و بڵاوی کردەوە. چەندین ڕەخنەی وروژێنەری لە حکومەت گرت و دەیان پێشنیاری ئاراستەی سەرۆك کرد. بەمەش، بووە باشترین سوارچاکی بوواری ڕەخنەگرتنی سیاسی و بەنوسەر و ڕۆژنامەنوسێکی بوێری سەردەمیانەی تازەپێگەیشتوو، ناوی دەرکرد.

لەولاشەوە، کەرکەدەن، لەپاش هاوسەرگیرییەکەی، ببووە پیاوێکی ناودار. ئەو، پەیوەندی کردبوو بە یەکێ لە حیزبەکانەوە و لەپاش ماوەیەکی کەم، ببووە یەکێ لە پیاوە ناسراوە ئازاکان. ئاستێکی کاریگەری لە شەڕە ناوخۆییەکاندا بینیبوو. بەم هۆیەشەوە، حیزب، جێگایەکی گرنگیان بۆ تەرخان کردبوو و لەزۆربەی جێگا باڵاکانی حیزب و حکومەتدا دەستی دەڕۆیشت و قسەی دەیخوارد. هەڵبەتە کەرکەدەن وێڕای ئەوەی دەستکەرەوە و بەهەڵمەت و نەترس بوو، لەچنینەوەی زانیاریشدا دەربارەی تەواوی ئەوانەی لە حیزب و حکومەتدابوون، چوست و چالاك بوو. ئەو، ئاگاداری تەواوی وردەکاری ڕوداوەکانی ڕۆژ بوو. دەیزانی چی دەگوزەرێ لەناو دەزگا

حکومی و حیزبیەکاندا.

کەرکەدەن، بۆ ئەو مەبەستە، ڕایەڵەیەکی ڕێکخراوەیی سیخوڕی، لەناو حیزبدا، بە نهێنی پێکهێنابوو. تەنانەت زۆرێك لەپاسەوانەکانی سەرۆك سەربە ڕایەڵەکەی ئەو بوون.

لەسەردەمی جەنگی " زین" دا، ئەودەم کەرکەدەن، بەرپرسی شانەیەکی بچوکی دەزگایەکی هەواڵگریی حیزب بوو. بەهۆی ئاشکراکردنی نەخشەی ڕفاندنی بەرپرسێکی حیزبی، لەلایەن دەستەیەکی نهێنیی حیزبێکی ترەوە. کەویستبوویان ئەو بەرپرسە حیزبییە بڕفێنن و لەئەنجامیشدا بێسەروشوێنی بکەن و پاشان بیکوژن. ببووە پاڵەوان و کەسێکی ناودار.

شەڕی "زین" لەڕاستیدا، هەندێك پێیان وابوو، کە لە شەڕی " زینی ئەسپەشێ" وە هاتووە. ووشەی ئەسپەشێیان لێ لابردبوو و تەنها زینەکەیان هێشتبۆوە. ئەوان دەیانگوت" گوایە کورتانێك، هۆکاری هەڵگیرسانی ئەو شەڕە بووە کە ماوەی (10) ساڵی خایاند. حیزبەکان، بۆ بەرزڕاگرتن و بەیاساییکردنی شەڕەکە، ناوی کورتانەکەیان گۆڕی بۆ " زین". " زین" دەخرێتە سەر ئەسپ و ماین و بۆ دانیشتن و سوواربوون لەسەری، بەکار دەهێنرێت. " کورتان" یش، دەخرێتە سەر گوێدرێژ و بۆ بارکردن بەکار دەهێنرێت. هەڵبەتە ئەمە بۆ ئەوەیە کە جەستەی گوێدرێژەکە بریندار نەبێت و بارەکەش بە مەحکەم بەپشتی گوێدرێژەکەوە شەتەك بدرێت و نەکەوێت.



هەڵبەتە، ئەوان دەیانگوت" لەسنووری وڵاتانی دراوسێوە، کاڵا دەهێنرایە ئەمدیو و بەپێچەوانەشەوە. کاڵاکان، تاکو دەگەیشتە ئەودیو یان ئەم دیو سنوور بەسێ خاڵی پشکنیندا گوزەری دەکرد. خاڵی یەکەم، دەیانپشکنی و دەیانژمارد و بەبڕێك پارە دەیانخەملاند. خاڵی دووەم، پارە خەملێنراوەکەیان وەردەگرت. خاڵی سێیەم، تەنها بۆ دڵنیایی بوو لەجۆری بارەکە و چەندیی پارەباجکراوەکە. کابرایەك، کۆمەڵێك کورتانی زۆر دەهێنێت و نایەوێت باج بدات. ئەمەش بەو بیانووەی کە سەر بە حیزبێکی دەستڕۆیشتوو و خاوەن هێزە. کابرای باج وەرگریش سەر بەحیزبەکەی ئەو نابێت و پێی دەڵێت" هیچ کەسێك بەبێ باجدان، ناتوانێت لێرەوە بڕوات. ئەگەر باج نەدەیت، ئەوا ڕێگات نادەم بڕۆیت و لەم خاڵی گومرگەوە ڕەت ببیت ."کابراش، بەناچاری بەخۆی و کورتانەکانییەوە دەگەڕێتەوە".

لەسەر زاری کەرکەدەنەوە بڵاوکرابۆوە کە کابرای کورتان، دەچێتە مۆڵگەیەکی حیزبەکەی خۆی کەلەو خاڵە سنورییەوە نزیك دەبێت. تورە دەبێت و دەڵێت" بەڕاستی ئەمە تەعداکردنە لە حیزبەکەمان!. پێویستە قبوڵی نەکەین و هێرشیان بۆ بکەین و هەموویان بکوژین."

کەرکەدەن گوتبووی" ئەو بەرپرسەی لەوێ بووە، کەوتووتە داوی هەڵەیەکی کوشندەوە. لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی کابرای کورتاندا، بەبێ تێفکرین و لێکۆڵینەوە، نزیکەی هەزار پێشمەرگە کۆدەکاتەوە و بە هەموو جۆرە چەکی قورس و سوك، هەڵدەکوتێتە سەر بنکە

گومرگیەکە و چل و سێ کەسیان لێ دەکوژن.

ئیدی شەڕی کورتان، دەستی پێکرد و تەواوی ئەم وولاتەی گرتەوە. هەزاران کەس کوژران و ماڵوێران بوون. لەپاش پێنج ساڵی یەکەمی شەڕەکە، حیزبە بەشداربووەکانی شەڕی کورتان، کە دوو بەرە بوون و لە دەیان حیزب پێك دەهاتن، کۆبوونەوەیەکی نهێنییان کرد و ناوی شەڕەکەیان، لەکورتانەوە گۆڕی بۆ زین.

حیزبێکی ئاینی ئەو سەردەمە، لەخیتابەکانیاندا دەیانگوت" کەگوایە ناوی شەڕی زین، لە زەینەلعابدینەوە هاتووە". ئەمانە لە بەیانێکی حیزبییاندا کەدەریان کردبوو، نوسیبوویان" لەدەمی سنوری ئیبراهیم خەلیل، خواناسێك، بەناوی زەینەلعابدین، کەکاسبکارێکی بەویژدان و خێرخوازێکی بێوێنە بووە. کۆمەڵێك شتومەك دێنێتە ئەم دیو بۆ کارێکی خێرخوازی و دەیەوێت بیداتە هەژاران و هەتیوەکانی ئەم نیشتیمانە. بەڵام لەوێ، پیاوەکانی گومرگ، ڕێگای پێنادەن بیهێنێتە ناوەوە و لەبەرامبەر ڕێگەپێدانیدا داوای پارەیەکی خەیاڵی لێ دەکەن. لەکاتێکدا کە زەینەلعابدینی خواناس و خێرخواز، ئەو بڕەپارەیەی پێ نابێت و هەر لەوێدا لەداخی ئەوان خۆی دەکوژێت. لەم کاتەدا چەند براو خوشکێکی خواناس بەو شێوە زەلیلییە دەیبینن، دەست دەکەن بە آڵڵە و اکبر و دەبێتە شەڕ".

ئیدی لەلای ئەوان تەواو چوارچێوەیەکی ئاینی وەرگرتبوو و بەشەڕی



پیرۆز ناوزەدیان دەکرد. بێجگەلەمەش، وتەیەکی پەیامبەری ئاینەکەی خۆیان بۆ داتاشی بوو کە کەس نەیدەزانی لەکوێندەریان ڕاهێنابوو. وتە داتاشراوەکە، بەم شێوەیە بوو" لەڕۆژی کۆتاییدا، شەهیدانی شەڕی زین، لەپێشەوەی شەهیدەکانی دیدا، پاداشتیان دەدرێتەوە".

هەندێکی تر کە بریتی بوون لە نوسەران و ڕۆشنبیران، ئەوان، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەهلیەکاندا، بە شەڕی خاتو زین، ناویان دەهێنا و دەیانگوت" خاتو زین، کچێکی ژیکەڵەی خوێندکار بووە و حەزی لەکوڕێکی هاوەڵی خۆی کردووە. کاتێك کە مامەکانی بەمە دەزانن، دەیگرن و دەیکوژن. ئیدی کوڕەی هاوەڵی، کەسەر بە حیزبی سەرۆك بووە، نەعرەتەی قارەمانێتی دەکێشێت و لەگەڵ چەند چەکدارێکی حیزبەکەی سەرۆکدا، دوو مامی کچەکە دەکوژن. لەمەوە، خزمانی کچە کە سەر بە حیزبەکەی دوژمنی سەرۆك دەبن، پەنا دەبەنە بەر حیزبەکەی خۆیان و ئەوانیش دێن و کوڕەکە و دوو چەکداری حیزبەکەی سەرۆك دەکوژن. ئیدی لەوێوە هەردوو حیزب تێك بەردەبن و ئەو شەڕە خوێناویەی لێ دروست دەبێت".

کەرکەدەن، پاش ئەم چالاکییە نەبەردە، بوو بە بەرپرسێکی گەورەی ناو حیزب و دەزگایەکی سیخوڕی بەسەرۆکایەتی شامار، دامەزراند. تاکو وای لێهات، بووە بەرپرسی دیوانی چاودێری سەرۆك و ڕاویژکاری سێیەمی. بەمەش بووە کەسە نزیك و خۆشەویست و باوەڕپێکراوەکانی سەرۆك.

شامار، سەرۆك و سەرپەرشتیاریی تەواوی ڕایەڵەكانی ڕێكخراوەكەی دەكرد. شامار، یەكێك بوو لەو گیانبەخشانەی لەكاتی ئەنجامدانی هێرشە خۆكوژییەكەی بەردەم " سەرەگا" قوتاری ببوو. ئەو هێرشەی لەلایەن ئەندامی یەكێ لە حیزبە ئیسلامیەكانەوە ئەنجام درا.

ماوەیەك بوو دەنگۆی ئەوە هەبوو كە حیزبێكی ئیسلامی توندڕەو، دەیەوێت " سەرەگا" بتەقێنێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش، حیزبەدەسەڵاتدارەكان، كۆمەڵێك خۆبەخشیان كردبووە پاسەوانی. ئەم خۆبەخشانە لەو كەسانە بوون كەلەپێناوی خودادا و بەخۆڕایی و بەخۆبەخش، خزمەتیان بە شوێنە پیرۆزەكان دەكرد. " سەرەگا"، جێگەیەكی پیرۆزی ئاینیی دێرین بوو. ڕۆژانە دەیان كەس ڕووی تێدەكرد و لەجەژنی قوربانیشدا، هەزاران كەس دەهاتنە سەردانی و سەدان سەرمەڕ و مانگا و بزنیان تێدا سەردەبڕی و دەیانكرد بە قوربانی .بەهۆی ئەم قەرەباڵخیە زۆرەشەوە، ئەو حیزبە دەیویست چالاكیەكەی خۆی لەوێدا ئەنجام بدات و تەواوی ئەو خەڵكە هەڵپیتێنێ. بۆیە، خۆكوژێكی ناردبوو، تاكو لەناوەڕاستی خەڵكەكەدا و لەناو مەنزڵگاكەدا خۆی بتەقێنێتەوە.

خۆبەخشەكان، لەڕێگای ڕایەڵەكەی كەركەدەنەوە زانیاریان پێدرابوو كە كارەساتێكی لەو چەشنە ڕەنگی ڕودانی هەس. بۆیە كەوتبوونە خۆیان و دەستیان كردبوو بە پشكنینی خەڵكەكە. لەئەنجامدا، لاوێكی تازەپێگەیشتوویان دۆزیبووەوە كە تەواوی جەستەی خۆی بۆمبڕێژ كردبوو. ئەوانیش، پەلاماری دەدەن و دەیگرن



و بەرەو بۆشاییەكی چۆڵ پەلكێشی دەكەن. لەوێ، بۆمبەكە دەتەقێنێتەوە و تەواوی خۆبەخشەكان كە ژمارەیان 23 كەس بوو، بێجگە لە شامار، هەموویان تێدا چوون.

ئیدی پاش ئەو ڕووداوە، شامار پەیوەندی دەكات بە كەركەدەنەوە و لەماوەی تەنها دوو ساڵدا، دەبێتە باوەڕپێكراوی كەركەدەن و ئەویش دەیكات بە سەرۆك و سەرپەرشتیاری ڕایەڵە سیخوڕییەكەی.

شامار، سەرپەرشتیارێكی بلەوەز نەبوو. بەڵكو، چوست و چالاك و زیتەڵەبوو. فێڵباز و قسەزان بوو. زمانشیرین و دەم بە پێكەنین بوو. بەردەوام پەرتوك و ڕۆژنامە و گۆڤاری دەخوێندەوە. شارەزاییەكی تەواوی لە زمانی فارسی و عەرەبی و توركیدا هەبوو. ئەو، ڕاهۆنی بە مامۆستا بانگ دەكرد. لەبەرامبەریدا، دەستی بەسینگیەوە دەگرت و وەها خۆی نیشان دەدا، كە ڕێزێكی بێپایانی لێ دەگرێت.

سیروانی دەلال، ڕۆژێكیان بەڕاهۆنی ووت" ڕاهۆن، هەنوكە، تۆ بویتە ڕۆژنامەنوسێكی دیار. دڵنیام لەئایندەدا پلەوپایەی كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و سیاسی خۆت دەبێت. ئومێدەوارم بەردەوام بیت و سڵ لەهیچ بەربەستێك نەكەیتەوە. بەلاڕێی نەزۆكی خۆدزینەوە لەمافەكانی خەڵكدا نەڕۆیت. ئەگەر ئەمەت كرد، ئەوا تۆ هەرگیز نامریت".

بۆ تاوێك، سیروانی دەلال، وێستێكی كرد و هەناسەیەكی قوڵی هەڵمژی و وتی" بەندە، پرۆژەیەكم هەیە و لەم نیشتیمانی

سەرزەمینەی سیاسییەکانی ئێمەدا، ئەگەر بەرپرسێك نەکەیتە پشتیوانی خۆت و لەڕێگەیەوە هەوڵ بۆ کارەکانت نەدەیت، ئەوا ناتوانیت هیچ بەهیچ بکەیت. تۆش لەگەڵ کەرکەدەندا هاوەڵیت و گوێت بۆ دەگرێت و بەقسەت دەکات. بۆیە، داوات لێ دەکەم پشتیوانیی ئەوم بۆ مسۆگەر بکە".

سیروانی دەلال"، دەیزانی " کاروانی کەرکەدەن" پێگەیەکی باشی هەیە و جەماوەرێکی زۆر لەدەوری فوارەیان داوە، بۆیە دەیویست لەڕێگای کەرکەدەنەوە کارئاسانی بۆبکرێت و مەڵبەندێکی توێژینەوەی زانستی لەو شارۆچکە زەردهەڵگەڕاوەی خۆیاندا بکاتەوە.

بەڵێ، کەرکەدەن، تاکە کەسێك بوو کە دەیتوانی ئەم نیازەی " سیروانی دەلال" بهێنێتە دی. ڕاهۆنیش، نەدەبوو ڕاستەوخۆ پێی بناسێنێت. چونکە دەیزانی هەر داواکاریەك لەکەرکەدەن بکات، ئەوا جێبەجێی دەکات. خۆ ئەگەر " سیروانی دەلال" لەڕێگای ئەوەوە کارەگەی بگاتە کەرکەدەن، ئەوا نانبڕاو و جێگە لێگیراو دەبێت. بۆیە بڕیاریدا داواکاریەکە بەشێوەیەکی تر ئاراستەی " کەرکەدەن" بکات.

ڕاهۆن، نەیدەویست ئەو نوسەرە بەتوانایە لێی زویر بێت، یان هەست پێبکات کە ئەو هۆکاری شکستەکەیەتی. بۆیە بەناچاری بڕیاریدا، بۆ ئەو مەبەستە، دیدەنیی کەرکەدەن بکات.



ڕاهۆن، لەگەڕانەوەیدا بۆ پشووی نەورۆزی ئەو ساڵە، چووەوە سارۆچکەکەی خۆیان و پاش یەك ڕۆژ، بەرەو ماڵی کەرکەدەن، لەبەردەم دوکانەکەی پاشای باوکییەوە، بەپێ، بەرە و ماڵی کەرکەدەن کەوتە ڕێ. شاماری لە نیوەی ڕێگا بوو بەتوشەوە و ئۆتۆمبێلە جام ڕەشەکەی لەتەنیشتیدا ڕاگرت و فەرمووی لێکرد بۆ سواربوون. ئەویش سواربوو.

گەیشتنە ماڵی کەرکەدەن و لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزین. شامار، وەپێشی کەوت و چوونە ژوورەوە.

کەرکەدەن، لەژورێکی تر بوو. هەر کە هەواڵی هاتنی ڕاهۆنیان پێڕاگەیاند، ڕاستەوڕاست هاتە ئەو ژوورەی ئەوی تێدا دانیشتبوو و بەگەرمی دەستی گوشی و خۆشهاتنێکی گەرم و گوڕی لێکرد.

هەرچەندە ئەم هاتنەی بۆلای کەرکەدەن، تایبەت و گرنگ بوو، بەڵام وا خۆی نیشان نەدا. بۆیە بەساردیەکەوە ووتی" هاتووم، کارێکم پێتە". ئەویش، لەسەر قەنەفە تاکەکە، خۆی نەختێك بزاوت و ووتی" فەرموو مامۆستا ڕاهۆن، هەرچییەك بەمن بکرێت بۆت دەکرۆسمەوە."

ئەم کرۆسینەوەیەی کەرکەدەن بەڕاستی بوو. بۆیە ترسی لە بەجێنەهێنانی نەبوو.

بەدەم یاریکردن بە تەسبێحە ئەبڵەقەکەی دەستیەوە، ووتی " تۆ، سیروانی دەلال دەناسیت و دەشزانیت چەند بەتوانا و بلیمەتە!".

کەرکەدەن، وەکو ئەوەی بیربکاتەوە، نەختێك وەستا و ووتی"بەڵێ، دەیناسم و دەزانم. ئەم سیروانی دەلالە پەیوەندی بەمنەوە چییە؟."

بەبێ ئەوەی کەرکەدەن لەچاوەڕوانیدا بهێڵێتەوە ووتی" سیروانی دەلال، نوسەرێکی بەتوانا و ناودارە. پێویست ناکات خۆتی لێوە بەدوور بگریت. ئەو، کوڕی ئەم شارۆچکەیەیە و هەنوکەش یەکێکە لە پسپۆڕە ناوازەکانی کورد لەبوواری توێژینەوەدا. دەیەوێت کارێکی بەسوود بۆ ئەم ناوچەیە ئەنجام بدات. بۆ ئەو مەبەستەش، داوای لەمن کردووە کە بەتۆ بڵێم، تاکو پشتگیری بکەیت. تۆش، من دەناسیت. نامەوێت کەس ببێتە بەربەست لەبەردەم کارەکانمدا. دەمەوێت، هەر لەڕێگای خۆتەوە کارەکەی لێ تێك بدەیت."

کەرکەدەن، بەتەواوی لەمەبەستی تێگەیشت. بۆیە یەکسەر ووتی" زۆر باشە، بینێرە و منیش دەیدەمە دەستی حەمە گوێبڕ."

هەرچەندە، هیچ کەسێك بەو ناوەوە نەبوو، بەڵام لەمەبەستی کەرکەدەن گەیشت. ئیدی پاش خواردنەوەی چایەکی شیرین و پڕڕەنگ و بەتامی هێلدار، ئەوێندەری بەجێهێشت.

کەرکەدەن، پاش حەوتویەك، سیروانی دەلالی بە وەزیری ڕۆشنبیری سپارد و ئەویش کارەکەی هێندە هێنا و برد، تاکو سیروانی دەلالی



بێزار و بێتاقەت کرد و بەناچاری و بێئومێدی دەستی لە پرۆژەکەی هەڵگرت و بەئێجگاری وازیلێهێنا.

نزیکەی نۆزدە ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی، نۆزدە ساڵ لەمەوبەر، چەرخێکە لەگێڕانی تەمەن. ڕاهۆنیش، تێیدا باشترین ئەزمون وەرگربوو. ئەم ئەزمونە، لە شێوازی کارامەییدا وەکو گنگرناسێکی شارەزا دەچوو. چونکە، کنگرهەڵکەندن شارەزایی زۆری دەوێت. بەدوواداگەڕان و دۆزینەوەی نیشتمان و جێگەی ماڵۆچکەی خێڵی کنگر، لە کنگرهەڵکەنە خاکناسەکاندا دەردەکەوێت. ئەوان، بەدووی ناسینەوەی خاکی کنگردا دەگەڕێن. خاکی کنگر، ڕەش و فشەڵە. هەڵبەتە ئەو، لەنەنکی باوکیەوە بیستبووی کە کنگر، لەژێر ڕۆشنایی تیشکی هەتاوی زۆردا ڕەگەکانی خۆیان دەشارنەوە و بەناخی زەویدا ڕۆدەچن. کەچی لەو ناوچانەی بەکەمی خۆریان بەردەکەوێت، بنەکانیان زیاتر سەردەردەهێنن بۆ ئەوەی زوتر بە ڕۆشناییەکە بگەن. خاکی ڕەش، فشەڵە و ڕۆشنایی ئاسانتر پێیدا گوزەر دەکات. لێ خاکی سوور، ڕەقتر و بەهێزترە و چینەکانی پتەوترن، بۆیە خۆر ناتوانێت زەفەری پێ بهێنێت و بیسمێت.

لەکاتی بەهاراندا، هەڤاڵانی ڕاهۆن، لە کچ و کوڕ، دەهاتنەلای و داوایان لێدەکرد، لەگەڵیاندا بچێت بۆ کنگر هەڵکەندن.  ئەویش، بەخۆشحاڵیەوە بەداواکاریەکەیان ڕازی دەبوو و دەگەڵیان دەکەوت.

کنگر هەڵکەندن، بە هەرەوەز، دیاردەیەکی گەلیّ کۆن بوو. چونکە نەنکی باوکی دەیگوت" باپیرم دەیگێڕایەوە کە ئەوان لەگوندێکدا دەژیان، کە ئێستا هیچ شوێنەوارێکی نەماوە. لەکاتی بەهاراندا، بۆ ماوەی حەوتوویەك، تەواوی کوڕوکچە گەنجەکانی گوندەکەیان، تەدارەکی سەفەریان ئامادە کردووە و بەکۆمەڵ ملیان بەرەو دەشتاییەکان ناوە. ئەوان، لەویّ دەواریان هەڵداوە و لەو پێدەشتانەدا ماونەتەوە". ئەو دەیگوت" باپیرم کنگرناس و شارەزایەکی بەئەزمون بووە. باشترین جۆری کنگری ناسیوە و خۆشیی لەدۆزینەوەی ڕەوەخێڵی کنگر هاتووە". ئەو، دەیگوت" باپیرم لەکنگر هەڵکەندنیشدا، ئازا و چالاك و خێرابووە. ئەو، لەماوەی دەمێکی کورتی نێوان ناشتا و چێشتەنگاودا، یەك تێرۆکەی گۆپکە هەڵکەندووە."

نەنکی باوکی، لەزمانی باپیریەوە دەیگێڕایەوە و دەیگوت" هەرەوەزی کنگرهەڵکەندن، بەشێکی گرنگی سەیرانی بەهارانی ئێمەی پێك دەهێنا .کوڕوکچە لاوەکان، بێڵەقانەکانیان، بە بەردهەسان، دەمەزەرد دەکردەوە و شەوی پێشووتر دەیانخستنە ناو ئاو بۆ ئەوەی دارەکە هەڵبئاوسیّ و بەهێز خۆی لە لولەی ئاسنەکە قایم بکات. بەمەش لەکاتی کارپێکردنیدا نەدەجولا. کوڕان، بەماڵاندا دەگەڕان و هێلکە و برنج و ساوەر و خورما و هەنگوین و کەرە و ترخێنە و قاورمەی گۆشتیان کۆدەکردەوە. هەندێکیان، دەچوونە چیا و داری بەڕویان دەبڕی و دەیانهێنایەوە تاکو لەڕۆژی هەرەوەزدا، بیبەن لەگەڵ خۆیان بۆ ئاگرکردنەوە.



کچەکانیش، قاپ و قاچاخیان ئامادە دەکرد و مەشکەی پڕ لەدۆیان بۆ ماوەی دو شەو لەناو کانیاوەکەی بەردەم ماڵاندا، بۆ سادکردنی دادەنا".

" ئەو شەوەی کە بڕیاربوو بۆ سبەینیّ بکەوینە ڕیّ، پوزەوانەکانمان دەبەست و پێڵاوی لەچەرم دروستکراومان لەپیّ دەکرد و پشتوێنەکانمان بەسیّ گریّ لەپشت دەبەست. فەرەنجی و لباد و فەرشی لەبەن دروستکراو و چیخمان ئامادە دەکرد. سبەینێش لەگەڵ کازیوەی بەیاندا هێستر و گوێدرێژمان بار دەکرد و بە گوریس شەتەکمان دەدان. ئیدی بەڕیّ دەکەویتین."

" ئێمە، هەر کە دەگەیشتینە جیّ، خێرا دەوارمان هەڵدەدا. کونەڵانمان بۆ ئاو ساز دەکرد و ڕاخەرەکانمان ڕادەخست. کچەکان، نان و خواردنیان دروست دەکرد و تێرمان دەخوارد .پاشان، لەناو سەوزەگیای بەهار و گوڵە هەزارجۆرەکاندا، شمشاڵمان لیّ دەدا و دەهۆڵمان دەکوتا. تاکو دەمانتوانی هەڵدەپەڕیین. ئیدی، بۆ ڕۆژی دوایی، دەستمان دەکرد بە کنگر هەڵکەندن و پاش حەوتویەك دەگەڕاینەوە بۆ گوندەکەمان."

مرۆ، بۆ گەیشتن بەمەرامەکانی، هەرچەندە شارەزا و بەتوانابێت، بەڵام هێشتا پێویستیی بەتوانا و شارەزاییی ئەوانی دی هەیە. بەیەکگرتنی کۆمەڵێك توانا و تاقەت و بیرکردنەوەی جیاواز، توانایەکی جیاوازتر و بەتواناتر و بەتاقەتتر لەدایك دەبێت.

ڕاهۆنیش، لەڕێگای توانای کەرکەدەنەوە، دەبووە خاوەن توانایەکی جیاوازتر و بەهێزتر و بەتاقەتتر. ئائەمەش بوو هەمیشە پشتی پێدەبەست و لەخۆی دانەدەبڕی.

لەو ماوەیەدا، ڕاهۆن، لەگەڵ کیژێکی هاو پۆلی زانکۆ و شوناس و هاوشاریی خۆیدا، بەناوی ڕەخسانە، هاوسەرگیری کردبوو و کچێکیشیان بەناوی مەشیانە، بەرهەم هانی بوو. ئیدی ئەوە، تاکە وەچەی ڕاهۆن بوو. ئەوان، بەیەکەوە ژیانێکی ئاسوودەیان دەبردەسەر. لەپڕێکدا لەیەکدی زیزبوون و دوورکەوتنەوە. ئەم زیزبوونە بووە هۆی دابڕانێکی بێچارەسەر و مەشیانەی تەمەن سێ ساڵیش، یەکەم قوربانی ئەو جودابوونەوەیە بوو .

دابڕان، بۆ ئەوکاتی ڕاهۆن، بڕیارێکی یەکلاکەرەوەبوو. ململانێ بوو لەنێوان خۆی و ژیانی پێکەوەییدا. جەنگێك بوو لەناو ناخیدا هەڵیگیرساندبوو، بۆیە دەبوو بەردەوام لەبەرەکانی جەنگدابێت و چۆڵی نەکات. بەهەڵگیرساندنی ئەم جەنگەی ناو ناخی، ببوو بەدوو بەشەوە. بەشێکیان، بەرگری دەکرد و ئەوی دی پەلاماری دەدا. ئای ئەم جەنگە، چ جەنگێکی ماڵوێرانکەر بوو! هەرچی هەبوو تەفروتونای کرد. دیوارەکانی لەیەکدی هەڵوەشاندەوە و باڵەخانەکانی هاوسەرگیری وێرانکرد. بەڵام، دوو جیهانی پێ ناساند.



ئاشنابوونی ڕاهۆن بە دوو جیهانی تەواو جیاواز لەیەکتری، دوو جەمسەری تێگەیشتن لە ڕاڤەکردنی پێش کەش کرد. هەرچەندە یەکێ لەلایەنەکانی ناو ناخی وێران ببوو، لێ یەکێکیان سەرکەوتوو و پڕ شکۆ مایەوە. ئیدی ئەوە چارەنوسی جەنگە، هەر دەبێت لایەك لە لاکەی دی بباتەوە.

ئاشتی، بەواتای بەیەکەوە ژیان. لەم جەنگەی ڕاهۆنیشدا ئاشتی بوونی نەبوو. کەواتە، لەڕیشە دەرهێنان و پاکتاوکردنی بەرامبەر، دەستکەوتی بردنەوەی جەنگەکەبوو. ئالێرەوە لایەك لەلاکانی ناخی ڕاهۆن مردبوو و لایەکیش سەرکەوتوو بوو.

ڕاهۆن، هەرگیز ڕۆژێك لەڕۆژان نهێنی دوورکەوتنەوەیانی بۆ کەس نەدرکاندبوو. هەرکاتێکیش کەسێك دەربارەی ئەوە پرسیاری ئاراستە کردبا، ئەوا بەبێ سێ و دوو باسەکەی دەگۆڕی و پشتگوێی دەخست. ڕاهۆن، لەجەنگەکەیدا، بەشێك لە دەرونی ڕوخابوو. مردبوو. لەناوچووبوو. بێ گیان و بێ هەست ببوو. لەم تێکچوونی باری دەرونەشەوە، بارێکی دی و بەشێکی دی بۆخۆی قوت کردبۆوە و بەردەوامی بەجەنگەکەی دەدا.

ڕاهۆن، لەو ماوەیەدا، دەیان پەرتوکی لێکۆڵینەوە ی سیاسی و ستراتیژی و مێژویی و چیرۆك و شیعری ئەدەبی ، چاپ کرد و خسنییە بازاڕەوە و هەزاران وتاریشی لەناو گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، بڵاوکردەوە.

بەردەوام، لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکاندا دەردەکەوت و دیدار و چاوپێکەوتنی ڕوبەڕوویان لەگەل ئەنجام دەدا. وێڕای ئەوەی سەدان کۆڕ و سیمیناریان بۆ سازدا و بەلێشاو دواندنی ڕۆژنامەوانییان لەگەڵدا گرێدا.

ڕەخسانە، نمونەی ئەستێرەیەکی دوور لە کۆمەڵەی خۆر، لەناو بازنەی خەمەکانیدا، دەخولایەوە. چووبوە لەندەن و لەوێ لەگەڵ کیژە تاقانەکەیدادەژیا. هیچ کەسێك، هەواڵێکی ئەوتۆی لەلا نەبوو. نەیاندەزانی چی دەکەن و چۆن دەژین!

نزیکەی دوو ساڵ دەبوو، ڕاهۆن، زانکۆی تەواو کردبوو و لەو شارۆچکە زەردهەڵاتوەی کە بۆ یەکەم جار ڕەخسانەی تێدا ناسی، دەژیا. لەپایتەختەوە و لە کۆشکی سەرۆکەوە، یەکێ لەخزمەتکارە دڵسۆزەکانی سەرۆك، هاتە لای پێی وت" دەبێت خۆت ئامادەبکەیت و لەگەڵم بێیت بۆ کۆشك. چونکە سەرۆك داوای بینینی تۆی کردووە". ئیدی ئەویش، هەر ئەو ڕۆژە، خۆی ئامادەکردو دەگەڵی کەوت.

ڕاهۆن، گەیشتە پایتەخت و لەژوورێکدا، کەپێشتر بۆی ئامادە و ساز کرابوو، لەهوتێلێکی بەناوبانگدا، بۆ پشووی ئەو سەفەرەی، نیشتەجێیان کرد.

ڕاهۆن، سەرگوزشتەکەی دەگێڕایەوە و دەیگوت" ئەودەمەی کە چوومە ژوورەوە، سەرۆك، لەسەر تەختێکی لە دارگوێز دروستکراو، ڕاکشابوو.



تەختەکە، بە پێستی پڵنگێك داپۆشرابوو. پێستی سەر و چاوە هێشتا زەقەکانی، بەسەر لێواری ژێر سەرینە نەرم بە پەڕ دروستکراوەکەی سەرۆکەوە هاتبوونە خوارێ. خزمەتکارە تایبەتیەکەی سەرۆك، پێش ئەوەی بمباتە ژوورەوە پێی ڕاگەیاندم" سەرۆك، ئێستا لەوپەڕی تەندروستیی باشدایە، بۆیە هەلێکی باشە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ زۆربەی یاداشتەکانی بنوسیتەوە". ئەم هەواڵەش دڵخۆشیکردم. هەڵبەتە ئەوە جاری یانزەیەمم بوو، بەنیازی نوسینەوەی یاداشتەکانی سەرۆك، بچمە کۆشك. کەچی بۆ نەگبەتیی من، سەرۆك تەندروستیی باش نەدەبوو و بەناچاری ئەوێم بەجێ دەهێشت و دەگەڕامەوە بۆ هۆتێلەکەم.

ڕاهۆن، وەکو نوسەر و ڕۆژنامەنوسێکی چالاکی ئەو سەردەمە، دەم هەراش و زۆرزان، خۆلەپێشبەر و لێزان، خاوەنی ئەزمونی زۆر و شارەزا لەبواری دارڕشتندا، هەموو سنورەکانی ناوبانگی بەزاندبوو. لەزۆربەی ڕۆژنامە سقیلەکاندا، گۆشەی تایبەتی بۆ کرابۆوە. ڕۆژنامە حیزبیەکان، بۆ نوسینەکانی ئەو، بە حەسرەتەوەبوون. هەرکاتێك نوسینێکی لە ڕۆژنامە یان گۆڤارێکدا بڵاودەکرایەوە، ئیدی باشترین هەلی فرۆشیان بۆ دەرەخسا. هەربۆیە، پەرتوکەکانی، بەرزترین نرخیان لەسەر دانرابوو.

پەرتوکخانەکان، نرخەکانیان کاڵ دەکردەوە و بە خەتێکی نارێک و ڕەش، بەئارەزووی خۆیان نرخێکی بەرزتریان لەسەر دەنوسی.

ڕۆژێکیان، بەڕێکەوت لەتەنیش پەرتوک خانەیەکەوە وەستابوو. کڕیارێك لە پەرتوکێکی ئەوی پرسی، بەگوێی خۆی گوێی لێبوو و بەچاوی خۆشی بینیی کە کابرا بە زمانێکی لوس بە کڕیارەکەی دەوت" باوەڕ بکە هەر یەك دانەمان ماوە، ئەویش شاردبوومەوە بۆ هاوڕێیەکم. ئەگەر دەتەوێت بە هەزار دینار زیاتر لە نرخەکەی خۆی بیبە."

ئەو، توانیبووی، زۆربەی بەرپرسە باڵاکانی حکومەت و پیاوە ناودارەکانی حیزب بناسێت. گرنگترین چاوپێکەوتنەکان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا کە بڵاودەکرایەوە، ئەو ئەنجامی دەدان. زۆرجار، لەنوسینەکانیدا، تانەی لێ دەدان و ڕەخنەی ئاراستە دەکردن. بەمەش ببووە باشترین ڕەخنەگری بواری ڕۆژنامەگەری و بەتازەگەر و دیموکراتخواز ناوبانگی دەرکردبوو. جاری وا هەبوو لە نوسینەکانیدا ووشەی وا سەیر و سەمەرەی ناو زمانەکانی تری بەکاردەهێنا، خوێنەری پێ گێژ دەکرد. جارجاریش، چەندین ووشەی داتاشراوی دەکردە ناوئاخنی نوسینەکانی و بەمەش توانیبووی لەرووی ڕێزمان و وێژەوە، خۆی بەپاڵەوانی زمانەوانی بزانێت. هەڵبەتە، ڕۆژنامەنوسی سەرکەوتوو، پلەیەکی هێندە ئاسان نەبوو کە هەموو کەس بتوانێت پێی بگات. چونکە زۆری دەویست تاکو کەسێك ناوبانگ دەربکات. ئەم ناوبانگ دەرکردنە، پاڵپشتیی لەلایەن پیاوە باڵادەستەکانی حیزبەوە گەرەك بوو.



ئەو کەسەی خواستی بەدەستهێنانی ئەو پلەیەی هەبوایە، ئەوا دەبوو بزانێت کام بەرپرس دەکاتە پشتیوانی خۆی و ژیرانە و هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکات. دەنا، تەنها یەك هەڵەی بچوك بەس بوو بۆ ئەوەی هەموو کارەکە هەڵبوەشێتەوە و پڕ بەدنیایەك دوژمنیشی بەرهەم دەهانی.

ڕاهۆن، دەیگوت: کاتێك گەیشتمە بەردەم سەرۆك، بەبێ سێودوو لێکردن و بەشێوەیەکی شایستە، لەبەردەمیدا، دەستم گرت بەسینگمەوە و بۆی نوشتامەوە و وتم" سڵاوی ڕێز و وەفاداری و خۆشەویستی لە سەرۆکی بەخشندە و میهرەبان. خۆشحاڵ و خۆشبەخت و کامەرانم بە بینین و بانگهێشتکردنم. بەندە، بەختەوەرترین کەسم کە جێگای متانەتانم. بەڵێن دەدەم، تەواوی توانا و تاقەتی خۆم بخەمە گەڕ بۆ ڕازیکردنی دڵی بەڕێزتان. دڵنیات دەکەمەوە، یاداشتەکانت، گەورەشاکاری من دەبێت."

سەرۆك، بەبێ ئەوەی هیچ ئەرزشێك بۆ ئەم قسانەی من دابنێت، وتی" لەبەرامبەرم دابنیشە و گوێبگرە. هەرچییەکم ووت بینوسە. دووکەسی تریش لێرە هاوکاریت دەکەن. یەکێکیان بەنوسین و ئەویتریشیان ڕیکۆردی دەکات. تۆ دەتوانیت سوود لەهەمووی وەربگریت. پاش تەواو بوونیش، نوسخەی کۆتاییم بۆ بێنە و دەیخوێنمەوە. ئەگەر بەدڵم بوو، ئەوا بەچاپی بگەیەنە". پاشان ووتی" من، تۆم هەڵبژارد، چونکە دەزانم لەباشترین نوسەرەکانی ئێمەیت. دەمەوێت ئەو باشییەتم بۆ دەربخەیت."

بەندە، کەدەمێ بوو چاوەڕوانی ئەو قسانەی سەرۆك بووم، ووتم" بەسەرچاو جەنابی سەرۆك. هەرچی بەڕێزتان ئەمر بفەرموون، ئەوە دەکەم."

سەرۆك، لەسەردەمی ململانێی نێوان خۆی و ڕاهاتن لەگەڵ سەختیەکانی ژیاندا، دەستیپێکرد و ووتی" ژیان، لەلای من، بریتییە لە ململانێ و زۆرانبازی. براوە، تەنها ئەوەنییە کە دەکەوێتە سەرەوە، بەڵکو ئەوەی کەدەکەوێتە ژێریشەوە، دەتوانێت ببێتە براوە، بەو مەرجەی توانیبێتی، براوەکە بۆخۆی ڕام بکات."

ئەو، گوتی" ڕامکردنی کۆمەڵگا و دەروبەر، پێویستیی بەململانێیەکی توند هەیە. پێش ئەمەش پێویستە خۆت لەگەڵ سەختیەکاندا ڕابهێنیت."

سەرۆك، هەردوو برۆکانی هێنانەوە یەك و چەند چرچێکی کردە ناوچەوانی و چاوە زیتەڵەکانی تێبڕیم و ووتی" خۆگونجاندن لەگەڵ سەختیەکاندا ڕەنگە لەسەرەتادا نەختێك ئەستەم بێت، بەڵام دەرەنجامەکەی ڕامکردنیەتی. گرنگ، لێرەدا ڕەتکردنەوەی پیرۆزیەکانە. پێویستە خۆت لەگەڵ ڕەتکردنەوە و بەسوك تەماشاکردنی پیرۆزیەکانی ناو کۆمەڵگادا ڕابهێنیت، بەو مەرجەی نەهێڵێت هەست بەمە بکەن. ئالێرەوە، بەندە، توانیم سەرکەوم."



سەرۆك، ملە ئەستوورەکەی، نەختێك بەقامکە کورت و سپیکەڵە ناسکەکانی خوراند و وتی" ئەمەوێت هەرچییەکم ووت، ئەوە بنوسیتەوە. هەروەها دەمەوێت لەڕێگای ئەم قسانەمەوە دنیایەکی پڕ لە ململانێ، بەخەڵك نیشان بدەم. گەرەکمە، لەڕێگای ئەم یاداشتانەمەوە، درزە نهێنیەکانی، گەیشتن بەسەرکەوتنم بۆ خەڵك ئاشکرا بکەم. هەرچۆن بەندە، بڕوام وایە کە دەستەمۆکردنی خود، بۆ بەرژەوەندیی بیرکردنەوەکان، لەپێناوی دابینکردنی بەختەوەریدا، سەرکەوتنە. ئاواش، دۆزینەوەی نهێنیەکانی میکانیزمی ڕامکردن، گرنگە. بۆیە دڵنیام، نوسینەوەی ئەم یاداشتانە، بەو هەموو نهێنیانەوە کە زانیاری دانسقەی تێدایە، سەرەتای تائەبەدیی دەرکەوتنمە". سەرۆك، چاوی بڕییە چاوم و بەتەوسێکەوە ووتی" ئەوەشت لەبیر نەچیت کە من بووم تۆم کردە سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن و ئەم ناو و ناوبانگەی ئێستام پێ بەخشییت!".

دیاربوو سەرۆك، دەیویست بەسەرەتایەکی فەلسەفیانە دەست پێبکات. ئەو دەیویست خیتابێکی سیاسی لەڕێگەی ئەم یاداشنامەیەوە بنێرێت بۆ خەڵك و بەردەوامی بە بەستنەوەی من بەخۆیەوە بدات. دەیویست، بەم یاداشتنامەیە ببێتە پاڵەوانێکی ناودار. دەیویست، مێژوویەك بنوسێتەوە کەتێیدا ئەو، شۆڕەسوارێکی بەئەزمون و سەرکردەیەکی سەرکەوتو و نموونەیی بووە. بەندە، هەر لەسەتاوە دڵم بەوە خۆش بوو، سەرۆك، دەیەوێت یاداشتگەلێك بنوسێتەوە، کەتاکو ئەودەمە هیچ کەسێك نەیوێرابوو خۆی لێ بدات و بەنهێنی مابوونەوە!.

سەرۆك، لەسەر قسەكانی ڕۆیشت و ووتی" بەندە، گەوهەری ئەم نەتەوەیەم ساڵەها لەگەڵ خۆمدا هەڵگرت و پاشان وەكو بەنرخترین دیاری پێشكەشم كردن. ئەو ئالایەی ئێستا بەسەر دارتەلی قوتابخانەكانەوە دەشەكێتەوە، من، بەهێسترێكی سوور بۆ ماوەی شەش مانگ بەڕێگادا ڕۆیشتن و بەقاچاخ، لەودیو سنوورەوە هێنامەوە بۆ ئێرە."

ڕاهۆن دەیگوت" ئەودەمەی چوومە خزمەتی سەرۆك، چێشتەنگاوێكی درەنگ بوو. تا ئەوكاتیش، نیوەڕۆ هات و خوان بۆ جەنابی سەرۆك ساز و ئامادەكرابوو". خزمەتكارێك هاتە ژوورەوە و ووتی" جەنابی سەرۆك، خواردن ئامادەیە."

سەرۆك، زۆر بەگران خۆی جوڵاند و دەستێكی بەكورسییە دارگوێزەكە و دەستێكی تری بە گۆچانە مل زیوەكەی گرت و تینێكی دایە خۆی و هەستایە سەرپێ. منیش لەگەڵی هەستام و بەیەكەوە چووین بۆ ژووری تایبەت بە نانخواردن. ئیدی بۆ دوواینجار لەسەر خوانی سەرۆك دانیشتم.

خوانەكە لەژوورێكی گەورەدابوو. حەوزێكی ماسی و سەدان گوڵی جۆراوجۆر و تەلەفیزیۆنێكی ڕەشی لاكێشەیی لێبوو. وێنەیەكی گەورەی سەرۆك بەنێوەڕاستی دیواری پشت تەلەفزیۆنەكەوە هەڵواسرابوو. مێزێكیش بە شانزە كورسی دەورەدرابوو. مێزەكە لەم سەر بۆ ئەوسەر بەپەردەیەكی جەرگیی كاڵ پەردەپۆش كرابوو.



لێوانلێوی بوو لەخواردنی هەمەجۆر. گۆشتی قەل و برنج و شلەی فاسۆلیا و قەیسی لەدیارترینیان بوو. بێجگە لەوەی نایابترین شەرابی ئیتاڵی لە شوشە ئاڵ و والاكاندا، وەكو دارەبەنی قەراخ هەڵدێرێكی بەرز بەدیار لیوانە زەڕلیەكانەوە وەستابوو و چاوەڕوانی دەستێكی دەكرد كە لاری بكاتەوە و بیتەپێنێتە ناو چاڵی لیوانەكەوە.

بەندە، وەكو هەموو جارەكانی پێشوو، زۆر بەشەرمەوە لەپاش دەستپێكردنی سەرۆك، دەستم كرد بەنانخوارد. سەرۆك، وەكو هەمیشە، زۆر هێواش نانی دەخوارد. لەسەرخۆ پاروەكانی ناو دەمی دەجوو و پاشان قوتی دەدا. منیش، ڕۆژم بوو. تا توانیم لەخواردن و خواردنەوەی هەمەجۆر لەكادێنەكەی خۆمم كوتا.

ئەو ڕۆژە، بۆ ئەومەبەستە، یانزەیەمین ڕۆژ و دوواجارم بوو بچمەوە بۆلای سەرۆك. چونكە ئەوەی سەرۆك ویستبووی بیڵێ، هەموویم پێ بوو. بۆئەمەش، ماوەی چووار كاتژمێر، یاداشتی سەرۆكم بەنوسین و بەڕیكۆردكراوی چنگ كەوتبوو. كۆمەڵێك بەڵگەی تایبەتی دەربارەی ڕووداوەكان و هەندێك نامەی سەرۆكی وڵاتان و سەرۆكی حیزبەكانی دیكە و زۆرێك لەوێنەی جۆراوجۆر.

لەپاش تەواو بوونی ئەرکەکەم، هەستام و لەبەرامبەریدا، داهاتمەوە و دەستی سەرۆکم گرت و بۆدوواجار، ماچێکی مێژوییم کرد. ئیدی ئەوێم بەجێهێشت و وەکو پیشەی ڕۆژانی ڕابوردوو، چومەوە بۆ ژورەکەی خۆم لە هوتێلەکەدا.

ئەو ماچەی سەر دەستی سەرۆك، ماچی کۆتایی نەهامەتیەکانم بوو. پێم وابوو، جارێکی دی نایبینمەوە. دەشمزانی کە ماچەکە گەوهەری هەزاران ساڵی ناو چاڵێکی شاراوەبوو و بەهۆی لێهاتویی خۆمەوە بەهەرزانترین نرخ دەستم کەوت.

سەرۆك، لەبەرامبەر ئەو ماچەدا، وەکو جارانی دی بە خزمەتکارە تایبەتیەکەی خۆیدا، چەردەیەك دۆلاری بۆناردم، بەڵام ئەم چەردەیە، دەیەهاجار بەرامبەر ئەوانی دی بوو.

کاتێك کە خزمەتکارە تایبەتیەکەی سەرۆك هاتە ژوورەکەمەوە لە هوتێلەکە، کارتۆنێکی بێ نەخشی بە تێپ بەستراوی قەبارە یەك مەتری چووارگۆشەی بۆری بەدەستەوە بوو. سڵاوی لێکردم و وتی" ئەمە دیاری سەرۆکە" و ئیدی ڕۆیشت. بەندە، نەمدەزانی کە ئەوە هەمووی دۆلارە، دەنا باوەڕ بکە لاملە سپیە ناسکەکەی ئەویشم ماچ دەکرد، وەك چۆن دەستە سپی و خەپانەکەی سەرۆکم ماچ کرد!.

ئەو، دەیگوت، نامەوێت بیشارمەوە کە ئەوە یەکەم جارم بوو ببمە خاوەنی بڕەپارەیەکی وەها زۆر.



لەخۆشیاندا هێندەی نەمابوو دڵم لەلێدان بکەوێت. تەنها توانیم ئەوە بێنمە پێش چاوی خۆم کە چۆن دەنوشتامەوە و دەستی سەرۆکم ماچ دەکرد. خۆزگەم دەخواست کە جارێکی تریش بچمەوە بۆلای و بەهەر بیانویەکەوە بێت، زەفەری لێ بهێنم و دیسانەوە خۆم بەتەواوی بنوشتێنمەوە و دەست بەرم بۆ دەستی و نەختێك بەرزی بکەمەوە و ماچێکی دیکەشی بکەم.

ڕاهۆن، بەدەم گێڕانەوەکانیەوە، نەختێك ملە باریکەکەی بادەدا و دەیگوت، ئەو شەوە، لەو هوتێلە چووار ئەستێرەیەی سەر جەزیرەی سووری قەراخ شار، تاکو شەبەقی ڕوناکی خەو نەچووە چاوەکانم. لەژێر پەردە سپییەکەی سەر قەرەوێڵەکەوە جنگڵم دەدا و بیرم دەکردەوە. بیرم لەهەرشتێك دەکردەوە و دەگەیشتمە ئەو جێگەیەی کە ئیدی ڕۆچووبێتمە ناوی، کەچی دەستی سەرۆکم دەهاتەوە بەرچاو و خۆیشم دەدی کە دەنوشتێمەوە و ماچی دەکەم. باوەڕ بکە، ئەو ماچە نایابە پڕ داهاتە، تاکو سبەینێ نەیهێشت بنووم. تاوام لێهات، جەستەم ماندوو و شەکەت و چاوەکانیشم خەو دایپۆشی.

سبەینێ زوو، لەخەو هەستام و چووم لە چایخانەی ئوتێلەکەدا، قاوەیەکی گەرم و گوڕم فڕکرد. پاشان، تەسجیل و شریتە ڕیکۆردکراوەکانم لەجنتاکەم دەرهانی و دەستمکرد بە گوێگرتن لە قسەکانی سەرۆك.

سەرۆك، لەبەشێكیاندا، بە شیعرێك دەستی بەگێڕانەوە كردبوو. جارجارە بەدەم گێڕانەوەكانەوە پێدەكەنی و هەندێك جار دەوەستا و دووبارە دەستی پێدەكردەوە.

بەندە، لەپێكەنینی ئەوڕۆژەی سەرۆكەوە، بۆم دەركەوت كە سەرۆك خاڵییە لەپێكەنین. ئەو، بڕیاریدابوو كەچیتر پێنەكەنێ. لێ ئێستا لەبەرامبەر مندا و بەدەم گێڕانەوەی یاداشتەكانیەوە، بزەی دەهاتێ و جار جارەش پێدەكەنی.

پێكەنینەكەی سەرۆك، لێوانلێوبوو لە ساتەكانی پیاهەڵدانی نۆكەرەكانیدا. نایشارمەوە، كە من، یەكێ لەنۆكەرە هەرە دڵسۆزەكانی بووم. هەڵبەتە هەرگیزاوهەرگیز و ڕۆژێك لەڕۆژان پێم شەرم نەبووە كە نۆكەریبم و بەئاشكراش ئەو نۆكەرایەتییەم بۆخۆم فەراهەم كردبوو.

ئەو دەیگوت، ڕۆژێكیان، سەرەتای پایزێكی تەڵخ بوو. هەموو هەورەكان تەڵخ بوون. ئاسمان، ڕەنگێكی تەڵخی لێ نیشتبوو. باران، بەتەڵخی دەباری. بەفر، بەتەڵخی لەسەر لوتكەی چیاكان دەنیشت. باڵندەكان، پەڕەكانیان تەڵخ ببوونەوە و بەتەڵخی دەفڕین. درەختەكان، بەدەم ڕەشەبایەكی تەڵخەوە سەمایەكی تەڵخیان دەكرد. زەوی تەڵخ دەینواند. كانیاوەكان، ئاوەكانیان كەم ببوون و تەڵخ ببوونەوە. گۆرانیبێژەكان، بەتەڵخی گۆرانییان دەچڕی و دەنگەكانیشیان بەتەڵخی دەگەیشتنە ئێمە.



مۆسیقاژەنەكان، ئاوازەكانیان تەڵخ دەژەنی. تفەنگەكانمان ژەنگیان كردبوو و تەڵخ ببوونەوە. ڕۆژنامەكان، ووشەگەلێكی تەڵخیان بڵاودەكردەوە. بازاڕی شارەگەورەكان، پڕپڕ ببوون لە شمەكی تەڵخ. كڕیارەكان، بەتەڵخی مامەڵەیان دەكرد. دوكاندارەكان، بەدەم تەڵخییەوە كڕیارەكانی خۆیان بەڕێ دەكرد. هەناسەدان و نانخواردن و خەوتنیشمان تەڵخ ببوون. ئیدی هەرچی هەبوو و نەبوو، تەڵخ بوو.

لەوڕۆژە تەڵخەدا، منی نوسەر و شاعیر، بۆئەوەی ئەم تەڵخییە لەناخی سەرۆكدا بسڕمەوە، شیعرێكی پەنجا بەیتیم هۆنییەوە. هەرچی ووشەی جوانی ناسك هەیە كردمە ملوانكەیەك و لەوشیعرەدا هۆنیمەوە و كردم بەیەخەی سەرۆكدا.

ئەو دەیگوت، ئەركی ئەوێ ڕۆژی من، ڕاماڵینی ئەوتەڵخییەی ناو ناخی سەرۆكەكەم بوو. كاری شاعیرێكی وەكو منیش پیاهەڵدان و دڵدانەوەبوو. دەبوو هەرچیەك بوایە، ئەو تەڵخیەم بگۆڕیایە بەڕوناكی و لەشیعرێكی خۆشیهێنەردا پێشكەشیم بكردایە.

مافگەراكانی ئەم سەردەمە، هەرچی وشەی قەبەی ناو پەرتوكە زمانەوانیەكان هەس، هەمووی كۆدەكەنەوە و لەدەقێكی یاساییدا دەینوسنەوە، بەڵام لەڕەوانبێژیدا، ناتوانن بگەنە تۆزی پێی شاعیرێكی نۆكەر.

بۆیە بەندە، دەمتوانی هێندە وشەی سەرنجڕاکێش و سیحراوی بەکار بهێنم، کەسەرۆك بکەمە سەر هەلەکەسەمای خۆشباوەڕی و بیکەمە ڕەوانگەر.

تەنانەت، دەمتوانی وا لەسەرۆك بکەم کە هێندە پێبکەنێت، لەسنوری گەدەی بپەڕێتەوە و توشی سك چوون ببێت. هەرچەندەش سکچونی سەرۆك، بۆ منی بەردەستە و خزمەتکار، مەترسیداربوو.

سەرۆك، هەرکاتێك زۆر پێبکەنیبا و لەسنوری خۆی زیاتر پێی ڕابکێشایە، ئەوا ورگی شل دەبوو و دەکشا. بەمەش هەرچی لەناو گەدە و ڕیخەڵۆکەکانیدابوو دەبوونە بارگرانی بۆ خوارێ. هەرکاتێکیش، سەرێ قورس دەبوو، داری خانووەکەی دەشکا و هەر گڵەبانێکی کردبووی بە ئاوەڕۆچکەی ماڵەکەیدا دەهاتە خوارێ.

سکچوونی سەرۆك، لەوانی دی جیاوازتر بوو. ئەو، بۆی هەبوو لەکوێندەر هەوەسی هەڵدەستێ، لەوێندەر بفیڕێنێ. ئائەمە، بۆ منی بەدبەخت دەبووە کارەسات و دەبوو تەواوی تاقەتی خۆم بخەمە کار تاکو جێگەی فیڕکەی سەرۆك خاوێن بکەمەوە.

ئەوێ ڕۆژێ، لەشیعرەکەمدا، سەرۆکم کردبووە خاوەنی نەعرەتە و گوڕ و تاقەتی ڕۆستەمی زاڵ. هەرچی داستانی ڕزگارییە، وەپێش خۆممدابوو. شمشێرم لەولاتێدا نەهێشتبوو و هەموویم بەبەیتێك کۆکردبۆوە و گڕ گڕ، کردمنە دەستی سەرۆکەوە.



سەرۆك، لەژووره پانەکەیدا، دەستی منی دەدی کەبۆ ئەوم ڕادەداشت و نەعرەتەکانیم لەبەرامبەر ئەلێکساندرای مەگەدۆنیدا دەخستەڕوو و ئەویش( ئەلێکساندرا) بەستەزمانە، ڕایدەکرد و هەڵدەهات. هەولێری بەجێ دەهێشت و لەیۆنانیش دەگیرسایەوە و ئاودیوی فەرەنسا دەبوو و لەناو چیا و دۆڵ و درەختە بەرزەکاندا وون دەبوو.

سەرۆك، لەسەر سەرینێکی بەئاوریشم نەخشکراو، پاڵی دەدایەوە و چاوەکانی دەبڕینە من. دەیبینی کە من، هاوارم دەکرد و سەرۆکم بەدووی تانك و زریپۆش دەنا و بەتەنها دەمانچەیەکی تۆپلی هێرشێکی پێنج هەزار کەسی دەشکاند. سەربازەکانم دەبەزاند و بەکۆمەڵ ناچارم دەکردن کەخۆیان ڕادەستی سەرۆك بکەن.

سەرۆك، گوێی لێدەبوو کە من، ئەوم لەسەر کورسی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان دادەنا و وتارێکی هەڕەشەئامێزم پێ دەخوێندەوە. کە تێیدا، تەواوی حکومەتەکانم بەلاواز و هیچ و پوچ و بێکەڵك دەچواند. تەنانەت، هەڕەشەشم پێ لێدەکردن کە " ئەگەر وەهۆش خۆتان نەیەنەوە و چۆکم بۆ دانەدەن، ئەوا تەواوتان لەسەرکار لادەدەم و دوورتان دەخەمەوە بۆ جەزیرەیەکی دوورەدەست".

سەرۆك، تەسبێحە قەزوانە ئەبڵەقەكەی لەخۆشییان دەگوشی و تەماشای منی دەكرد. منیش، دەنگم بەرزتر دەكردەوە و داستانی زیاترم دەچڕی. تاوای لێ دەهات، سەرۆكم دەخستە سەر هەلەكەسەمای ئەوێ پاڵەوانبازی و كەتاریكیش دادەهات، دەبووە میوانی شەوێكی شاد و خەوێكی ئارام.

.... لەپاش ئەو چاوپێكەوتنە مێژووییەوە، كەبەشێكی گرنگی ژیانی شێردراوەی سەرۆكی ئاشكرا كردبوو، ئیدی، ڕاهۆن، كاری بە كەركەدەن نەمابوو. ئەو، سەرۆكی دیوەخان و سەرۆكی عاشقانی سەرۆك بوو. دەمڕاستی پیاوماقوڵان و ئەندامانی سەركردایەتی سەرۆك بوو. لەتەواوی كۆبوونەوە گرنگەكاندا بەشداری دەكرد و پرس و ڕای پێدەكرا.

ئەوكاتانەی كە سەرۆك لەوێندەر نەبووایە، ئەوا، بڕیاری دەردەكرد و دەشیخستە بوواری جێبەجێكردنەوە. هەركاتێكیش كەموكوڕی ڕوویبدایە، هەر كەسەرۆك دەگەیشتەوە، خێرا خۆی دەگەیاندێ و هەموو كەموكوڕیەكانی دەخستە ئەستۆی ئەندامانی سەركردایەتی و خۆی دەكردە پیاوچاك و زانای وولآتی سەرۆك. لەوتارێكیشدا، لەڕۆژنامەكەی سەرۆكەوە، ڕەخنەی توندی ئاراستەی دەسەلآت و حیزب دەكرد و سەرۆكیشی بە بێتاوان وەسف دەكرد.



ڕاهۆن، جارێكیان، نامەیەكی بۆ ڕەخسانە ناردوو، بۆی نوسیبوو، ڕەخسانەكەم، هاوسەرە دوورەكەم. هەست بەوئێش و ئازارە دەكەم كە قوربانییەكی وەكو تۆ، لەپێناوی خۆشەویستیماندا، هەمیشە دەیچێژی. ئازار، هەندێك جار شادیبەخشە. دەتوانێت بەئاسانی ڕابووردوو بیربباتەوە. ئەوئازارە نەعلەتییە، لەمنی نوسەری ئەم سەردەمە بەهێزتر و بەتینترە. دەتوانێت، ساتەكانی ژیانت درێژبكاتەوە و پاڵ بەدیوارەكانی مەرگەوە بنێت. ئەو، دەتوانێت پەستان بخاتە سەر بیركردنەوەت و چۆك بە ناچاریت دابدات. ئیدی من، ناتوانم جوانیت بۆ بگێڕمەوە، لێ دەتوانم سەرلەنوێ ئازارت پێشكەش بكەم.

ئەو، نوسیبووی، ڕەخسانەكەم، ئەودەمەی كە زویربوویت و بەئێجگاری منت بەجێهێشت. هێشتا لەهەڕەتی لاوێتیدابووم. هەنوكە، هەست بەشەرمەزاری دەكەم. خودا دەزانێت و سەرۆكیش ئاگادارە. من، تەواوی ژیانم لەپێناوی خەڵكدا خستەگەڕ. هەموویم كردە قوربانی ساتێك پێكەنین و دڵخۆشیی خەڵك. بەنوسینەكانم دڵی خەڵكم دەدایەوە. گەنجەكانم هاندەدا بەرەو چاڵی سەنگەرە قوڵەكانی بەرەی جەنگ بكەونەڕێ. بەوهۆیەوە نیوەی خاكەكەی خۆمان بەدەستهێنایەوە.

بەندە، ئەگەر نەمنوسیایە، هەرگیز نەمدەتوانی بژیم. نەمدەتوانی ببمە جێگەی متمانەی سەرۆك و خانەوادەكەی. نەدەبوومە ئەندامی سەركردایەتی حیزبەكەی سەرۆك.

گەر نەمنوسیایە، ئەوا هەرگیز نەدەکرامە سەرۆکی نەیارانی حکومەت.

نوسین، بۆمنێکی بێ پسپۆڕی و بێ بەرهەم، کەشتیەك بوو کەلەناو دەریادا بەهانای هاواری نزیك خنکانمەوە دەهات. دەزانم کە تۆ دەتویست، بەیەکەوە، ژیانێکی ئاسودە بژیین. شەوانە، لەناو باوەشێکی بەسۆزدا بنویت. تۆ دەتەویست، بەیەکەوە هەناسە بدەین و بەیەکەوە بخۆین و بەیەکەوە بڕۆین. دەمزانی! تۆ دەتویست، خۆم بکەمە هێلانەی باڵداری مێینەت. دەتویست، بیرمان بکەین بەیەك و نیگاکانیشمان بۆ هەمیشە تێکەڵ بەیەك ببن و لێك جودا نەبنەوە. دەتویست، من بکەیت بەخۆت و ڕەوانی خۆشت بکەیتە جەستەی منەوە. دەمزانی، ئەوانەی کەتۆ دەتەوێت، لەمنی بێباك لەخۆشەویستی و خاڵی لە تۆویستندا نییە. بۆیە، پێم وتیت" تۆ ئازادیت بەدووای خۆتدا بڕۆیت. هەوڵبدە بیدۆزیەوە". تۆش ووتت" دەڕۆم. بڕیارمداوە کەبڕۆم و نەوەستم. تەنانەت لەهیچ جێگایەکدا. تاکو نەتدۆزمەوە ناگەڕێمەوە". ئیدی، من و تۆ تاکو ئێستاش یەکدیمان نەبینیوەتەوە، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە کە هەرگیز ناتوانیت بمدۆزیەوە.

ڕاهۆن، نەیدەویست بەهۆی نوسینی ئەو نامەیەوە جارێکی تر ڕەخسانە بەرێتەوە بۆناو شەپۆلە بێئامانەکانی بیرەوەرییەکی بەئازار. هەربۆیە، بایدایەوە و بەڕێگا تایبەتیەکە پۆپەشمینیەکەی خۆی، ملی لەبەردەمدا نەویکرد و دەستیکرد بەپیاهەڵدانی.



هەرچەندە پیاهەڵدانەکانی ڕاهۆن، نەیدەتوانی زامی ساڵەهایان تیماربکات. بەڵام دەیتوانی ببێتە دانوستانێك لەنێوانیاندا و نهێنی ئەوگرێکوێرەیە بکاتەوە کە سەدان ئەندازیار نەیدەتوانی پەی بەنەخشەسازییەکەی بەرێت.

ڕاهۆن، ئەو بەشەی تایبەت کردبوو بەو پرسەو بۆی نوسیبوو" ڕەخسانە، ژنە بێناز و سۆزەکەم. تۆ داوای باوەشێکی پڕسۆزت دەکرد کە جەستەگەرمەکەت سارد بکاتەوە. منیش، هەستێکی بێدەربەست و ڕەوانێکی بۆش لە جۆشی جەستە بووم. تۆ، تینوی جارێك بەقوربان و باوەشێنێکی بەقامکی سەر گۆی مەمکە سپیکەڵانەکەت بووی. منیش، ڕەوشتێکی بێسۆز و پیاوێکی بێئارەزووی خرۆشی لەشی تۆ بووم. من، دووربووم لەهەموو تێگەیشتنێکی تۆ. نەتۆم بۆدەخوێنرایەوە و نەلێشت تێدەگەیشتم. هێندە نەبێت، ( سورێ)، سەرەتا و کۆتایی لێکدابڕانمان بوو".

ڕاهۆن، لەپاش نوسینی ئەو نامەیەوە، چەندین هەفتە، لەماڵەکەی خۆی، پێی نەخستبووە ئەودیو دەرگای حەوشەوە. لەسەر کۆمپیوتەرەکەی خەریکی نوسین بوو. بەش بەش، بابەتگەلێکی جۆراوجۆری دەنوسی و لەشێوەی هاوپێچدا، لەبوخچەیەکی ئەلەکترۆنیدا، لەناو کۆمپیوتەرەکەیدا، هەڵی دەگرت. هیچ کەسێکیش، نەیدەزانی لەژوورەوە خەریکی چییە!.

نامەکەی بۆ ڕەخسانەی نوسیبوو و بەتایبەتی وشەکانی کۆتایی، ڕاهۆنی ماندوو و شەکەت کردبوو. بۆیە، دەستە نەرم و قاوەییباوەکانی لەسەر کیبۆردی کۆمپیوتەرەکە هەڵگرت و بەئاستەم خۆی بۆدوواوە و بەسەر بڕبڕاگە جیڕبووەکانی خۆیدا چەماندەوە و هەستایە سەرپێ. چووە ناو باخچەی ماڵەکەی و بەدەم داگیرسانی جگەرەیەکەوە، هەندێك قەدەمی لێدا. بەمەش، پشوویەکی وەرگرت و هاتەوە سەر کۆمپیوتەرەکەی و دەستیکردەوە بەنوسین.

ڕاهۆن، لەڕێگەی نوسین و پەیوەندیەکانی بە دوو ژنەوە گەیشت بەم پلەوپایەیە. ئەمەش، لەوکاتەوە سەری هەڵدا کە " سورێ ی سێوێ" بەخاوەن و نوسەری نامەکەی زانی. هەر ئەونامەیەی کە ئەو، لەجیاتی "کەرکەدەن" بۆی نوسیبوو. هەڵبەتە " کەرکەدەن" خۆی ئەمەی بۆ گێڕابۆوە. ئەو بەدبەختەش، کەوتبووە داوی عیشقی خاوەنی ڕاستەقینەی نامەکەیەوە".

"سورێ"، نامەیەکی بۆ نوسیبوو و دابوویە دەستی دایکی. لەنامەکەدا، گلەیی لێکردبوو و نوسیبووی" تۆ، منت کردە قوربانیی ووشەگەلێکی بێخاوەن و لەنادیاردا مایتەوە. تاکو ئێستا، خۆت بەخاوەنداری ئەم تاوانە گەورەیە و بەعاشقی ووشەکانیش، نەناساند. بۆیە، داواکارم بیانهێنیتەجێ".

ئەم نامەیەی "سورێ" سەرەتا و هۆی هەڵکشانی ئەو بوو لەناوەندی ڕۆشنبیری و جەماوەر بەگشتی و پاشان سەرۆکایەتیدا. بۆیە، بەبێ سێ و دوو لێکردن و بێ گوێدانە ڕەخسانەی هاوسەری، وەڵامێکی پوخت و خێرای دایەوە و بۆینوسی:



" من، خاوەنی ئەو ووشانەم کە ژیانی تۆی گۆڕی. ئێستاش ئامادەم جێبەجێیان بکەم، بەڵام بەمەرجێك( تۆ خێزان و هاوسەری " کەرکەدەن" دەبیت و منیش باخەوانی جەستە پەمەییەکەت)".

ئەم چەند ووشە کەمە، ئایندەیەکی نادیاری چارەنوسسازی تێدا دەدرەوشایەوە. نە ئەو دەیزانی بەکوێی دەگەیەنێت و نە " سورێ" ش دەیتوانی لەژیانی خۆیدا بیانخوێنێتەوە. ئیدی، ئاڵۆشی حەزێکی شێتانەی " سورێ" و مەبەستێکی جادوگەرانەی ڕاهۆن، لەئێوارەیەکی شارۆچکە زەردهەڵگەڕاوەکەیاندا و لەماڵی کەرکەدەندا، بەیەکی گەیاندن. ئیدی ڕاهۆن، لەڕێگای نزیکی لە " سورێ" وە بووە برا و هاوڕێی گیانی بەگیانی " کەرکەدەن" و دەمڕاستی دیوەخانەکەی. هەر لەڕێگای " کەرکەدەن" ەوە بەسەرۆك ناسێندرا و بووە سکرتێری ڕۆژنامەوانیی دەزگای ئاسایشی سەرۆك و پاشان توانی ببێتە جێگەی باوەڕی تەواوی خانەوەدەکەشی. لێ ڕەخسانە، هەر زوو، بەمەی زانی و بڕیاری جێهێشتنی تاهەتاییدا.

ڕاهۆن، لەژیانیدا، جۆراوجۆر جەستەی نەرم و باریك و کورت و درێژی تاقیکردبۆوە. تام و چێژی کاتیی لێوەرگرتبوون. لەناوگەڵی زۆر ژنی ڕەش و سپی و بۆر و پەمەییدا ڕاوی نێچیری حەزی کردبوو. لێ هیچیان نەگەیشتبوونە خۆشپیاهاتنەوەی چرکەیەکی ناوگەڵی ژنی سەرۆك.

سەرۆك، سەرەڕۆبوو. ئۆقرەی بەخۆی نەدەگرت و بەردەوام لەسەفەردابوو. هەمیشە، بەووڵاتاندا دەگەڕا و ماڵێ نەدەکەوتەوە. لەشەش مانگدا تەنها جارێکیش سەری بەلای خانمەکەیدا نەدەکرد. خانمی سەرۆکیش، بەتەنها و بێناز، لەژورەتەنهاکەیدا دەستەکانی دەخستنە نێوان ڕانە نەرم و نۆڵەکانیەوە و لەگژ فکران ڕادەچوو.
ماوەی سێ ساڵ دەبوو کەلە سەرۆکەوە نزیك بووم . هەرکاتێك ئەو دەچووە سەفەر، ئەوا بەردەوام سەردانی خانمم دەکرد. ئەوساڵە، بەهارێکی زەبەن بوو. بارانێکی زۆر و بەفرێکی قورس باری بوو و ببووە هۆی گەشەیەکی شێتانەی هیچنەدیوی گژووگیا. وەکو پیاوەکانی دارای سێیەم، سەریان لەهەموو کون و قوژبنێکەوە دەرهێنابوو. بەرگەی لەوەڕگای تەواوی ئاژەڵەکانیان دەگرت. کەمیان دەکرد، بەڵام هەرگیز تەواو نەدەبوون.
ئەوێ ساڵی هاتی بەخەڵك و نەبەن بە سەرۆك، توشی کۆمەڵێك گرفتی زۆری کردین. ئەوانەی ماڵاتیان هەبوو و کوردەماڵ بوون. ساڵانە، دەچوونە کێو و نزارەکان بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتەکانیان. کەچی، لەم ساڵە هاتەدا، مەڕ و مێگەل و مانگا و ئاژەڵەکانی دیان دەبردە ناو پاوانە نزیکەکانەوە و خۆیان لەقەرەی کێوە دوورەدەستەکان نەدەدا. ئەمەش، ببووە بارگرانی بۆ سەرۆك و زۆربەی پاوەنە قەدەخەکراوەکانی سەرۆکیان ڕاماشتبوو.



هەر لەسەردەمی هاتنەوەی سەرۆکەوە لە مەنفا، تەواوی ناوچەکانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، تاکو زنجیرەچیای " تاوان" کرابوونە پاوان و مەزرای ماڵی سەرۆك. ڕێگایەکی دوولای ئاراستەپێچەوانەی تایبەت بەسەرۆك لەپایتەختەوە هەموو مەزرا و پاوەنەکانی بەیەکەوە دەبەستەوە. دەشتێکی کاکی بەکاکی و ڕوبارگەلێکی زۆر و گرد و یاڵ و چەندین زنجیرەچیای لوت لە ئاسمان، ببوونە ناوچەی قەدەخەکراو. هیچ کەس و لایەنێك، بۆی نەبوو پێبنێتە ناو ئەو خاکەوە. هەرکەسێك، ئەو هەڵەیەی بکردایە، ئەوا چارەنوسێکی تاریك دەیبەستەوە بە کردارەکەیەوە.
پیاوەکانی سەرۆك، خەڵکی دانیشتووی ئەو سەرزەمینەی ئێستای سەرۆکیان بەزۆر و بەپارەیەکی کەم ڕازیکردبوو و وەدەرێیان نابوون. ئەوانیش، بەناچاری باروبنەیان کۆکردبۆوە و ڕوویان کردبووە شارەکان. ئیدی، ئەوناوچانە هیچ کەسێکی تێدا نەدەژیا.
سەرۆك، پارەیەکی زۆری لەڕێگەی کۆمەڵە ئاژەڵێکی کێویدا خەرج کردبوو و لەوێندەر بەرهەڵدای کردبوون. جار ناجارە، ئەوکاتانەی کەلەوڵاتێدابوو، بۆ کات بەسەربردن، دەچووە ئەوێندەری تایبەت بەخۆی و چەندین هەفتەی پێ دەچوو. ئیدی کاتەکانی خۆی لەوێ بەڕاوکردن و ڕابواردنەوە بەسەر دەبرد و هەر لەوێش ووڵاتەکەی بەڕێوە دەبرد.
ئەوان، کەبەمەیان زانی، لەئەنجومەنی سەرۆکایەتییەوە، بەیانێکیان دەرکرد و شوانکارە و خاوەن ئاژەڵەکانیان بەچاوچنۆك و زیانبەخش بۆ زەویی سەوز تاوانبارکرد.

هەڕەشەشیان لێکردن کە دەبێت بەزووترین کات لەو جێگایانە دووربکەونەوە و ڕوو بکەنە چیاکان و کۆنەهەوارەکانیان. دەنا خۆیان و ڕەشماڵ و ئاژەڵەکانیان، تووشی چارەنوسێکی نادیاردەبن و خۆشیان لە ئەنجامی ئەم کردەوەیە بەرپرسیارن. هەربۆیە، بەناچاری پاوەنەکانی سەرۆکیان بەجێهێشت و ڕوویانکردەوە کۆنەهەوارەکانیان.

ڕاهۆن، لەم بێنە و بردەیەدا، دەورێکی کاریگەری هەبوو. ئەو، بەیاننامەکەی نوسی و هەرخۆشی لەسەرەتاوە و لەڕێگای ڕۆژنامەی حیزبەکەی سەرۆکەوە، لەوتارێکی سەرنجڕاکێشدا، کەباسی لە تێکدانی ئاسایش و داڕوخانی ژێرخانی وولات و تێکدانی دیمۆگرافی و شوانکارە ئاژاوەگێڕەکان دەکرد، کردیە هەڵلا. خانمی سەرۆکیش، بەمەبەستی دەستخۆشی لێکردنی، بانگهێشتی کرد و چەپکێك پوڵی ئەمریکی پێ بەخشی.

ئەوڕۆژە، خانم، پێی ڕاگەیاند کە نەڕوات و ئێوارێ میوانی ئەوبێت. ئەویش، یەکسەر ئەم داواکاریەی قبوڵ کرد و لەبەرامبەریدا دانیشت و ئامادەی داخوازیەکانی بوو.

ڕاهۆن، ئەوڕۆژە، لەگەڵ خانمدا، تاکو کاتی نانخواردنی ئێوارێ، گفتوگۆی هەمەچەشنەیان کرد و بە زمانە لوسەکەی خۆی، گەلێ بەشان و باڵی خانمدا هەڵیدا. ئەوەی دەیگوت نەیدەگوتەوە. هەرچی لەتاقەتێیدابوو لەووشەی سەرنجڕاکێشی میهرەبانی و قارەمانێتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ، بەخشیە خانم.



ئیدی خانم، بریسکەی لێوەکانی دەهاتێ و خەنی ببوو لە خۆشی پیاهەڵگوتنەکەیدا.

لەپاش نانخواردنی ئێوارێ، بردیە ژوورەتایبەتیەکەی خۆی و پێی ووت" من، باوەڕێکی زۆرم بەتۆ هەس. دەمەوێت داواکارییەکت لێ بکەم".

ئەو، کەهەرگیز بیری بۆ هیچ شتێکی لەو جۆرە داخوازییەی خانم نەدەچوو. نەشیدەزانی داخۆ خانم چیی لەو گەرەکە. بۆیە یەکسەر ووتی" فەرموو خانم. هەر داواکاریەکی تۆ بفەرمووی، بەندە، سەرم لەڕێدایە".

خانم، بەخەندەیەکی ئەفسوناویەوە ووتی" داخوازیەکەم زۆر گرنگە. تایبەتییە و نهێنییە. هەر ووشەیەك لەوبارەیەوە لەدەمت بترازێت، ئەوا، تۆمەتێکت بۆ هەڵدەبەستم و لەچرکەیەکدا، سەرت لەلاشەت دەکەمەوە و شوێن بزریشت دەکەم".

لەڕاستیدا، ئەوە بۆ یەکەم جاری بوو کە هێندە بترسێت. بەدەستی خۆی نەبوو. تەواوی جەستەی وەکو شۆڕەبیی ناو ئاو کەوتە لەرزە. نەیدەزانی لەگەڵ خۆشیی ئەو هەموو باوەڕپێبوونەی خانمدا خۆی تێکەڵاو بکات، یان ئەوەتا بەدەم ترسەکەیەوە چاوەڕوانی پێشهاتێکی نامۆ و نادیاربێت!

خانم، چاوێکی تێبڕی و دەستووریدا" خۆت ڕوت بکەرەوە."

هەرگیز باوەڕی بەگوێی خۆی نەدەکرد. وایدەزانی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە و توشی هەژمونێکی دەرونیی گەورەهاتووە و ئەوەی دەیزانی بیری چۆتەوە. لێوەکانی ئەمپێوپێ، کەوتەلەرزە . بەدەم خەندەیەکی درۆی ترساوەوە ووتی" خانم، چۆن دەبێت لەبەردەم بەڕێزێکی وەکو تۆدا، بابایەکی وەکو من خۆی ڕوت بکاتەوە؟. ئەم داواکارییەی تۆ، سەرسوڕهێنەرە. پێم وایە بەڕێزتان دەتەوێت سوکایەتیم پێ بکەیت!. داوات لێدەکەم کە بەبڕیارەکەتدا بچیتەوە."

خانم، جارێکی دی دەستوریدا و پێی ووت" جل و بەرگەکانت داکەنە و وەرە لەتەنیشتمەوە دانیشە. من، نیازی سوکایەتیپێکرنم نییە و ئاگاشم لەخۆمە. ئەمە بڕیاری منە و دەبێت جێبەجێی بکەیت."

بەناچاری، بەشەرمەوە، کەوتە داکەندنی جل و بەرگەکانی و خۆی ڕوت و قوت کردەوە. چوو و لەتەنیشتیەوە بەڕوتی لەسەر کورسیەك دانیشت. ئەویش، بەبزەیەکی ئەفسوناوییەوە و بە دووچاوی پڕ لە کڕیارەوە، تەماشای دەکرد. هەستا و لەبەردەمیدا بەچۆکداهات. دەستی هێنا بە تەواوی لەش و لاریدا و لێوەکانی لەلێوی نزیك کردەوە و تێر و پڕی مژی.



خانم، قات و بیجامەیەکی نارنجی لەبەربوو. بەپەلەپروسکێ لەبەرخۆی کردەوە و ئەوی لەسەر فەرشە کاشانەکەی ئەو ژوورەدا ڕاکێشا. هاتە بانی و ئەسپی تینوی ڕاهۆنی خستە ناو کانیاوەکەیەوە. ئیدی نە ئاوی کانیەکەی ئەو تەواو دەبوو و نە ئەسپەکەی ڕاهۆنیش تێری دەخواردەوە. تا توانیان، چێژیان لەیەکدی وەرگرت. کەماندوو و شەکەتیش بوون. بەسەریەکدا و لەناو باوەشی ساردبۆوە لەجۆش و خرۆشی سێکس، خەویان لێکەوت.

## چەردەی دووەم

.... ماوەیەك تێپەڕی. سەرۆك، چووبووە ڕاو و شكار. ڕاهۆن و خانمیش، لەكۆشك، ئەمدیودیوی ڕوداوەكانیان دەكرد. لەهەموو ئەو تەقینەوانەیان هەڵدەڕوانی كە تاقمە ئاینیە توندڕەوەكان، لەوڵاتانی جیهاندا، پێی هەڵدەستان. ئەویش، بۆ ئەوەی لەئایندەدا نەكرێتە پاڵێتی پاش مێشان، بیركردنەوەیەكی كوتوپڕی بۆ هات!. بیری هەژدیهایەكی جەستە پێچەوانە. هەژدیهایەكی دووسەر، لێ نەك نوساو بەیەكەوە، بەڵكو دووگەدەی جیاواز و یەك كۆم لەناوەڕاستێدا. هەژدیهایەكی بێ كلك كە هەردوولای سەربوون.

بیركردنەوەیەك، كۆمەڵێك ڕستەی ترساویان پێك هێنابوو. ئەوانیش، لاپەڕەیەكی لێوانلێو لەڕووداویان داڕشتبوو.

بیركردنەوەكە، لەترس هەڵكێشرابوو. بۆنی عارەقی كاتێكی ترساویان لێ دەهات. تەواوی پیرۆزیەكان تێیدا ببونە ڕەژوو. لەپێناوی ڕامكردندا، ڕاوی هەرچی پیرۆزییە كرابوو. پەنجەگەلێكی خوێن لەبەرچوو، تۆماری دەكردن. كەسێكی نۆكەر و قوربانییەكی بێئاگا، جێبەجێی دەكرد. فەرهەنگێكی نوێ، داهێنانی تێدا سازدابوو. ئەوەی كەڕوویدەدا، لەسەر چڵی درەختی ناو پانتایی ئەم كارەساتە قێزەونانە، وەكو داڵاشێكی گۆشتخۆر، باڵەكانی فش دەكردەوە و بەقیرەیەكی سادە، بەهەموو جیهان پێدەكەنی.



بەخانمی گوت" هەنوكە، جیهان ئاڵودەی گرفتاریەكی بێ چارەسەرە. ئەم ئاڵودەبوونە، داروویەكی كاریگەرە بۆ بەردەوامیدان بەخۆمان و كپكردنی خەڵك. ئێمە، بەم ژەهرەی ئێستا بۆتی باس دەكەم، دەتوانین خانەكانی كەللەمان لەهەر ڤایرۆسێك بپارێزین كە شاڵاومان بۆ دێنێت. یان، دەیەوێت دەستكەوتەكانمان شیتاڵ شیتاڵ بكات و لێمان وەربگرێتەوە. لەڕێگای ئەم گوریسەوە، تەواوی زلهێزەكان بەلای خۆماندا دەڕمێنین. ئیدی ئێمە ئەوەی كە گەرەكمانە، دەستكەوتمان دەبێت".

ئحمێكی بۆكرد و دەستێكی ناز و عاشقانەی بە پرچەكەیدا هێنا و بەردەوام بووم" تاقمە توندڕەوە ئاینیەكان، بەتیرۆریست و بێبەزەیی و دژ بەخەڵك، ناسراون. ئێمە، لەتواناماندایە، تاقمێكی لەو چەشنە پێكبهێنین و پاشان هەر خۆشمان لەناویان بەرین. بەمەش، ئێمە، سەركەوتن مسۆگەر دەكەین".

خانم، بەووردی، گوێی بۆ تەگبیرەكەی شل كرد. بەبێ سێ و دوو ڕازی بوو. ئیدی، بۆ ئەو مەبەستە، بڕیاریدا، بچنە دیدەنیی سەرۆك و تەگبیرەكەی بۆ باس بكەن و دەست بكەن بە نەخشەسازی باڵەخانەكەیان.

خانم، كاتێك بڕیاری لەسەر هەر شتێك بدایە، ئەوا دەبوو سەرۆكیش ملكەچی بووایە. بۆیە، گوێی بە ڕوبەڕوبوونەوەی سەرۆك نەدەدا و ترسی ناڕازیبوونی نەبوو. ئەوەی بۆ ڕاهۆنیش گرنگ بوو، خانم بوو. ئێستا، كەئەو ئەرێی بۆدەكات، ئیدی زەوی بۆ ئەو تەخت بوو.

بەبێ منەتی و بەبێ دوودڵی، دەیتوانی، بەئەسپی بیرکردنەوەکانی، غارغارێنی خۆی بکات.

ڕاهۆن دەیزانی کە ماوەیەك بوو، کێڵگەی خەڵك، فەرامۆش کرابوو و مەودایەکی زۆر لەنێوان خەڵك و حکومەتدا دروست ببوو. هەموو، تەواوی شڕە و شاتاڵیان دابوو بەکۆڵی خۆیانداو دوور و نزیك نیشتبوونە سەر حکومەت. هەرچی لەدەستیاندابوو خڕیان کردبوو و ئامادەی هاویشتنی بوون. بۆیە خانم، دەیزانی کە حکومەت و سەرۆك، دەرهێنانەوەیان، لەدوتوێی شەپۆلەکانی ناڕەزایی خەڵك، ستەمە. لەبەر ئەم هۆیە، ئامادەبوو دەست بەرێت بۆ هەموو کارێکی بڤە.

سەرۆك، لەیەکێك لەکۆشکەکانیدا، لەسەر لوتکەی یەکێ لەگردەپان و پۆڕەکانی نێوان زنجیرەچیای " تاوان"، سەرقاڵی ڕاو و کاتەسورەکانی بوو. سێ دانە لەکچە کڕیاریەکان، ئەوانەی لە مەلهای پایتەختی وڵاتێکی عەرەبی چەپەکدا و لەسەر دەریای ناوەڕاست، لەڕێگای دەڵاڵێکی تایبەتیەوە هێنابوونیە ئەوێندەری ئەوان بۆی دەچوون. بەڕووتی، سێکوچکەیەکی سێکسیان لەبازنەی دەوروبەری سەرۆکەوە پێکهێنابوو. هێندیان خۆ لەسەرۆك ساوی بوو، تەواوی جەستەیان سوور هەڵگەڕابوو.

ئەم کیژە، ئەفسوناوییە، بێنمونانە، لەجوانیدا، لەو پەریانە دەچوون کەوەستایەکی کارامەی وردبینی خاوەن ئەزمون، پەیکەرەکەی کێشابن.



ئەمانە، کوتومت دەتگوت بە نوکی خامەیەکی پەڕ، وێنەیان کێشراوە و پاشان لەسەر داخوازیی مێبازێکی وەکو سەرۆکەوە ڕەوانیان بەبەردا کراوە. هێند جوان بوون، کەئاوی چاویان دەپەڕاند و پیاوانیان شێت و هاری بۆ چرکەیەك دەستلێدانیان دەکرد. ئای خودایە! ئەم سێ پەرییە چین و لەکوێندەری سەرزەویدا گەورەببوون؟. خۆزگەی دەخواست، ئەویش بۆ تەنها جارێك، هەرچی جۆش و خرۆشی ئارەزووی هەیە، تێیاندا خاڵی بکاتەوە.

خانم، بەلاچاوێك، لەکچەکانی خوڕی. ئەوانیش، هێواشەکی دورکەوتنەوە.

سەرۆك، دەیزانی کە خانم، کارێکی گرنگی پێیەتی بۆیە لەم کاتە نەخواستراوەدا، ئەم سەردانە چاوەڕواننەکراوەی کردووە. بۆیە، جلوبەرگەکانی لەبەرکردنەوە و لەسەر قەنەفەیەکی یەك کەسی دانیشت. ئەوانیش، هەر یەکەیان لەبەرامبەریدا، جێگەی خۆیان گرت.

خانم، بەسەرۆکی ووت" من و ڕاهۆن، هاتوین بۆ ئێرە، تاکو بتوانین نەخشەی کارێکی گرنگ و نهێنیت لەلا باس بکەین".

سەرۆك، بەتامەزرۆوە، گوێی هەڵخست و ئامادەبوو بۆ بیستنی کار و نەخشەکە و ووتی" فەرموون، پێم بڵێن. چ کارێك و چ نەخشەیەکی گرنگ و چارەنوسسازە، وائێوەی لەم کاتەدا هێناوە بۆ ئێرە؟.

سەرەتا، خانم، هاتە گۆ و ووتی" من، دەمەوێت، پێشەکی لەدەمی ڕاهۆنەوە بیبیستیت". سەرۆکیش، ووتی" باشە". ڕووی کردە ڕاهۆن و ووتی" فەرموو ڕاهۆنی بلیمەت، دەستپێبکە".

ڕاهۆن، بەدەستوری هەمیشەیی خۆی، دەستیکرد بە پیاهەڵدانی مەملەکەتەکەی سەرۆکدا. ڕۆڵی ئەو و کاریگەریی لەسەر ئێستای زەمینەی نێودەوڵەتی و ناوچەکە، بەرز نرخاند. تەواوی دەستکەوتە مێژووییەکانی دەیان ساڵی جەنگ و تێکۆشانی خەڵکی، کردە موڵکی سەرۆك و تاپۆکەی خستە گیرفانییەوە. نزیکەی یەك چارەکە کاتژمێری ڕەبەق، درێژەی بە قسەکانیدا. پاشان، بە نوقلانەی هەستان و ڕاپەڕینی خەڵك و بە لاوازی و بەرکەنارکردنی دەسەڵاتی سەرۆك، لەلایەن حیزب و حکومەت و دەوڵەتانی دراوسێ و جیهانەوە، ترسێکی لەناخی سەرۆکدا چاند، کەخەریك بوو هەر لەوێدا زیرەی دەکرد. هەر مەپرسە، سەرۆك چۆن لەئەنجامی باسەکەیدا پەشۆکابوو! وێڕای ئەمانەش، بەسەرۆکی ووت" پێویستە تۆ خۆت بکەیت بە خدری زیندەی ئاشتی هاوەر". بۆیە، بەتاسەوە، پرسیاریکرد" ئەی چی بکەین؟. چارەسەر چییە؟".

خانم، قسەکەی لەدەمی سەرۆکەوە وەرگرتەوە و ووتی" ئێمە، دەزانین، چ کارەساتێك بەڕێوەیە! بۆیە هاتووین کە پێت بڵێین داخۆ چی دەکەین!".

ڕاهۆن، دەستیکرد بە باسکردنی نەخشەکەیان. نزیکەی دوو کاتژمێری تەواو، بەو باسەوە خەریك بوون. لەکۆتاییدا، سەرۆك، هەردوکیانی سەرپشك کرد، لەهەر کارێك ئەنجامی دەدەین.

مەلا نەجیب، مەلایەکی ڕۆح سوك و دەستپاك و شارەزابوو. تەمەنی چل و دوو ساڵ بوو. زانکۆی شەریعەی تەواو کردبوو. مامۆستای زانکۆبوو و پێشنوێژ و خەتیبی یەکێ لەمزگەوتە بەناوبانگەکانی پایتەخت بوو.

شوناسی ڕاهۆن بوو و زۆری ڕێز لێ دەگرت. هەر جارێك کە دەچووە پایتەخت، سەردانی دەکرد، لەڕووی سیاسی و ئاینی و فەرهەنگیەوە، گفتوگۆیان دەربارەی جیهان و ناوچەکە دەکرد.

ئەو، توانیبووی کۆمەڵێك گەنج لەدەوری خۆی و مزگەوتەکە کۆبکاتەوە و بەردەوام باسی ئاینی بۆ دەکردن و ڕۆشنبیری ئاینیی لەنێوانیاندا بڵاو دەکردەوە. بەهۆی توانای دەربڕینێکی جوان و ڕەوشتبەرزییەوە، ببووە جێگای متمانەی خەڵك. بەمەش، خەڵك بۆ ڕا و تەگبیر و چارەسەرکردنی کێشەکانیان ڕوویان تێدەکرد و ناو و ناوبانگێکی باشی پەیدا کردبوو.

ڕاهۆن و خانم، بەچەردەیەك دۆلارەوە، بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی نەخشەکەیان، خۆیان گەیاندە "مەلا نەجیب".

مەلا نەجیب، کلاوێکی سپیی نەخشاوی سەردەمی عەباسیەکانی لەسەر بوو. قژی سەری هێندە کورت کردبوونەوە، ئەگەر دەستەکانت تێبگیرانایە، تاقە مویەکت بەدەستەوە نەدەهات. ڕیشێکی چیمەنی و سمێڵێکی داتاشراوی هەبوو، بەشێوەیەك، کە لچەکانی قۆقز کردبوونەوە، واتدەزانی دەرپەڕیون. ڕیزێك ددانی شیری و گوپێکی خڕوقنج، دەموچاویان کردبووە گۆزەی سەردەمی فیرعەونەکان. جبەیەکی ئاودامانی نیللی لەخۆهەڵکێشابوو و کراسێکی سپیی لەژێرەوە کردبووە بەربەستی ئارەقە بەردەوامەکانی. بۆنی زەعفەران و مسکی توند، مەلایان کردبووە بازاڕی عەتارەکان.

مەلا، بەباوەشێك ڕێزەوە و بە خەروارێك سۆزەوە، پێشوازی لێکردن. لەماڵە پەڕپوتە سادەکەیدا، چایەکی لێڵیان خوارەدەوە. ڕێزی سەرۆکیان پێ گەیاند و بانگهێشتیان کرد بۆ کۆبوونەوەیەکی خێرا و نهێنی و گرنگ. لەپاش ئەمە، گەڕانەوە بۆ ژووری سورێنی خۆیان.

ئەوان، لەکۆشکی خانم، چاوەڕوانی مەلایان دەکرد، دەنگوباسی هەستانەسەرپێی بێوەژنەکانی وولاتیان پێدان.

ئەمانە، یەك و دوو نەبوون. لەهەر کۆڵانێکدا، پاقلەفرۆشێك بووەستایە، دەیان کەس لەوان لەدەوروپشتی خڕ دەبوونەوە و پاقلەشیان نەخواردایە، لەسەر خۆیان ساخیان دەکردەوە. هەر ترێ فرۆشێك بهاتایەتە گوندێکەوە، ئەوان، بەخۆیان و بە تەنەکەیەك گەنمەوە، دەچوونە لای و ترێکەیان بە چەندین ڕبە گەنم زیاتر لێدەکڕی. کراسێکی ئاودامانی ڕەشیان لەبەر دەکرد و میکیاجێکی کاڵیان دەکرد. لاوە هیچ نەدیوەکانیان بەسەر دەکردەوە و خوانیان بۆ ڕێبوارە نەناسراوەکان ئامادە دەکرد.

ئەمانە، چاوگی هەواڵ و زانستی کۆکردنەوەی زانیاری بوون. هەرکەسێك لەناو ئاودەستخانەی مزگەوتەکانیش، بۆ پشووی گەدە و ڕیخەڵۆکەکانیان، خۆیان لەباوگژ خاڵی بکردایەتەوە، ئەوان دەیانزانی و هەر پاش دەمێکی کورت، بەتەواوی کوچە و شەقامەکاندا بڵاویان دەکردەوە.

ئەمانە، زنجیرێکیان پێك دەهێنا و ئەڵقەکانیان پەیوەست دەکرد بەخۆیان. کەهیچ دەزگایەکی هەواڵگری نەیدەتوانی پێشبڕکێیان لەگەڵدا بکات و گرەویان لێ بەرێتەوە.



ئەمانە، لێویان لێوانلێوبوو لە خرۆشی ناوگەڵیان و چاویان پڕبوو لەداوی ڕاوچییە کۆنە بەئەزمونەکان. هەرچەندە خەڵك بەچاوی بەزەیی و قوربانیی دەستی ئەم ڕۆژگارە بێ دەربەستە تێیان دەڕوانی، لێ ئەوان، بەزەییان بەکەسدا نەدەهاتەوە و باکیان بە زریان و مشەمشی کەنداوی دەریای سوێبەرەوەی دەوروبەریان نەبوون.

ئەمانە، کۆببوونەوە و داوای چارەنوسی خۆیان دەکرد. چارەنوسێك، هیچ ئەستێرەناسێکی ئەم سەردەمە نەیدەزانی لەسەر لمی سیحرەکەیان، بەئاراستەی سەرۆکدا، چ بورجێکیان بۆ گونجاوە. هەندێکیان، مێردەکانیان، لەشەڕی زیندا کوژرابوون و ناوەکانیان ئاوە و ئاو چووبوون. هەندێکی دییان، هاوسەرەکانیان، لەزیندانەکانی سەرۆکدا بێسەروشوێن بوون و بێجگە لە کەرکەدەن و سەرۆك، هیچ بابایەکی دی ئەو وولاتە نەیاندەزانی لەچ جێگەیەکدا، ئەشکەوتیان بۆلێدابوون.

هەواڵهێنەرەکان، ووتیان" ئەمانە هەستاون و تەواوی فەرمانگەکانیان خستووەتە بەر هێرشی توڕەییان" ئەگەر، ڕاهۆن و خانم، چارەسەریان نەکەن، ئەوا تەواوی وولات دەهەژێنن و لەتوڕەیی خۆیاندا دەیانخنکێنن".

ڕاهۆن، چارەسەری کوتوپڕی بۆ دۆزینەوە و ڕایگەیاند" یانەی پەریەکانی بەهەشت دروست بکەن بۆ تەواوی بێوەژنەکانی ئەم وولاتە".

یانەی پەریەکان، بەماوەی دووهەفتە، دروستکرا. تەواوی پەریەکانیان تێترنجان. ئیدی ڕۆژیان بوو. ئەو و سەرۆك و ئەندامانی سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی حکومەت و وەزیرەکان و پەرلەمانتار و کادرەپێشکەوتووەکانی حیزب، کردیانە ماڵی خۆیان و پەریەکانیشیان کردە تێشووی ئارەزووە ناوەختەکانیان. بێجگە لەوەش، بەدەرزەن پەریان کردە خەڵاتی ئەوکەسانەی کەخزمەتی سەرۆك دەکەن.

پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، مەلا گەیشت. ڕاهۆن و خانم و کەرکەدەن، لەبەردەم کۆشکەکەی خانمدا، لەپێشوازیدابوون. بەگەرمی دەستەکانیان گوشی و وەپێش خۆیاندا بۆ ژووری میوان.

خانم، بەڕوویەکی شیرینەوە هەواڵی تەندروستی مەلای پرسی. ئەویش، پاش ئەوەی بەچەند ڕستەیەك خواستی باوەڕداری خانمی لەخودا داواکرد و نوقڵانەی ژیانێکی ئاسودەی لەبەردەم خودادا و بۆخانم، بەگوێی ئێمە بەخشی، بۆ خۆ خۆشەویست کردنیش، ووتی" ئێوە دایك و باوك و گەورەی ئەم گەلەن. دڵنیام هەرچییەك ئێوەبیکەن، لەقازانجی خەڵکدایە".

خانم، پاش پشویەکی کورتی مەلا ووتی" ئێمە، بۆ کارێکی تایبەت و زۆر گرنگ بانگهێشتمان کردوویت. بۆ خۆت دەزانیت، خەڵك ئێستا پێویستی بە کەسێکی وەکو تۆ هەیە تاکو پێشەوایەتیان بکات و ڕزگاریان بکات لەچارەڕەشی".



خانم، لەگەڵ، قسەکردنیدا، بەووردی لەڕووخساری مەلای هەڵدەڕوانی و بەردەوام بوو و ووتی" تۆ کەسێکی کەدەتوانیت پرۆژەیەکی گەورەی بەرنامەبۆداڕێژراو لەپێناویاندا جێبەجێ بکەیت. جا ئەگەر ئەوکارەش بەڕێگایەکی ئاینی بێت، ئەوا خێرەکەی زۆرە و خوداش چاوی لەهەمووانە. بێجگە لەهەموو ئەمانە، تۆ، یەکێکی لەنزیکەکانی سەرۆك و خۆشەویستێکی بێنمونەیت. ئەو، سوێندی خواردووە کە لەژێر چەترەکەی خۆیدا جێگای کردویتەتەوە و بەشێکی گرنگی چارەنوسی مەملەکەتەکەی داوەتە دەست تۆ".

مەلا، لەم باس و خواس و داواکاریانەی خانم شڵەژا و نەیدەتوانی تێبگات. بۆیە ووتی"خوا دەزانێت کەمن سەرۆکم چەند خۆش دەوێت!. ئەو بڵێت بمرە، دەمرم. بەڵام خانم، خوا دەست بەباڵتەوە بگرێت و لەئاگرەسووره بتپارێزێت، لەپێدانی چارەنوسی مەملەکەتەکەت، نەگەیشتم!".

خانم، سەیرێکی کەرکەدەنی کردو ڕووەشیرینە ئەفسوناویەکەی جارێکی دی لەڕووی مەلادا وەکو شەبەقی بەیان، واڵاکردەوە و پێی ووت" جیهان، لەبەردەم هەڕەشەیەکی گەورەدایە و ئێمەش تەواوی دەوروپشتمان بەدوژمن تەنراوە. ئەبێت ڕێ لە هەموو دزەکردنێکی گروپە تیرۆرستیەکان بگرین. بۆ ئەمەش، ئامادەکاریمان کردووە و تەنها ڕابەرایەتیکردنی گەرەکە. بۆئەم پۆستەش، بەپلەی وەزیر، تۆمان داناوە".

مەلا، لەخواستەکەی خانم گەیشت و بەبێ سێ و دوو لێکردن ڕازی بوو. تەنها داوایکرد، ئەرکەکانی پێ بڵێن و چۆن و کەنگێ دەست پێبکات؟.

لەو دەمەدا، ڕاهۆن، هەستی بەئاڵۆشی گیرفان دەکرد، کە بۆ چەردەیەك دۆلار، لە پێوەدانی جێگای چزووە بەجێماوەکانی هەنگێکەوە، دەپەڕییەوە بۆ ژەهری ناو ددانی ماری کورسی وەزارەتێك. لاقی کورسی و ددانی مارەکە ببوونە یەك و ژانی پێوەدانیان، کردبوونیە ئاڵۆشی حەزێکی نادیار.

ئاڵۆشێك، لەهەڵکۆڵین و قوڵکردنی گیرفاندا، وەکو گیاکەڵەی ناو مەزراکان، لەفەوتان نەدەهات. قوڵی دەکرد و بەدۆلار دیوارەکانی دەتەنی. ئیدی وایلێدەکرد، پەنجەرەی بینینی دەبەست و تاقە یەك کونیشی تێدا نەدەهێشتەوە.

سروشتی ئەم ئاڵۆشەی ناو گیرفان، دووفاقە بوو. جارێك، لەکەڵەکەبوونی دۆلارەکەی دەڕوانی و جارێکیش، لەئازاری هەڵکۆڵینی سەر جەستەی خۆی.

مەلا، بەپلەی وەزیر و لەژێر چاودێری و پاسەوانیکردنی کەژاوە تایبەتیەکەی کەرکەدەندا، گەڕایەوە پایتەخت.



ئێوارێی هەمان ڕۆژ، ڕاهۆن، لەتەلەفزیۆنەکەی سەرۆکەوە، لەبەرنامەیەکی تایبەت و ڕووبەڕوودا، ترسی دزەکردنی کۆمەڵێکی ترۆرستی بەڕووی خەڵکدادا. هێزەکانی ئاسایش و دەزگا تایبەتیەکانی کەرکەدەنیشی بە بەرپرسی هەرڕوداوێك تاوانبارکرد.

لەپاش یەك هەفتە، کەللەسەری سێ کەس، لەناو سەتڵی پڕ لەچیمەنتۆدا، لەلایەن خەڵکی سڤیلەوە، لەپایتەخت، دۆزرانەوە و درانە دەستی هێزەکانی ئاسایش.

چەندین نەیاری دڵڕەقی سەر بە حیزبەکەی دژ بە سەرۆك، ڕفێندران و جەستەکانیان بەبێ سەر و بەپارچەپارچەکراوی، لەناو نایلۆنی ڕەشدا، لەسەر شەقامێکی قەرەباڵخ و سەرەکی، لەتاریکیی شەودا، بەنهێنی فڕێدران.

دەیان بازرگان و خاوەن کۆگای گەورە و منداڵی پیاوە ناودارەکان و چەندین کچی خوێندکاری زانکۆباڵاکان و ئەندامێکی زمان درێژ و ڕەخنەگری سەرکردایەتی حیزبەکەی سەرۆك، شوێنبزر کران. تاکو ئێستاش، بێجگە لەمن و سەرۆك و خانم و کەرکەدەن، هیچ کەسێکی تر نەیزانی چیان بەسەرهات.

لەشەوی یەڵدادا، لەناو ئاپۆرای خەڵکی سەرشەقامێکی ناوەڕاستی پایتەخت، بۆمبێك تەقیەوە و سەدان کەسی کردەقوربانی.

ئیدی، وولآت بووە ترساوستان. هەرکەسێك، ناڕەزایی بەرامبەر سەرۆك و حیزب و حکومەت دەربڕیایە، شەوێ، سەریان دەگرتە چیمەنتۆ و لاشەکەشیان بەچەقۆ کەرتوپەرت دەکرد و لەناو نایلۆنێکی ڕەشدا، لەتاریکاییەکدا، فڕێیان دەدا.

ڕێکخراوێکی سڤیل، کۆمەڵێك گەنج و خوێندکاریان کۆکردەوە و لەبەردەم باڵەخانەی پەرلەماندا، خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان دژی ئەودۆخە سازکرد. بۆ شەوی پاش ئەو ڕۆژە، هەموویان کەژمارەیان 96 کەس بوون، یەکەبەیەکە، لەناوماڵەکانی خۆیان کوژران.

یەکێ لەجێگرەکانی سەرۆکی پەرلەمان و پێنج ئەندام پەرلەمانی زۆربلێ، لەماشێنێکی بۆمبڕێژکراودا، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبەکەوە بوونە مشتێك خاشاك و هەموویان لەتورەکەیەکدا کۆکردنەوە و لەڕێوڕەسمێکدا، ناشتیانن.

سبەینێیەکی زوو، وەفدێکی دووکەسی، یەکێ لەوولآتانی خۆرئاوا، لە ئوتێلێکی چوارئەستێرەدا، بەمردوویی دۆزرانەوە.

ڕۆژنامە و گۆڤارە حیزبی و حکومیەکان، تەواوی ڕووپەڕی لاپەڕەکانیان کردبوونە وێنەی قوربانیەکان.



لەمانشێتی ڕۆژنامەیەکی حیزبیدا و بەخەتێکی ڕەشی گەورە، کەلەسەر وێنەی دەستێکی بڕدراوی قوربانییەك، نوسرابوو" بەهۆی ناڕەزایەتییەوە لەو بارودۆخەی کە تاقمە تیرۆرستیەکان هێناویانە، دەستیان لەبنابڕی".

لەمانشێتی گۆڤارێکدا، لەسەر وێنەی دەموچاوی ژنێك، کەلەبەر خوێنی وشکهەلآتو و شێواندنی بەئەنقەست، باش نەدەناسرایەوە کەداخۆ کوێندەریەتی، نوسرابوو" سەریانبڕی و سەرەکەیان بەجیا فڕێداو لاشەکەشیان هەتك کرد".

لەمانشێتێکی تری ڕۆژنامەی حیزبێکی بچوکی هاوەڵ و هاوپەیمان و خزمی حیزبەکەی سەرۆکدا، کەگوایە حیزبێکی خێرخوازن، لەسەر وێنەی دووقاچی بڕدراو، نوسرابوو" هەرکەسێك ئەم قاچانە دەناسێتەوە، تکایە تاکو بۆگەنی نەکردووە، با بێتە ئۆفیسی ڕۆژنامەکەمان و بیانباتەوە"

ڕاهۆن، لەوماوەیەدا، دەیان وتاری نوسی و بڵاوی کردەوە. لەوتارەکانیدا، هێرشی دەکردە سەر وولآتانی دراوسێ و کارەساتەکانی بەدەستی ئەوان دەناساند. دەستی دەرەکیی دەکردە دێوەزمەیەك و خەڵکی پێ دەتۆقاند. لەکۆتاییشدا، لەجیاتی هەموو خەڵك، داواکاری پێشکەشی بەسەرۆك دەکرد، تاکو پەلە لەبنبڕکردنیدا بکات.

گروپە تیرۆرستیەکان، هەموو جێگەیەکیان تەنی بوو. ووڵاتیان ونجرونجڕ کردبو. ئیدی هیچ شتێك لەجێگای خۆیدا نەمابوو. خەڵك، لەترساندا، بەکۆمەڵ ڕویان لەدیوەخانی سەرۆك دەکرد و داوای پاراستنی گیانی خۆیان دەکرد.

ئیدی ترس و مردن، هەموو جێگایەکی گرتەوە و سەدان، گەنجی تازەپێگەیشتوو، بەتاك و بەکۆمەڵ، جانتاکانیان کردە شانیان و بەرەو وڵاتانی خۆرئاوا، لەترسی مردن و بێسەروشوێنکردن، قوچانیان و تاکو ئێستاش نەگەڕاونەتەوە.

نۆبەی سەرۆك بوو کەقۆڵی لێهەڵماڵێ و ئەم شەپۆلە ترس و تۆقاندن و مردنە بوەستێنێت. دەبوو سەرۆك، ئاسایش و هێمنی، بۆخەڵك دەستەبەر بکاتەوە و ووڵات بگێڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی. ئەگەر نا، وڵات، کەسی تێدانامێنێ و مەملەکەتێکی چۆڵ و بێچرپە دەمێنێتەوە.

سەرۆك، چێشتەنگاوی ئەو ڕۆژەی کە هەردوو تەرمی وەفدە بێگانەکەیان دۆزییەوە، لەکەناڵە تەلەفزیۆنەکەی خۆیەوە، پاش خوێندنەوەی وتارێکی دوور و درێژی سیاسی، بەڵێنی بەخەڵکدا کەلەماوەیەکی کەمدا چارەسەری ئەو کێشە گەورەیە دەکات. ئیدی سەرۆك، پاش گەشتێکی خورمایی بەناو مەرگی دانیشتوانی مەملەکەتەکەیدا، ڕوویکردەوە ناو چیمەنی سەرتەختی کورسییە ئاڵتونیەکەی و دەستی لەڕمبازێنی ئەسپەکەی ژێری، بەو لغاوەی ئێستایەوە، هەڵگرت.



لەپاش یەك ساڵ و نیو لە کوشتن و بڕینی خەڵك، لەتەلەفزیۆنەکەی سەرۆکەوە، مژدەی کۆتاییهاتنی ڕوداوە کارەساتبارەکان و دەستگیرکردنی تاقمە تیرۆرستیەکەیان بەخەڵك ڕاگەیاند و خەڵکیان ئاگادارکردەوە کە " پاش ماوەیەکی کەمی چەند کاتژمێری، دەستگیرکردنی ئەو کۆمەڵە دوور لەڕەوشتی مرۆڤانەیەتان نیشان دەدەین".

هەواڵەکە، وەکو ئۆکسجین، بەلوتی هەمواندا تێپەڕی و بووە تەپڵی ناو سیەکان. ملیۆنەها خەڵك، خۆیان بەپەلەپروسکێ گەیاندە ماڵەوە و لەبەردەم تەلەفزیۆنەکانیاندا و بەدیار کەناڵەکەی سەرۆکەوە، دانیشتن.

کەرکەدەن، بەخۆی و سمێڵە تازەتاشراوەکەیەوە، لەبەرنامەیەکی خێرا و بەپەلەدا، وەڵامی پرسیاری پێشکەشکاری بەرنامەکەی دایەوە. ڕاهۆن، دەیزانی مەلاو تاقمەکەی کەلە 15 کەس پێکهابوون، لەژێر پارێزگاریکردنی کەژاوەی پاسەوانەکانی کەرکەدەندا، براونەتە لای سەرۆك".

لەوێندەر، سەرۆك، بەمەلای گوتبوو" من، شانازیت پێوەدەکەم. بەو هەموو خزمەتەی کەکردت بە مەملەکەتەکەم".

مەلا، بزەی هاتبوێ و بەسەرۆکی گوتبوو" من، تەنها نۆکەر و خزمەتکارێکی تۆم".

سەرۆك، دووافەرمانی بەمەلا ڕاگەیاندبوو، وتبووی" دووائەرکت ئەوەیە کە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیت ماوە و باسی هەموو ئەو کارانە بکە کە ئەنجامتانداوە".

پێشکەشکار، کچێکی ئەسمەری چاو و برۆڕەشبوو، بەزەردەخەنەیەکەوە لە کەرکەدەنی پرسی" ئایا، هەموو تیرۆرستەکانتان دەستگیرکرد؟". کەرکەدەنیش وەڵامی دایەوە و وتی" بەڵێ، پاکمانکردنەوە".

لەهەواڵەکەدا، وێنەیەکی مەلا و کۆمەڵێکی 15 کاسییان نیشاندا، کە بکەر و ئەنجامدەری تەواوی ئەو کوشتارانە بوون، کەلەپایتەخت و دەرەوەیدا ڕویاندابوو.

کەرکەدەن دەیگوت" مەلا، نەیدەزانی پاش جێبەجێکردنی دووافەرمانی سەرۆك، چی ڕوودەدات؟. بۆیە شڵەژا و ترس دایگرت. لێ تازە هیچ نەدەکرا و نەشیوێرا بپرسێت کەداخۆ چارەنوسی بەکوێ دەگات. ئەو، هەرگیز بەخەیاڵیدا نەدەهات کە سەرۆك لەناوی بەرێت! پێی وابوو، پاش بەجێهێنانی ئەو ئەرکە بەدڵی سەرۆك، نەجاتی دەبێت. بەڵام لەکۆتاییدا وادەرنەچوو. بەڵکو ڕاستەوخۆ، هەموویان، برانە زیندانێکی تایبەتەوە و هەر لەوێش، چاوپێکەوتنەکەیان ئەنجامدا. لەپاش مانگێکی پڕ، هەموویان لەسێدارەدران".



خەڵك، بەگشتی ببوونە گەڵ. لەناو چڵ و چێوی دارێکی مازودا کۆکرابوونەوە و ئامادە کرابوون ببنە خواردنی زستانێکی قورس. خۆیان دەبینی، دەتوێنەوە و دەبنە دوکەڵێکی سپیی پاش توانەوەی مۆمێک. هەرچی خواخوێنەکانی میحرابە، شەوکوێر ببوون و بەسەر یەکدا دەکەوتن. ئەویش، بەهەڵەداوان دەهاتەوە بۆلای گوێسوانەیەکی ڕوت.

ئێزنگی ناو تەندوریان لێ ببوە گۆپاڵ و خۆیان دەدیت، بەدەم گڕگرتنی کوانوویەکەوە هەرچی بڵێسەیان هەیە، لەبنی مەنجەڵێکی زنجیردار دەدات. دەیانبینی، هاکا بەتەواوی کپ دەبێت و دادەمرکێتەوە.

ئەوان، هەمێستا، لەناو شەپۆلی دەریایەکی ڕەشدا، مەلەی هاکا خنکانیانە. هێزێك، دەچێتە سەر زمانەی ورگیان و ژەمە خواردنە ناسکەکانیان دەوەستێنێت. سیەکانیان تەنگ دەکا و پەستانی هەڵمژینی هەوایان بەئاستەم دەهێڵێتەوە.

ڕاهۆن، لەناو ژوورەکەی خۆیدا، لەتابلۆیەکی هەڵدەڕوانی. تابلۆکە، چووارچێوەیەکی گەنمڕەگی هەبوو. وێنەی دووباڵی تێدادرووست کرابوو. باڵەکان، بەدەم باوە و لەئاسمانێکی سافدا، جولابوونەوە. هەڵۆیەك لەژێر باڵەکاندا زاری بەرەو زەوی کردبۆوە. بەسەر زەویەکی پان و پۆڕی پڕ لەدرەخت و گوڵ و گوڵزار و گوژوگیای سەوزوە وەستابوو کەلەدامێنی کێوێکی بەرزی سەرسپی بەبەفرەوە

خۆیان تێکەڵ بەدیدەکانی چاو دەکرد. کێوەکە ئەشکەوتێکی تێدابوو. بەڕەنگێکی سپی گەش، لەلێواری ئەشکەوتەکە نوسرابوو( وولاتی سێ گەوهەر).

ڕاهۆن، ئەو تابلۆیەی لە ڕەخسانە، بەدیاری وەرگرتبوو. ئەو تابلۆیە، هەمیشە دەبردەوە ئەوێندەری کەتازە بەتازە، ڕەخسانە، کچێنی ی خەرمانەی دابوو. بۆ دەستلێدانێکی بەشەرمەوەی مەمکەکەکانی، دەهاتە ژێر کەپری سەرشۆرکەکەیان و بە سوربوونەوەی پێستە سپیەکەی دەم و چاویەوە دەچووەوە دەرێ. دەچووەوە ئەوێندەری شەوە سورەکانی تازەگی هەڵچونی سۆز و ژوانە ناوەخت و خێراکانی. دەچووەوە ئەوێندەری ئەو شەوەی بەخۆی و نامەکەیەوە سوێندی بۆدەخوارد و خۆی تێ هەڵدەسوو.

ئەو، ئێستا، چۆتەوە بۆ ئەوێندەر. بۆ ئەو شەوەی لەناو سەرشۆرکەکەیاندا، ڕانەکانی ڕەخسانەی بەدەست دەگوشی. بۆ ئەو چرکەساتەی جەستەی خۆی لێوانلێوکرد لەڕەخسانە و خوێنە جەرگیە شیلاویەکەی لەگەڵ لینجاوێکی سپیدا بەسەر سمتەسپیەکەیەوە دەهاتە خوارێ و بە دەرپێ کودەریەکەی دەیسڕی.

ئەو، ئێستا، لەگەڵ سروەی بایەکی بەژاڵدا، بیرەوەریەکانی بەچرپە پێدەگات. بەئەسپایی، ژیوارێکی شیرینی بیردێنێتەوە. ئەو، دەیدی کە ڕەخسانە، بەپۆژمانەوە لەچێژی ژیلاوکی شوێنەوارەکەی هەڵدەڕوانی. لێ تازە چی لەدەست دەهات!.



تازە ئەو، ژیانی ئالاَبوو بە دێوەزمەی حەزێکی هەڵخەڵەتێنەری کاتییەوە. نەدەیتوانی لابایەك بخولڤێنێت و بەرەو ئەوێندەری پێش چەندساتێکی ڕووداوەکەی بباتەوە و نەدەیتوانی خۆبینیەکانی ئەودەمەی لەتەك ڕاهۆندا، لەبیرخۆ بەرێتەوە. ئای ئەم تابلۆیە، کەلە بێئاگاییەوە ئەم بیرەوەریە پۆخڵەی خۆی تێدا هەڵگیراوە، چەند بەرچیخ خەمی لەناخی خۆیدا شاردۆتەوە!.

ئەو، دەیزانی، کەڕەخسانە پێی وایە، خومگەری دەسماڵەکەی، سەراپای مێژووی ژیانی، ڕاهۆن بوو. دەیزانی هەنوکە، لەناو بیرەوەریەکانیدا، هێند دەستەوستانە کە ناتوانێت بۆ چرکەیەك چییە جێیان بهێڵێت!.

ڕەخسانە، سکی سێ مانگان بوو کەشوی کردبوو بەڕاهۆن. هەڵبەتە، بەبێ هیچ پێشەکی و پاشەکیەك ڕازی ببوو شو بە ڕاهۆن بکات. ئاخر ئەگەر ئەمەی نەکردایە ئابڕووی دەچوو. ئەگەر ئەوەی نەکردایە، ئەوا وەکو هەموو ئەو کچانەی تر، تەنها لەبەر خاتری چێژێکی مرۆڤانەیان دەکوژرا.

ئەو، دەیزانی بێهودەیە ڕاوەستان و چاوەڕێکردن. بێهودەیە پاڕانەوە لەبەردەم خەنجەری ڕقی پیاوە شەرەف پەرستەکاندا. ئەوان، لەپێناوی ناوگەڵی ئەمدا، نەك خۆی، بەڵکو ڕاهۆنیشیان دەکوشت. ئیدی، سمێڵیان بادەدا و بەخەندەوە لەناو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا باسی قارەمانێتی خۆیان دەکرد و داستانیان بۆ هەڵدەبەست.

ئەو دەیزانی، قریشکە و هاواری بەهیچ کەس و بەهیچ شوێنێك ناگات. لولەی تفەنگەکانیان ڕووتێدەکرد و خەڵتانی خوێنیان دەکرد. دەیزانی، ئەوان، هەست بە ئازار و ترسی ئەم ناکەن. ڕایدەکێشن بەسەر زەویدا و دۆلکەیەك نەوتی پێدا دەکەن و بەچەرخێکی پڵێتەدار ئاگری تێبەردەدەن. ئەو دەیزانی، ئەوان، ئارەزووی بۆنی گۆشتی سوتاوی لەسەر شەرەف کوژراوێك دەکەن. تەنانەت بەبۆنەکەی ئاسودە و ئارام دەبنەوە و ڕقەکەیان دادەمرکێتەوە.

ئەودەم، لەناو گوشراوی ترسی مردن و چرکەساتەکانی ڕاڕاییدا، ڕقی لەڕاهۆن دەبۆوە و ئەوی دەکردە هۆکاری گرفتەکەی. ئەم خەملاندنە، هۆکاری ئاڵۆسکانی گرێکوێرەکانی ئەودەمی ژیانی بوو. لێ هەر پاش ئەوە، ڕێگاچارەی دۆزیەوە و بڕیاری یەکلاکەرەوەیدا.

ئەو، دەیزانی کەوتۆتە ناو چاڵی کەلتوری مەرگی شەرەفەوە و تەنها بەڕاهۆن دەردێتەوە و بەهۆی ئەویشەوە، ڕەوانی لەناو جەستە ژاکاوەکەیدا دەمێنێتەوە. بۆیە، شەوێ، کەئەو دەم سکی دوو مانگ بوو، لەناو سەرشۆرکەکەیان کە لەناو حەوشەی ماڵەکەیاندا بوو، بەڕاهۆنی گوت" ڕاهۆن، من سکم هەیە. بۆیە دەبێت دەست و برد بکەیت و بێیتە خوازبێنیم. ئەگەر وا نەکەیت هەردوکمان دەکوژن".

ڕاهۆن، هەرکە گوێی لەهەواڵەکە پڕ ببوو، ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو و گیانی وەکو بی ی قەراخی لافاو، کەوبوونە لەرزین.



هەر ئەو شەوە، بەپەلە پروسکێ، خۆی گەیاندبووە ماڵێ و دایکی لەتەواوی ڕوداوەکە تێگەیاندبوو. دایکیشی باسەکەی بۆ مێردەکەی گێڕابووەوە و بۆ ڕۆژی دوایێ، لەگەڵ خزم و کەس و کارەکەیدا، چووبوونە خوازبێنی. ماڵی ڕەخسانەش، وەڵامی ئەرێنیان دابوویەوە و ڕازی ببوون. پاش ئەمەش، سێ هەفتەی پێنەچوو، هاوسەرگیرییان کردبوو.

ڕاهۆن، لەبەرامبەر تابلۆکەدا، بەهێمنی وەستابوو و لەبەرخۆیەوە دەیگوت" ئەی بوکە سپیکەڵانە سێ مانگانەکەی پێش دەروازەی هاوسەرگیریم، وەنەبێ بەندە، ئازارەکانی ئەوێ ڕۆژم بیرچوبێتەوە. بەندە، بەدەم ئازارەوە لەئارانی هەردوکماندا بوومە جوتبەندەی خۆشەویستیمان. ئەوەی لەکەلەوە تێم دەڕوانی، زەمینی جەستەکەت بوو. نەدەتوانم جارێکی دی بیگەمێ و نەدەشمتوانم لەبیری خۆمی بەرمەوە. هەمێستا، بەندە، بەناچاری، هەنگاو بەسەر ئەو کەلاوە خاپورەدا هەڵدەهێنمەوە..... ئای ڕەخسانە. تۆ دەزانیت، دەیزانی کە مێردە لێهەڵبڕاوەکەت چەند زمان لوس و هەڵخەڵەتێنەرە!. دەشزانی کە هەر ووشەیەکم نوسیبێت، لەژێر گابەردی ماناداردا وەکو کانیەك هەڵقوڵاوە و گژوگیای مەبەستم پێ ئاوداوە".

چاوی لەسەر تابلۆکە لابرد و لەپەنجەرەی ژورەکەیەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد. تابلۆیەکی دیکە، بەسەر ڕووکاری سەرەوەی پەنجەرەکەوە هەڵواسرابوو.

ئەو تابلۆیەی لەبەر ڕۆشنایی بیرکردنەوە و دیدوتێڕوانین و باوەڕەکانی خۆی، لەلایەن وێنەکێشێکی شوناسیەوە بۆ کێشرابوو. تابلۆکە، کۆمەڵێك کۆتر بوون لەناو جەستەی چەند ژنێکدا و لەسەر بانی مزگەوتێکدا، بەدەستی پیاوێکەوە هەڵفڕێنرابوون. ئاخر، ئەو پێی وابوو، کە ژن، هەڵفڕێنەری دەستی پیاوە. ئافرێندراوێکە بۆ چێژەکانی پیاو. پێی وابوو، ژنان، لەپانتایی باوەڕگەرایی پیاوەوە خوڵقاون. ئەوان، پارێزەری بیروباوەڕە بەرهەم هاتووەکانی پیاوانن. تەنانەت کەخۆشیان باوەڕیان بە بەرهەمەکانیان نەما، ئەمان هەربۆیان دەپارێزن. کەواتە ژنان، چەقی قورسایی بیروباوەڕەباو و بەرهەمهێنراوەکانی پیاوانن. ئەوان، ئەرکی پاراستنیان لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لەئەستۆدایە.

هەنوکە، نیشتمان، کوشتارگەیەکی داخراوە. لەناو ئاپۆڕای قوربانیەکاندا، ژنان تێیدا، زۆرینەن. یەکێك لەچێشتخانەکەیدا، خاوەنی سێ منداڵە و بەهۆکارێکی نەزانراو، خۆی خنکاندووە. یەکێکی تر، بەدەستی باوکی کوژرا و پاش سێ هەفتەش باوکی بە لێبوردنی تایبەتی سەرۆك ئازادکرا. سێ خوشك، لەلایەن چەکدارێکی نەناسراوەوە بە چەکی کلاشینکۆف کوژران. لەپاش ساڵێکیش، پۆلیس، بەبیانووی پشکنینی پزیشکی گۆڕەکانیانی هەڵداوەتەوە.



دەستەیەك کیژۆڵەی تازەپێگەیشتوو، لەناو بازاڕدا، لەلایەن کۆمەڵێك گەنجی ڕیش درێژەوە تێزابیان بەقاچ و دەموچاودا کراوە و شێوێندراون. کچێکی تر لەگوندێکی دوورەدەستدا، بەهۆکاری خۆشەویستی حەرامکراو، سەنگەسار کراوە. کچێك ڕفێندراوە و کەس نازانێت کێ ڕفاندویەتی و بۆچی ڕفێندراوە. دایکێك، بەخۆی پێنج منداڵی کچەوە، لەتەقینەوەیەکدا تێدا کوژران. سەری ژنێکیان لەناو زێرابی گشتیدا دۆزیەوە و جەستەکەیان دەست نەکەوت و سەرەکەیان بەتەنها ناشت. ئیدی، کاتێك ژنان، دەبنە نێچیری بەردەوامی پیاوان، قوربانیکردنیان بەهەر بیانویەکەوەبێت حەڵاڵ کراوە. کەچی لەبەرامبەردا، ئەوان پێیان وایە، پیاو، گەورەی ماڵ و بەرپرسی یەکەم و باڵەخانەی پشوودانی ژیان و کێوی ژێر پشتی حەسانەوەی ماندوێتی و پارێزگاریکەریانە!

لەم کوشتارگەیەدا، کە ئەوان، خۆیان بەتیرۆر و کوشتن و بڕین و خەڵەفاندنی خەڵکەوە سەرقاڵ کردبوو، بێ ئاگابوون لە کەمی باران و ووشکەساڵی. ئەوساڵە باران کەم باری و دەخڵ و دان کەمی ڕوابوو. پاش ئەودەمەش، بازاڕ لاواز ببوو. کڕین و فرۆشتن کزببوو. سن و کوللە تەواوی ئەو دانەوێڵانەی کەمابوون، خواردبووی. کەم جوتیار هەبوو دووڕبە گەنمی بەساخی بۆ دەرچووبوو. هەموو سەرسام مابووینەوە و دەستەوسان وەستابووین.

گرانی وڵاتی گرتبووەوە. هیچ شتێك لەكڕین نەدەهات. خەڵك ماڵ و سامانی خۆیان هەموو فرۆشت و دایان بەهەقی ژەمێك خواردندا. لەم كاتە قات و قڕەدا، كەسێك نەیدەتوانی پێشبینیەكانی ڕاست پێبهێنێت. بێجگە لەمن و خانم و سەرۆك، هیچ كەسێك نەیدەزانی دەبێت چی بكەن و چۆن خۆیان لەدەستی ئەم قەیرانە ڕزگار بكەن.

هەندێك، ئێستاشی بخەیتە سەر، هێشتا، دیوێكی گرنگی ئەو بیرۆكانەی ڕاهۆنی لەنادیاردا بەجێ هێشتووە. زۆرێك، لەودەمی گرانی و فڕكان فڕكانەدا، بەدووی ناندا، لە سەروپێچكەی دۆخەكە نەدەگەیشتن. ڕێگاكان، لەبەردەمیاندا، تەم و مژاوی بوو. دەست و پل سپی و بێ چارەسەر، بەئایندەیاندا هەڵدەڕوانی. ئیدی هەر مەپرسە چۆن دەگوزەرا!.

سنوور، ببووە جێگەی هاودەكردنی قوتی خەڵك. باربەر و قاچاخچییەكان، لەدەمی سنوری وڵاتانی دراوسێوە هەموو كاڵایەكیان دەهانی و بازاڕیان بۆخۆیان قۆرخ كردبوو.

هەندێك، لەپیاوماقوڵانی حیزب، چووبوونە لای سەرۆك و ناڕەزایەتییان دەربڕیبوو. لێ سەرۆك، نەیتوانیبوو نێوانیان بكات و چارەسەرێكی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە. ئیدی هەر قاچاخچی و باربەر بوو، گەیشتبوونە نزیكی ملیۆنێری.



دەوڵەمەندبوونی ئەم لات و لورانەش، بێگومان كارەساتی بۆ حیزب دەنایەوە. نەدەبوو هیچ كەسێك لە حیزب دەوڵەمەنتربێت. دەنا پێگەی حیزب لەناو بازاڕ و جەماوەرو كێڵگەی سیاسی هەرێمەكە و جیهاندا دەكەوتە خەتەرەوە.

یەكێ لەو باربەرانە، لەماوەیەكی كەمدا، توانی مزگەوتێك لەسەر ئەركی خۆی لەگەڕەكێكی هەژارنشیندا و لەلای ڕۆژهەڵاتی شارەوە، دروست بكات. پاش ماوەیەكی كورتی دی، قوتابخانەیەكی هەژدە ژووری بۆ دوودەوامی بەیانیان و ئێواران، هەر لەسەر ئەركی خۆی دروست كرد و بڕیاریشیدا، موچەی دووساڵی مامۆستاكان بدات.

ئەم تازە دەوڵەمەندە، باخچەیەكی بۆ منداڵان، لەناوەڕاستی بازاڕی سەڕاجەكاندا بنیادنا و سەدان جۆری گوڵ و درەختی تێدا ناشت و جۆرەها یاری منداڵانی تێدا دروست كرد. پەیكەرێكی خۆیشی، لەناوەڕاستی باخچەكەدا بەهەزاران دۆلار، بەدەستی پەیكەرتاشێكی كارامەی ئەو سەردەمە دروست كرد.

ئەم دەنگوباسانە، بەرپرسە حیزبی و حكومیەكانی توڕەكرد و سەرۆكی بەیەكجاری ناڕەحەت كرد. بۆیە لەكۆبوونەوەیەكی بەپەلەی سەرۆكی حیزب و پیاوماقوڵانی حیزب، بەبیانووی شكاندنی شكۆی حكومەت و حیزب، بڕیاردرا، لەناو ببرێت.

هەر ئەو ڕۆژەی بڕیارەکەیان دەرکرد، کەرکەدەن بەخۆی و چەکدارە دەمامکدارەکانییەوە، هەڵی کوتایە سەر ماڵەکەی و لەکاتی نانخواردنی ئێوارێدا، بەفیشەك، خەڵتانی خوێنیانکرد. شەوێش، لەتەلەفزیۆنی حیزبەکەی سەرۆکەوە، هەواڵی کۆچی لەناکاوی خێرخوازێکی نمونەیی و دڵگەورەیەکی ئەم شارە خۆشەویستە، بڵاوکرایەوە و بانگهێشتی خەڵکیش کرا بۆ ئامادەبوونی تازیەکەی. بەبڕیاری سەرۆك و پیاوماقوڵانی حیزبیش، پارەی تێچوونی تەواوی تازییەکە، بۆ ئەو خێرخوازە نمونەییە، خرایە سەر حکومەت.

لەپاش ئەم ڕووداوە، ئێوارەیەکیان، ڕاهۆن، بەتەنها، لەسەربانی ماڵی سەرۆك، بەسەر لێواری ستارەی باڵەخانە دوو نهۆمییەکەیاندا، لاقەکانی بەردابوونەوە و لە ناو چیمەنە سەوزەکەی ناو حەوشەکەی هەڵدەڕوانی. تەواوی شاڕێگەی بیرکردنەوەکانی لەیەك ئەشکەوتە ڕێگای باریکدا خستنەوە سەریەك و لەکۆتایی ڕێگەکەشدا، نەخشەیەکی ئەهریمەنانە لەناو بیرکردنەوەکانیدا، لەدایك بوو!.

سەرەتای نەخشەکەی، لەوەڵامی ئەو پرسیارەوە سەریهەڵدا. پرسیارەکەش کە لەخۆی کردبوو و هەر خۆشی وەڵامی دابۆوە ئاوابوو" ئەگەر بتەوێت سوود وەربگریت لەم دۆخە، چی بکەیت باشە؟". " دەبێت سن و کەللە بڵاوبکەیتەوە و گرانی لەوڵاتێدا بخەیتەوە و خەڵك، برسی بکەیت".



" ئەدی چیی تر؟ : پێویستە، سنوور کۆنترۆڵ بکەیت". " ئەدی چیی تر: دەستبگریت بەسەر بازاڕی ناوخۆدا و موشتەری و فرۆشیارەکان هی خۆت بن".

لەئەنجامی وەڵامەکەیدا، موچوڕکێك بەلەشیداهات. تەزویەك، تەواوی جەستەی لەرزاند. لێ دەبوو پێش هەموو کەسێك، خانم بگەوجێنێت، ئەوجا ئەویش سەرۆك بقەبڵێنێت. سەرۆکیش، بیکەسێنێت و بیکاتە موڵکی خۆی و پیاوماقوڵانی حیزب و خزم و کەسوکارەکەیان شەریك بکاتەوە. بۆیە، خۆی گەیاندە خانم و نەخشەکەی پێڕاگەیاند. ئەویش، بزەیەکی هاتێ و وتی" خۆت خاوەنی بیر و بڕیاردەریت. چیت بەباش زانی، بەبێ قەید و خۆبەستنەوە ئەنجامی بدە. ئەرکی تەواوی تێچونەکەشی، من لەئەستۆی دەگرم. خەمی سەرۆکیشت نەبێت. سبەینێ دەچمەلای و ڕازی ی دەکەم".

لەماوەی سێ هەفتەدا، هەموو پێداویستیەکانی ئامادەکرد. ڕێکخراوێکی خێرخوازی ڕێکخست، تاکو 10 تۆن، گەرای سن و کوللەی بۆ بهێنێت. کۆمەڵێك خوێندکاری تازە دەرچووی کشتوکاڵیشی کۆکردەوە و لەبەشێکی تایبەت بە چاودێری کشتوکاڵیدا و لەژێر ناوی "دەزگای والاکەری نیشتماندا" دایمەزراندن و پسپۆڕێکی بوواری سن و کوللەشی کردە سەرۆکیان.

دەستەکە، تەواوی گەراکانیان، لە وڵاتێدا بڵاوکردەوە. هەر پاش یەك دوو مانگ، کە بەهارێ گەیشتە گوڵان، ئیدی سن و کوللە، لەوڵاتێ وەربوون. هێند زۆر بوون، کەوەکو پەڵەهەور بەئاسمانێدا دەفڕین. بە پەڵەگەنم و پەڵەجۆوە دەنیشتنەوە و شیلەکەیان دەمژی. پاشان، بەگەڵاکانیانەوە دەئاڵان و دەیانخوارد.

هەڵبەتە، ئەو، بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی، چارەسەرێکی مامناوەندیشی بۆ دۆزیبووەوە.

لەڕێگای دوو بازرگانی خزمی یەکێ لەدەمڕاستانی دیوەخانەکەی سەرۆکەوە، داودەرمانی سن و کوللەی هانیبووە بازاڕەوە. لێ ئەم دەرمانانە، نەیدەتوانی بەتەواوی بیانکوژێت و لەناویان بەرێت، بەڵکو حۆلی دەکردن و دەیبوراندنەوە، هەر پاش چەند کاتژمێرێك لەدووای دەرمان ڕشاندن، هەڵدەستانەوە و دەستیاندەکردەوە بە پەلامار.

سن و کوللەی ئەوساڵە، هیچیان نەهێشت. هەرچی هەبوو ماشییانەوە. زیانێکی زۆریان گەیاندە دانەوێڵەی ئەوێ ساڵ. خەڵکیش، دەست بەتاڵ و ماڵوێران و هەژار و نەدار و برسی مانەوە. ئیدی سەرەی خۆیان بوو دەست بوەشێنن.



لەڕێگای کۆمەڵێك بەتالیۆنی تایبەت بە سەرۆك و هەندێك هێزی چەکداری خاوەن متمانەوە، لەتەواوی سنورەکاندا، بنکەی گومرگیان دانا و تەواوی قاچاخچیەکانیان بە تۆمەتی بەتاڵانبرنی سامانی خەڵك و کاری نایاسایی، لەزیندانێدا توندکرد. چەردەیەك قاچاخچیان لە خزم و ئەقرەبا و نزیکەکانی خۆیان ساز و ئامادەکرد و بە هەزاران هێستر و کۆڵبەری نوێوە، ناردیاننە جێگای ئەوان. بەم پێیە، هەرچی دەهات و دەچوو هی خۆیان بوو. دەستیان بەسەر نرخی کاڵا و بازاڕداگرت. ئالێرەوە، دەستیان پێکرد. لەقاچاخچێتی بە هێستر و کۆڵبەری بێچارە، لەسەر سنورەوە، پەڕینەوە بۆ کردنەوەی خاڵی گومرگی فەرمی لەنێوان وڵاتە دراوسێکانیاندا و لەوێشەوە بە پاپۆڕ و فڕۆکە و شەمەندەفەر و لۆری، خۆیان گەیاندە بازاڕەگەورەکانی ووڵاتانی تر.

ڕۆژێکیان، خانم، ئارەزووی سەفەری هەستابوو. ئەویش، لەوێ نەبوو و چووبووەوە بۆ شارۆچکە زەردهەڵگەڕاوەکەی خۆی. خانمیش، تەلەفۆنی بۆکرد و پێی وت" ڕاهۆن، دەمەوێت سەفەرێك بکەم و تۆشم لەگەڵ بیت. هەڵبەتە دەخوازم بچینە شارێك کەلەسەر کەناری دەریابێت و بۆ ماوەیەك لەوێندەر بەسەربەرم". هەر ئەوەی وت و تەلەفۆنەکەی داخستەوە. ڕاهۆنیش، زۆر بەپەلە، جانتا دبلۆماسییەکەی ئامادەکرد و پاسپۆرتەکەی و هەندێك کاغەزی بەتاڵ و چەند پێنوسێك و چەردەیەك دۆلاری تێ ئاخنی.

کراسێکی پەمەیی و چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەشی قەترانیی لەبەرخۆی هەڵکێشا و بۆینباخێکی جەرگیی لەسەر بەست. جوتێك گۆرەوی سپیی کردە پێی و پێڵاوێکی لوتباریکی چەرمی بریقەداری کرد بەسەر پێکانیەوە و بە ماشێنە بی ئێمەکەی کە سەرۆك، لەبەر دڵسۆزیی، بۆی کڕیبوو، سواری بوو و کەوتە ڕێ بۆ کۆشکەکەی خانم.

ئەودەم، هێڵی گواستنەوەی ئاسمانیمان نەبوو. نەیاندەتوانی بەئارەزووی خۆیان بفڕن. بۆیە بەناچاری، پێش ئەوەی بگاتە کۆشك، لەڕێگا، لایدایە ماڵی یەکێ لە دەمڕاستانی دیوەخان. ئەو، لەکۆشکێکی دوو نهۆمی ی بە باخچە دەورەدراودا دەژیا. کۆشکەکەی لەسەر دەم و لێواری چەمێکی پڕ لەئاودا دروست کردبوو. بە ڕەنگێکی سپی نەتری دیواری خانووەکەی پەردەپۆش کردبوو. ستارەی سەربانەکەشی پەمەییەکی کاڵ کردبوو. لەدوورەوە لەو دالاشانە دەچوو کە بەردەوام دەنوکیان سوورە بە خواردنی نێچیرەکانیان. بەڵام هێندەی دار و درەخت لەدەوروبەری خانووەکە چاندبوو، هەرکەسێکی نابەڵەد لەوێوە بڕۆشتایە، وای هەست دەکرد کە ئەمە باخچەی دارە عاجباتیەکانی ئێرەیە. زیاتر لە بیست هێکتار زەویی لەدەوروبەری ماڵەکەی و ڕۆخی ئەمبەر و ئەوبەری چۆمەکەدا داگیر کردبوو. لەهەزاران جۆر داری بەرداری لێ بوو. قۆخی هندی و هەڵوژەی تارانی و هەنجیری پاکستانی و لیمۆی چینی و ئاڵوباڵوی مسری و گوێزی ئەمریکی و هەنگی دنیای ئەفغانی و سنەوبەری ڕوسی و زەیتونی ئیسرائیلی و زۆری تریش.



نێوانی هەموو دارەکانیشی کردبووە چیمەن. بەجۆرێك، هەر کە دەچویتە ناو ئەو باخاتەوە، سەدان بۆنی سەیرسەیرت دەکرد کە مرۆیان مەست دەکرد. ئەو، کە بۆ یەکەم جار لەگەڵ خانمدا، هاتنە ئێرە، حەپەسابوو. نەدەیتوانی پڕ بەسیەکانی هەوای بۆنداری ئەو باخاتە هەڵبمژێت و نەباوەڕیشی دەکرد کە ئێرە بەشێکە لەسەرزەمینی ئەو وڵاتەی ئەوی تێدا دەژی.

ئەو ڕۆژەی لەگەڵ خانمدا هاتبووە ئێرە، خانم، تەنورەیەکی کورتی تاکو سەرووی ئەژنۆیەوە لەپێدابوو. درزێکیش، لەدامەنی تەنورەکەیەوە تاکو نزیکی ناوگەڵی هەڵکشابوو. هەنگاوەکانی کورت دەهاویشت و جار جارە دەرپێ کورتە سپییەکەشی دەردەکەوت. ئەو، بێجگە لە مەمکدانێك و کراسێکی سپی ی تەنك، هیچی تری لەبەر نەبوو. دەستی ئەوی دەگرت و ڕایدەکێشایە بن دارێکی قۆخ. لەو بن دارەدا، تاکو دەیتوانی بەخۆیەوە دەینوساند و ماچی دەکرد. جل و بەرگە کورت و تەنکەکانی فڕێ دەدا و لەسەر فەرشی چیمەنە سەوزەکە ڕادەکشا و ساڕێژی دەکرد لەخۆی.

ئەو، کەئێستا، بە ماشێنەکەیەوە بەم شوێنەدا تێدەپەڕێت، ئارەزووی حەزی خانم دایدەگرێت و هەناسەی توند دەکات. سەری لێ دەشێوێنێت و دەستوبری لە ڕۆیشتن پێدەکات. ئای کەناحەزە، ئارەزوویەك جۆشتدەدات و دەمێکیش کە بایی هێندە نییە تاکو بە دامرکانەوەی بگەیت!

گەیشتەجێ. ماشێنەکەی ڕاگرت و لەدەمی دەرگایەکی یەکتاکیی پان و لاکێشی گەورەی ئۆتۆماتیکی چووە ژوورێ. دەمڕاستەکەی دیوەخان، لەژورێڕا بە کامێرای دەرێ و بەتەلەفزیۆنێکی شاشە پەنجا لەوی هەلڕاونیبوو. زانیبووی کارێکی گرگی هەیە، بۆیە، خۆی هاتبوو بە پیریەوە.

گەیشتن بەیەك و خۆشهاتنی کرد و بەگەرمی دەستی یەکدیان گوشی. بۆ ئەوەی ماتەڵ نەبێت، نیازەکەی پێ کوت. ئەویش سەری ڕێزی بۆ دانەواند و بەسەرچاوێکی خەمخۆرانەی پێ ڕاگەیاند. ئیدی ئەوێ ی بەجێ هێشت و بەرەو کۆشکەکەی خانم، کەوتە ڕێ.

ڕاهۆن، لەڕێگادا، بە کۆمەڵێك خەیاڵی کاڵ و کرچەوە خۆی ئالاندبوو. ئەم سەرو ئەوسەری پێدەشتی بیرکردنەوەکانی دەکردو لەکۆتاییدا لمۆزی سەرۆك، لەبەردەمیدا قوت دەبووەوە و تەواوی مەزراخەیاڵیەکانی لێ تێك دەدا و ئاوەژووی دەکردنەوە. لەکۆتاییدا، کە هێندەی نەمابوو بگاتە کۆشکەکەی خاتوون، سێجرتەکی خۆی لێبەرزکردەوە و جووتە پێلەقەیەکی بەهێزی لەسەروفەسالێ داوەشاند و توڕی هەڵدایە دەرەوەی کێڵگەی خەیاڵە سەوزەکەی. لێ نەگبەتی گرتبووی و بەرۆکی بەرنەدەدا. چونکە هەر پاش دەمێکی زۆر کورت کە لە چەند چرکەیەك تێنەدەپەڕی، لەبەر لوتیدا قوت دەبۆوە.



لەکۆشکەکەی خانم نزیك بووەوە. کەژاوەی پاسەوانە چنراوەکەی سەرۆکی بەدی کرد  کەلەبەردەم دەرگا و دەوروبەری خاڵی سەرەکی پشکنینی چوونەوەژوورەوەدا مۆڵیان دابوو. شڵەژا و تەزویەك بەلەشیداهات و بەبێ هۆ کەوتە لەرزە! گەیشتەجێ و لەماشێنەکەی دابەزی. بەپاسەوانەکاندا هەڵپڕوانی و دیوارە جەستەییەکەیان کەلەبەردەرگای کۆشکەکە پێکیان هانی بوو لە فوارەی سەربازە دزێوەکانی حاکمێکی توڕەیان دەکرد کە ڕمەکانیان بەدەستەوەبێت و ئامادەی هێرشێکی لەناکاو و نەخشەبۆداڕێژراو بن. بەتیلەی چاو، وێنەی جم و جۆڵەکانیانی کێشا. هەوڵیدا، بەبیانووی پەلەپەلییەوە شڵەژانەکەی خۆی بشارێتەوە. جانتا ڕەشە دبلۆماسیەکەی بەئانقەست لەدەستی خۆی بەردایەوە و پاشان وەستا و نوشتایەوە بۆ هەڵگرتنەوەی. تیلەیەکی ووردی دایە هەموو ئەوانەی بەچەکەکانیانەوە لەئامادەباشیدابوون. هەموو چاویان تێبرپیبوو. هەموو جولانەوەیەکیان خستبووە ناو ئاوێنەی بینینەکانیانەوە. هەر یەکە و تورەکەیەکی ڕەشی پێبوو. تفەنگەکانیان بەدەستەوە گرتبوو. لاقەکانیان بۆ ڕاکردن و هێرشبردن و پەلاماردان بە زەویەکەوە نوساندبوو.

خۆی ڕاستکردەوە و بەرەو دەرگای چوونەژوورەوە ملی نا. لەبەردەرکە، وەستاندیان و بە دەزگایەکی ڕەشی دەستی لاکێشەیی تەواوی لەشولار و جانتادبلۆماسیەکەیان پشکنی.

جانتاکەیان لێوەرگرت و تورەکەیەکیان کرد بەسەریدا. دەستیان لەدوواوەڕا بەست و ئیدی نەیزانی بەرەوکوێندەری دەبەن! هێندە نەبێت، دەیزانی کەئەو ماستە مویەکی تێدایە و لەژێر سەری سەرۆك خۆیدایە... وێڕای ئەوەی پێی وابوو ئەو بگرە و بردەیەی نەدەویست و دەتوانرا، بەیەك بانگهێشت، بیانناردایە بەدووایدا و ئەویش ئامدە دەبوو.

پاسەوانەکان، ڕاهۆنیان هاویشتە ناو ماشێنێکەوە و تاکو کۆشکی سەرۆك، نەوەستان... لەوێندەر، تورەکەکەیان لەسەری هەڵماڵی و دایانبەزاند و بردیانە بەردەم سەرۆك....

سەرۆك، وەك هەمیشە، لەسەر کورسییە زەردە بەئاڵتوون زاخاوکراوەکەی خۆی دانیشتبوو و چاوەڕێی گەیشتنی پاسەوانەکانی دەکرد... هەر کە پاسەوانەکانی بینی بەخۆیان و ڕاهۆنەوە خۆیان کرد بەژووریدا، دەمی بەش کردەوە و پێکەنینێکی سەرکردانەی کرد.

ڕاهۆن، لەبەردەم سەرۆکدا ڕەق وەستابوو. چاوەڕوانی فەرمان بوو... سەرۆکیش، بەکاوەخۆ، دەیڕوانییە دام و چاو و قەدەلاوازەکەی ڕاهۆن و لەبەرخۆیەوە همێکی بۆدەکرد و دووبارە بەبالاّ و ڕوخساریدا هەڵی دەڕوانی.



سەرۆك، سەیرێکی قوڵی ڕاهۆنی کردەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا و ووتی" ڕاهۆن، تۆ کابرایەکی بلیمەت و لێهاتوویت... دەبوو، من هەر بەوچەشنە بتهێنم بۆ ئێرە. چارەسەری لەوەزیاترم بەدەستەوە نەبوو. ئاخر ئەو سەگبابە، خەریکە ئەبێتە من... هیچی بەدەستەوە نەهێشتووم. هەنوکە ئەو منە و منیش وا خەریکە جێگەی ئەو دەگرمەوە... ئەگەر ئاوانەکەم، ناتوانم ڕێگای پێ بگرم... بەهەر حاڵ، ئێستا تۆم بۆیە بەوچەشنە هێنا تاکو پێی نیشان بدەم کە ئاگاداری هەموو کەین و بەینێکم و بەبێ پرسی من نابێت یەك هەنگاو بنێن! باشە ڕاهۆن، ئەم سەفەرە بۆچی دەکەن و هۆکارەکان چین؟ بەکورتی و پوختی هۆکاری سەفەرەکەتانم بۆباس بکە".

ڕاهۆن، بۆ یەکەم جار بوو ئەم ووشانە ببیستێت. بەسەرسوڕمانەوە ووتی" جەنابی سەرۆك، پایەداربیت. باڵەکانت بۆ هەمیشەو بەم چەشنەی ئێستا، کراوە و خاوەن سێبەر بن تاکو ئێمەش، لەبنیدا پشووبدەین... تکایە هەرگیز خۆت قەڵس مەکە... من، تەنها ئەوەندە دەزانم کە خاتوون تەلەفۆنی بۆ کردم و ووتی ئامادەبە بۆ سەفەرێك!".

سەرۆك، سەرێکی ڕاوەشاند و ووتی" باشە، کەواتە، لەم سەفەرەتاندا، هەرچییەك دەکەن و بۆ هەرکوێیەك دەچن، کەهاتنەوە، ڕاپۆرتێکم دەربارەی، بەووردی بۆ بنوسە".

ڕاهۆن، سەری ئەرێی نزم کردەوە و ووتی" بەسەرچاو جەنابی سەرۆك". ئیدی، لەکۆشکی سەرۆك هاتە دەرەوە و بەماشێنێکی تایبەت، بۆ کۆشکی شاژنیان ڕەوانە کردەوە.... هەرکە گەیشتەوە کۆشکەکە، ڕاستەوخۆ چووە لای شاژن و ڕووداوەکەی لەنوکەوە بۆ گێڕایەوە. ئەویش، پێکەنی و ووتی" ڕاهۆنی بلیمەت، ئێمە، دەچینە سەفەرەکەمان و تۆش، ڕیپۆرتاژێکی باش و باوەڕئامێز، بۆ سەرۆك ئامادە بکە".

هەرچەندە نەیتوانی سەرسوڕمانی خۆی، لەبێباکیی خانم، بشارێتەوە، بەڵام گوڕی دایەخۆی و پرسیی" بەڕاست! لەنێوان تۆ و سەرۆکدا شتێك ڕوویداوە؟".

خانم، سەیرێکی گاڵتەئامێزی کردو ووتی" دەسەڵات، گۆزەیەکە، هەمووان لەخەونی بەدەستهێنانیدا، خۆیان پڕ دەکەن لەئاو... منیش، لەکاتێکدا گۆزەکەم بەدەستەوەیە، جەنگی هێشتنەوەی لەناو دەستی خۆمدا دەکەم... سەرۆکیش، لەسەر تەختی ئاڵتوونیەوە، بەخەیاڵی خاوەندارێتیەوە، لاقەکانی بەناو گۆزەکەدا شۆڕ کردۆتەوە". سەرێکی بادا و بەردەوام بوو و ووتی" سیاسەت، یاریکردنێکی سیحراویە لەنێوان خەڵك و بەرپرساندا، جارێك پێویستە بەشێك بیت لەخەڵك و جارێکیش کۆڵەکەی مانەوەی بەشەکەی تر... هیچ سیاسیەك ناتوانێت بەیەك باردا خۆی دەربخات چونکە لەهەر کەوتنێکدا، هەستانەوەی قورسە... هەر بۆیە، ئەو سیاسیانەی سروشتیان دیاریکراون، زوو هەرەس دێنن.



ئەمەش، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵك، جارێك، پێویستیان بە ژیرکردنەوەیە و جارێکیش پێویستییان بەسەرکۆنەکردنە... بەمەش، جارێك لە هەڵخەڵەتاندنەکەدا تێوەدەگلێن و مەدح بارانت دەکەن، دووایەش پەشیمانبوونەوە دادیان نادات و جارەکەی تر، قبوڵی سەرکۆنەکە دەکەن و ملکەچ دەبن لەبەرامبەر قەدەری خۆیاندا". بەدەم دەستهێنان بەپرچە ڕەشەکەیدا، ووتی" خەڵك، ئاسکێکی سرکی ناو جەنگەڵ نییە تاکو ڕاوی بکەیت، بەڵکو بەرخۆڵەیەکی دەستەمۆکراوی ووڕە. خواردنی بۆڕادێرە دووات دەکەوێت... لەوەرزی پێداویستیەکانیشتدا، کە گۆشتی گرت، بەئاسانی دەتوانیت بیگریت و سەرییبڕی". لەپاش ڕامانێکی کورت، فایلێکی دایە دەستی ڕاهۆن و ووتی" ئەمە، تەواوی بەڵگەنامەکانی کۆمپانیای خۆشاوە. تۆ بەرپرس و خاوەنی یەکەمی کۆمپانیاکەیت و بەناوی تۆوەوەیە. لەم سەفەرەماندا، هەرچی ڕێککەوتنێك دەکەین، کۆمپانیای خۆشاو دەیکات و تۆش تەنها لەسەرتە، ئیمزایان لەسەر بکەیت".

## چەردەی سێیەم

............ ڕاهۆن و خانم، لەسەفەری سووریاندا، بەناو نهێنییەکانی لەزەتدا ڕەت دەبوون و دەچوونە سەری ئەوسەری خۆشییەکانی جەستە. باوەشیان بەوپەڕی تامی یەکتریدا دەکرد و دەمیان دەژەنییە سوێبوونەوەکانی چرکە لاڵەکانی تەمەن. بەدرێژایی یەك مانگ، لەناو خۆشاوی ئارەزووەکانیاندا، وەکو دووکاهینی نەوسنی ڕۆحانی، بۆ خوداوەندی چێژی جەستە، کڕنۆشیان دەبرد و هەنگونی سوێبەرەوەی یەکتریان دەلستەوە. لەژێر ئاسمانی ئەو وولاتە فێنکەدا، ئەستێرەکانیان دەکردە گەواهیدەری حەلاڵزادەکانی خۆیان. لەناو باخە هەنارەکاندا، لەگوڵهەنارە بنەوشەییەکان دەئالان و یەکپارچە خۆیان پڕ دەکرد لەبۆنیان. لەناو گەرماوەکاندا، بەجووتە خۆیان دەشت و عارەقی لەشە پڕ لەووزەکانی خۆیان تێکەڵ بەئاو دەکرد و لەگەڵ ئاودا پێستە گەرمەکانی خۆیان تود تود دەنوسان بەیەکرییەوە. لەسەر تەختە نەرم و نۆڵە بە لۆکە دروستکراوەکاندا، جارێکی تر و بەشێوەیەکی نوێگەر، پێکهاتەی حەزیان دەنوسییەوە. بەدەم ماچ و لێومژینەوە، دەبوورانەوە و لەهۆش خۆ دەچوون. هەڵدەستانەوە و سەرلەنوێ باوەشیان بەیەکتریدا دەکردەوە. نیشتیمانێك لەئاە و ئۆقیانوسێك لەئاخ و ئۆفیان بۆ مێژووی چێژی خەستە، تۆمار دەکرد.



مانگێك تێپەڕی و هێشتا ئەوان پێیان وابوو، گرێکوێرەی تامەکانی ناوگەڵیان بۆنەکراوەتەوە. بۆیە، بێهوودەبوو.... دەبوو ئەوان، لەو مەستییەی هەنوکەیان ڕابن و بێنەوە هۆش. بێنەوە سەرەخۆیان و لەخواستەکانی ئایندە و ئاسۆی دەسەڵاتسالاری و سروشتی سیاسیانەیاندا باریان بارکەن و کاروانەکەیان نەوەستێنن. بۆئەمەش، وەکو ئەوەی ڕازێکیان بەیەکەوە کردبێت و کاتژمێرێکیان بۆ نابێتەوە تاکو زەنگی ئاگادارکردنەوەیان بۆ لێبدات، دەستیانکرد بەئامادەکاری.

باڵەخانەی دەسەڵات، تەواوی سەرزەمینی بیرکردنەوەکانی خانمی داگیر کردبوو. لەبەرامبەریشدا، ناوبانگ، هێلانەی لە ڕاهۆن تێکدابوو. ئەم دوو کەرەستەیە، زاڵ بوون بەسەر توخمەکانی دیکەی پێکهاتەکەیاندا، هەربۆیە، بەجووتە، کەوتبوونە دارشتنی نەخشەیەك، کەبتوانێت، هاوکێشەیەکی نوێ، لەڕووی داهێنانەوە پێك بهێنێت و جیهانی خونچە داخراوەکانیان بکاتەوە.

ئەوان، خەونێکی ئاوارتەیان هەبوو کەلەنێوان پەنجەکانی بیرکردنەوەیاندا خۆی گرمۆڵە کردبوو. دەیانویست، لێوەی بڕژێنە ناو باخچەیەکی جاویدانیی مێینەوە و لەوێندەرەوە، تیڕۆکەکەیان پڕکەن لەپەلکی زێرینی خۆر. خۆرێك، بێجگە لەخۆیان، هیچ کەسێکی دی، لەڕوناکیەکەی تێنەگات. ئەوان پیشەوەرێکی بێمتمانەی تازەکار بوون. کەنەدەبوو هیچ سەرەداوێك بدەن بەدەستی بازاڕەکەیانەوە.

دەبوو، مشتەری و دەلاڵەکان، لەخشتەبەرن. نرخیان پێ ئاوەژوو بکەن و کاڵاکانیان فرۆشی هەبێت. نەخشەکێشێکی بێ ئۆقرەبوون، سنوورەکانیان ئەمدیو و ئەودیو دەکرد و دیسانەوە دەگەڕانەوە بۆ یەکەم خاڵی دەستپێکردن و بۆ دڵنیایی دەیانپێوایەوە.

خانم، لەناو جانتایەکی دبۆماسیی مشکی ڕەنگا، کۆمەڵێك پەڕاوی دەق یەکسانی چووارچێوەڕێکی بەستراوی دەرهێنا. لەسەر مێزەکەی بەردەمی داینان و ووتی" ئەمانە، نەخشەی ئەو کارانەن کەئێمە بۆی هاتووین. پێویستە، لەئێستاوە دەست بکەین بە جێبەجێکردنیان".

ڕاهۆن، لەسەر کورسیەکی چەرم دانیشتبوو. هەستاو دەستی برد بۆ گورزە پەڕاوەکە و لەیەکەم لاپەڕەیەوە دەستی پێکرد. پەڕەکان، نەخشەی سێ کار و پرۆژەی گرنگیان تێدابوو، ئەوانیش، بنیادنانی فرگەیەك و بەدووادگەڕان و دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت لە حەوت مێرگی دەستلێنەدراودا و دروستکردنی نۆ کارگەی چیمەنتۆ بوون.

ئەوان، پێویست بوو لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی نەوتیدا گفتوگۆ بکەن و پاشان گرێبەستێك بەپێی ڕێکەوتنێکی نهێنی، لەنێوانیاندا واژۆ بکەن. هەربۆیە، خۆیان ئامادە کردو بەسوواریی ماشێنێکی تایبەت، ڕوویان کردە مەزنترین و بەناوبانگترین بنکەی کۆمپانیایەکی جیهانی.



لەوێ، لەلایەن سکرتێری کۆمپانیاکەوە پێشوازی کران و چوونە ژووری بەرپرس و هەڵسوڕاوی سەرەکیی بنکەکەوە.

پاش گفتوگۆیەکی زۆری چەند کاتژمێری گەیشتن بەڕێکەوتن. هەڵبەتە، ڕێککەوتنەکە زۆر تایبەت بوو. لەهیچ ڕێککەوتنێکی دیکەی جیهانی نەدەکرد. دەبوو، کۆمپانیاکە، تڕوتفاقی خۆی کۆبکاتەوە و بیباتە کوردستان. لەوێ، لەو مێرگانەدا دەستبکات بەگەڕان بەدووای نەوتدا. بەدۆزینەوەشی بیری بۆلێ بدات و هەڵیبهێنجێت و بە تانکەری گەورە ئاودیوی بکات.

دراوی فرۆشی نەوتەکە، لەسەد بەش، تەنها بیست بەشی ڕادەستی کۆمپانیای خۆشاو دەکرا و لەبانکی یەکێك لەووڵاتانی ئەوروپادا هەڵدەگیرا. بیست بەشیشی بۆ کۆمپانیابیانیەکە و ئەودووای کەدەمایەوە دەدرا بە تێچوونی هەڵکەندن و بەدوواداگەڕان و بەقاچاخ بردنەدەرەوە و فرۆشتن و باجی دەوڵەتان و سپیکردنەوەی دراوەکە. ئیتر ئاوبێنە و دەست بشۆ. لێ، خانم پێی وابوو" ئەو نەوتەی لەژێر خاکدایە، هەوی کۆمەڵێك دوومەڵی شاراوەیە. پێویستە دەریکەن. بێجگە لەوەش، ئەم هاونیشتیمانیانەی ئێمە، بێجگە لەچارەڕەشی، چ سودێکیان لێ دەست کەوتووە؟ هەرچی دەسەلاتدارەکانی پێشترە، بەخۆڕایی دەیانبرد و ئێمەشیان پاکتاودەکرد! ئەوەتا ئێمە، دەری دەهێنین و ناشیانکوژین!".

ڕاهۆنیش، سەرێکی بەرزدەکردەوە و دەیگوت" خانمی ئازیز، نەوت، بۆ گەلەکەمان، ژانەسەرە. داهاتێکی کوشندەیە. بەبوونی ئەونەوتە، دەبنە جێگای چاوتێبڕینی دوشمنەکانمان. بەپۆل دێن و سوپادەڕژێننە سەرمان و داگیرمان دەکەن. لێ ئەگەر هیچمان لەژێر زەویەکەدا نەهێشت، ئیتر بەبێ کێشەو سەرئێشە دادەنیشین و ئەو خەمەمان نامێنێت". ئەو، پێی وابوو، بەهای نەوت، لەخۆبەخاوەنداریکردنیدا دەردەکەوێت. نەوتەکەی ئەوان، خاوەنی نەبوو. هێشتا، خەڵك، چێژی لەخۆشبەختیەکانی وەرنەگرتبوو و لەدەرەوەی بازنەی تێگەیشتنەکانی ئەواندابوو. هەمووان، لەژێر پاڵەپەستۆی دیدگا گشتێنراوەکانیاندا، نامۆ دەیانڕوانییە مەبەستە مەڵاسدراوەکانی بەهاکەی. کەرەستەیەکی بێئەرزشی وەکو نەوت، کە چاوگی ناڕەحەتیەکانیانە، چی لە سۆزە خنکاوەکانیان دەگۆڕێت! کەهەرهیچ نەبێت، بتوانێت فرمێسکی سەرڕوومەتی هێشتا تەڕی باپیرانیان بۆ ووشك بکاتەوە. ئەم نەوتە، چ ناتەواویەکیان بۆ پڕ دەکاتەوە؟ ئەوان، لەگەڵ ڕۆحی زەویەکانیاندا تێکەڵ ببوون. زەویان بە خۆیان و خۆیان بەزەویەکەی ژێرپێیان دەزانی. ئەوان، لەگەڵ پەلەوەر و باڵندەکانی سەر زەویەکەیاندا هاوڕێ و هاوچارەنووس بوون. درەختەکانیان خۆش دەویست و وەك نەوەکانی خۆیان دەیانپاراست. تەویلەی ئەسپەکانیان، لەناو خانووەکانی خۆیاندا دروست دەکرد و لەگەڵ خۆیاندا دەیاننواندن.



بەڵێ، ئەو پێی وابوو، ئەوان، ئەسپ دەپەرستن. لێیان نزیك دەبنەوە و لەپڕمەپڕمەکانیانەوە تێیان دەگەیشتن و بەچاوەکانیان گفتوگۆیان لەگەڵ دەکردن. دەم و چاویان لێ نزیك دەکردنەوە و بەهەناسەیان، گوێیان لەئازارەکانیان دەگرت. ئەوان، باوەشیان پێیاندا دەکرد و پرچەکانیان بۆ دادەهێنان و ماچیان دەکردن. بۆنیان پێوەدەکردن و هیچ مەودایەکیان لەتێکەڵاوکردنی ڕۆحی خۆیان و ئەسپەکانیاندا نەدەهێشتەوە. ئیدی، نەوت، کەهێشتا خۆی بەکوێرەوەریەکانی ئەوانەوە گرێ نەداوە و هیچ شوناسێکیان نییە و تامیان نەکردووە، چۆن دەتوانن بەو دەم و دەستە لەنهێنیەکانی پشت جیهانە ڕازاوەکەی بگەن! ئەوان، نەوت وەکو (نەوت) بۆ سوتاندن و خۆسوتاندن دەناسن و هیچی تر. ئەوان، چەندین ژن و کچیان بەبەکارهێنانی نەوت خۆیان سوتاندبوو. یەکێك لەدژی بەزۆر بەشوودانی و یەکێك لەدژی باوەژنەکەی و یەکێك لەدژی زەوتکردنی مافەکانی و یەکێك بەهۆی ئەوەی لەپێناوی خوێندا درابوو و یەکێك بەهۆی ژن بەژنەوە و یەکێك بەهۆی لەدەستدانی جگەرگۆشەکەیەوە. بەڵێ، ڕاهۆن، زۆرێك لەنهێنیەکانی رادەست کەوتبوون و هیچیشی نەدەدرکاند. ئەوە تەنها خۆی بوو، کەگوێی لەڕاز و گلەییەکانی خۆی دەگرت و هەرخۆشی، بەردی لەسەر دادەنان و بەخۆی دەگوت" ئەو راستیانەی هەن و پەی پێدەبەیت مەیانلێ. تەنانەت ئەگەر هیچیش بێت هەر مەیلێ".

پاش تەواوبوونی ئەم کارەیان، بەدڵێکی خۆش و مەستی ناو ژوورەپارەکانی ئایندەوە، کەبنچینەی ئاسوودەیی ئایندەی مەودایەکی نزیکیانە و پێی دەگەن، بەرەو هوتێلەکە گەڕانەوە. ئیدی، بەیەکەوە، لەپاش گەرماوێکی ئاڵتوونی، دیسانەوە خۆیان هاویشتەوە ناو شەپۆلە نەرمەکانی حەز. حەزێك نەبنی هەبوو و نەئاسمان. تەنها هێندەیان هەست پێدەکرد، کەدەیانبات و لەکەناری دەریای خۆشپیاهاتنەوەکانیان دایان دەنێت و لەنگەری کەشتیەکەی لەوێندەری باخچەهەڵواسراوەکانی ئەو جیهانە سەرسوڕهێنەرە، دەگرێت و بەجەستەیەکی ماندوو و شەکەتەوە خەوانداویان دەکات و تاکو گزنگی خۆر، نەگاتە سەر زەوی، جاجمەکەیان لەسەر هەڵ ناگرێت.

سبەینێ، چێشتەنگاوێکی درەنگ، پاش قاوەڵتی، بەپێی ئەو زەمینەسازیەی کردبوویان، چاویان بە کۆمەڵێك خاوەن کارگە و بازرگان و پسپۆڕی بوواری وەبەرهێنانی چیمەنتۆ و خاوەن ئامرازەکانی کارگەی چیمەنتۆ و دەسەڵاتداری ئەو وولاتە کەوت و لەمەڕ کۆمەڵێك پرۆژەی وەبەرهێنانی کاتی و درێژخایەنەوە چەردەیەك ڕێککەوتننامەیان واژۆکرد. گرنگ نەبوو چۆن دەبێت! گرنگ ئەوەبوو کە ڕازی بن و بێن. ئیتر گرنگ نەبوو کام کێوی بەردین و کام گڵی کام جێگای نیشتمانەکەیان دەکردە چیمەنتۆ!



هەربۆیە! لەگەڕانەوەیاندا بۆ هۆتێلەکەیان، خانم، بە زەردەخەنەیەکی ناسکی ژنانەوە، بەڕاهۆنی ووت" ڕاهۆنی ئازیز. دەزانیت ئێمە کێوەکانیشمان پارەن. پارووەیەکی نوستووی بێدەنگی خەولێکەوتوون. تەنها ئەوەندەیە کە ئەمانە بێن و بۆمان بەئاگابێنن". ڕاهۆنیش، تەماشایەکی پڕ نهێنیی خانمی کرد و ووتی" بێگومان! کێوەکانمان، بەردەکانمان، خۆڵی ژێرپێمان، هەمووی پارەن. پارەیەکی مۆڵ، کەتاکو ئێستا هیچ دەستێکی نەگەیشتووەتێ".

هەرچەندە، پێی وابوو، شوێنەواری هەزاران فەرهاد، لەسەر بەردە هەڵکەنراوەکان، لەکارگەکانی چیمەنتۆدا، دەهاڕرێن و بۆئەبەد دەسڕرێنەوە. ئەو بەخۆی دەگوت" ڕەوانی فەرهادەکانی ئەم وولاتە، بۆپارێزگاریکرن لەمانەوەیان، بەسەر قەدی بەردەتاشراوەکانەوە، هەزاران ساڵ ژیان. بەڵام، ئێمە، دەیانهاڕین و شوێنەوارەکانیان دەسڕینەوە. دۆڵە پڕ لەمامز و بزنەکێویەکان، لەبارەباڕ و دەنگی کەو و شمشاڵی شوان و جریوەی چۆلەکە و شڵپ و هوڕی تاڤگەکان، چۆڵ دەکەین. ئەشکەوتە تاریکەکانی جێنزرگە و ستایشی شەمشەمەکوێرەکان دەڕوخێنین و بەلەسەی ناو تیشکەکانی ڕوناکیان دەکەین. باخە بەڕووە سروشتییەکان لەبنەوە دەردەهێنین و کۆتایی بەسەوزایی هەمیشەییان دەهێنین. حەوشە بەردینەکانی شوانکارەکان دەڕمێنین و جێشەوێنی گاگەل و کانیاوەکان خاپوور دەکەین. ئەمانە، هەموویان دەکەینە چیمەنتۆ و دەبنە پارە و دەیدەینە دەستی سەرۆك و بنماڵەکەی. ئەوانیش، لەژیانێکی بنەوشەیی خۆیاندا، خەرجی دەکەن".

ئەو دەیگوت" نەوە بەدووای نەوە، لەو شاخ و کێوانەدا ژیان و زاوزێیان کرد. لەپێناوی مانەوەیاندا، کردیانە پشت و پەناو جێشەرگەی خۆیان. میرەکان و پادشاکان، لەوێوە دادەبەزین و ڕاوگەی شەوەسەختەکانی ژیانیان بوو. سەرچاوەی بژێوی ژیانی نەداران و تاکە ڕێگەچارەی کۆکردنەوەی گژوگیا پزیشکیەکانیان بوو. هەنوکە، ئێمە، لەمێژوو دایدەدۆشین و دەیکەینە چیمەنتۆ و دەیخەینە دەمی سەرۆکەوە".

خانم، کەتازە هاتبووە سەر مێزە ڕازاوەکەی کە خزمەتکارەکەی هۆتێلەکە بۆ نانی ئێوارێ بۆی ساز کردبوون، بەدەم فڕکردنی ئاومیوەیەکەوە، ووتی" سبەینێ، لەگەڵ چەند دەزگایەکی فڕیندا، گفتوگۆ و ڕێککەوتن لەبارەی کردنەوەی فڕگەیەکەوە دەکەین. ئومێدەوارم سەربگرێت و ئەوان، پێشنیارەکانمان قبوڵ بکەن". توۆزێك وەستا و ووتی" ئەوان، هەرچۆنێك بیانەوێت، ئێمە، بەناچاری پێویستە ڕازی بین. گرنگ نییە داواکاری و مەرجەکانیان چییە. گرنگ ئەوەیە ئێمە، ئەم دەستکەوتە گرنگە نیشتمانییە، وەکو داهاتێکی نەتەوەیی بەدەست بهێنین".

هەروابوو، پێشبینیەکانی خانم ڕاست دەرچوون. تەنها نەختێك کاتی زیاتر ویست و بۆ چەند کاتژمێرێك دوواکەوت. ئەوان، بەکۆمەڵێك مەرج کەسەپاندیان، ڕازی بوون و قەواڵەکانیان لەگەڵ کۆمپانیای خۆشاودا واژۆکرد. تەنها پرسێك کە دووایخستن ئەوەبوو، ئەو کۆمپانیایەی پاش دروستکردنی فڕگەکە، فڕۆکەکانی دەنارد، بەهۆی کۆنی و خراپیی فڕۆکەکانیەوە قەدەغە کرابوو. کەچی ئەمان، ئەو فڕۆکە بێمەرجانەیان بۆ گواستنەوەی هاونیشتمانیانی خۆیان، قبوڵ بوو. ئیدی خانم، هاوڕێ، لەگەڵ راهۆنی بلیمەتدا، بەکۆمەڵێك دەستکەوتی ناوازەوە، بارگەیان کۆکردەوە و بەرەو نیشتمان کەوتنەوەڕێ. ڕاهۆنیش، بەخۆی ووت" ئەوە ئاسمانیش فت. ئەویش چووە ژێر ڕکێفی سەرۆکەوە".

لەگەڕانەوەیاندا، راستەوخۆ، لەلایەن سەرۆك و تەواوی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی و خزمەتکارەکانی دیوەخانەکەی سەرۆك و ڕاگەیاندنەکانی وولاتەوە، لەخاڵی سەرسنووری ڕۆژئاواوە، پێشوازیکران. هەموو، چوونەوە کۆشك و لەوێ راهۆن، ڕاپۆرتێکی دووانزە لاپەڕەیی سەبارەت بە سەفەرەکەیان دایە دەستی سەرۆك. ئەویش، بەدەم خوێندنەوەی راپۆرتەکەی ڕاهۆنەوە کەبەدووقۆڵی لەگەڵ خانمدا نووسیبوویان، زەردەی دەهاتێ و جار جارە لەبەر خۆیەوە دەیگوت" ئافەرین. ئافەرین". ئیدی، سەرۆك، لەبەردەم مایکرۆفۆنەکاندا وەستاو، پرسی هێنانی کۆمپانیابێگانەکانی لەلایەن کۆمپانیای خۆشاوەوە، کردە دەستکەوتێکی نەتەوەیی و فڕگەکەی کردە خاڵی وەرچەرخان و نەوتەکەشی قرقەپ لێکرد و شاردیەوە.

شاردنەوەی نهێنییەکان و دەمچەورکردنی خەڵك بە ڕۆنی لاڕانی خۆیان و داخستنیان لە بۆتەقەیەکی کورت مەودادا، کردەوەیەکی مێژینەیە. چونکە، کۆمەڵگا، لەبازنەیەکی داخراودا، بەدەستی دەمسپی و ڕامکارەکانیەوە، وەك منداڵێکی ساوا، دارەدارەی پێگرتنی پێدەکرێت. بۆئەمەش، لەڕێگای فەرهەنگێکی تایبەت و کێڵگەی ڕۆشنبیریەکی داهێنەری سیاسیەکانەوە، بانگی جاهیلیەتیان بەگوێدا دەخوێنن. ئیدی، ئەوان، وەکو توتی ناولێنانی سیاسیەکان، بەخۆیان دەڵێنەوە. هەربۆیە، بلیمەتیی سیاسیەکان نیە کە خەڵك ناتوانن تێبگەن. بەڵکو، ووڕبوونی خەڵکە کە وا لەسیاسیەکان دەکات، خۆیان پێ سەرۆکی خەڵك و دانایانی ووڵات بێت. سەرۆکەکان، تەنها هێندە تاوانبارن کە بیرکردنەوەی خەڵك دەخەسێنن. لێ خەڵك لەبنهەنگڵی سەرۆکە بودەڵەکاندا خۆیان نابووت دەکەن. ئەو دەمەی خەڵك، وەك کەرەستە دەبنە کوتینی ئاسنی دەستی سەرۆك و سەرکردەکان، بێجگە لەقوربانی لەپێناوی ئەواندا، بۆ بەردەوامیدان بەفەرهەنگی گێژکردن، هیچ دەستکەوتێکی تریان نابێت. کەچی، لەکۆڕ و کۆبوونەوە و ناو خۆیاندا، دەم بادەدەن و زمان درێژ دەکەن و بەفنگەفنگ، بەشان و بازووی خۆیاندا هەڵ دەدەن.



میدیاکانی ژێر قەڵەمڕەوی سەرۆك، خوانەکات سەرۆك شتێك بڵێت، ئیدی دەیکەن بەهەرا و جێگەیەك نامێنێت لەڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەدبەختێك دوو دێڕی بەسوودی تێدا بنوسێت. تەواوی لێوانلێو دەکەن لە لێدوانەکانی سەرۆك و هەزار و یەك پێشبینی لەسەر حیسابی ئیشتیهادەکانی خۆیان بۆ زیاد دەکەن.

میدیاچەورەکانی دەوروبەری سەرۆك، بۆ دەرزەنێك پارەی کاغەز، ختوکەی ناولەپی گەڵای ووشە دەدەن و دەیخزێننە ناو دێراوێکی جوتیاری ی هزرەوە. لە میمبەرەکانیانەوە دەیدەن بەدەم بای دیدوتێڕوانینەکانی خەڵکەوە. مێشکیانی پێ جەنجاڵ دەکەن و لەکۆتاییدا ووڕ و کاسیان دەکەن. گێژیان دەکەن و بە ئومێدی بەرهەمی ناو دێراوەکەیان، دەیانخەسێنن.

کۆمپانیای خۆشاو، زەویەکی پان و بەرینی لەقەراخ شاردا گڕولول داو، بۆ فڕۆکەخانەی ئایندەی ووڵات، لەخاوەنەکانی داگیرکرد. هەڵبەتە، هیچ شتێك لەم ووڵاتەدا بەقەد گڕولولدانی زەوی ئاسان نیە. هەر کۆمپانیۆکەیەکی بچوك، کەسەرتاپایان موڵکی گەورەکاربەدەست و بەرپرس و حیزبیەکانن، سەدان دۆنم زەویان لەژێر ناوی کۆمەڵێك پرۆژەی خەیاڵیدا، بۆخۆیان لول داوە. هەزاران خانویان ڕوخان و خاوەنەکانیان بەبڕێك پارەی کەم ڕازی کردو وەدەریان نان. زۆرێکیشیان بەبیانووی ئەوەی لەئایندەدا قەرەبوو دەکرێنەوە، بەرهەڵدای شارەگەورەکانیان کردن.

سەرکردە و خاوەن دەسەڵاتەکانی ئێمە، هەموویان، تۆپەڵێکی گرێدراوی دەورانی پاشایەتین و لەبەرگی دیموکراسی و نوێگەریدا خۆیان شاردۆتەوە. ئەوان، ناتوانن سروشتیان بگۆڕن. چونکە نوستون. لەنوستنەکەیاندا خەون بەنوستنی خۆیانەوە دەبینن. لەوێندەری خۆشخەویاندا، لەناو باخە هەزاربەهەزارەکانی سەردەمی خۆیاندا کەپاشان، دەژین. لەڕوباری شەرابی لەعلی دەنۆشن و لەکانیی هەنگوینی سپی دەخۆنەوە و لەناو باڵەخانە هەڵچووەکان بەنێو ئاسماندا، پەری و پەریزادەکانی بەهەشتی سەوزیان لەدەوروبەر کۆبۆتەوە و لەسەر تەختی ئاڵتونیی ئاوریشم. دەنۆشن و دەخۆنەوە و دەخۆن و لێسکاولێسکی ناوگەڵی پەریەکان دەدەن. ئیدی، کە بەئاگادێن، نایانەوێت هەستنەوە. لەخەونەکەیاندا، پێیانوایە، نابێت بەئاگابێن، بۆیە، لە نهۆمی یەکەمی نوستنەکەیان دەمێننەوە و بێئاگایانە و بێدەربەستانە، دەجولێنەوە. نەهەست بە هیچ دەکەن و نەهیچیش دەبیستن. بێجگە لەخەونەکەی خۆیان، هیچ شتێکی تر نابینن. بۆیە، تازیاتر داگیر بکەن و زۆرتر لول بدەن و زۆرتر کۆبکەنەوە، خەونەکەیان قورستر دەبێت و زۆر بەگران بەئاگا دێنەوە. ئەو کاتەشی بەئاگا هاتنەوە، بەرەکەیان لەژێردا شل بووە. بۆیە، بۆ پارێزگاریلێکردنی، هەردەستێك نزیکیان بێتەوە، دەیبڕن.



ڕاهۆن، کە لەپڕێکدا، بووە خاوەنی فراوانترین و گرنگترین کۆمپانیای وولات، کە دەسەڵاتی تەواوی ئەشکا بەسەر دەریای ڕەشی ژێرزەویدا و ئاسمان و کێوەکان کەوتنە بنهەنگڵی، ترسی ئاشکرابوونی لەلایەن هاونیشتمانیانەوە لێ نیشت. ئەو، بەخانمی ووت" هەر ئەوەندە بەسە کە لاژکێك، بەبێ ترس و چەقاوەسوانە، دەمی بەرێتە پێشەوە و چرپەیەکی هێواش بەگوێی خەڵکدا بدات، ڕاستەوخۆ، خەڵك، دەڕژێنە سەر شەقامەکان و ئابڕومان دەبەن. بۆیە، پێم باشە، خۆمان بۆ پاش ئاشکرابوونی ئامادە بکەین!".

ترسەکەی ڕاهۆن، لەخۆڕانەبوو! ئەو، دەیزانی، خوداوەندی لافاو، پەیامی لەرق و تورەیی خەڵکەوە بۆ دەهات. هەربۆیە، بەزەیی پێیاندا نەدەهاتەوە و لەگەڵ خۆیدا، ڕایدەماڵین. دەگێڕنەوە و دەڵێن، خواوەندی لافاو، عاشقی کچی باران ببوو و بە کەسێکی خەڵکی زنجیرەچیای قەندیلدا، ناردبوویە خوازبێنی، کەچی ئەو لەڕێگادا، کە دەچووە خزمەتی خواوەندی باران، گەیشتبووە سەرزەمینی ترێ و لەوێ چەند مانگێك دەمێنێتەوە و تادەتوانێت مەی دەخواتەوە. بەمەش، سەرخۆش دەبێت و بەسەرخۆشی درێژە بەڕێگاکەی دەدات. کە دەگاتە مەملەکەتی خواوەندی باران و دەچێتە حزوری، لەجیاتیی ئەوەی کچی باران بخوازێت، تەرزە خوازبێنی دەکات. کاتێك بەتەرزەوە دەگەڕێتەوە، خواوەندی لافاو تورەدەبێت و هەڵدەستێت. بێجگە لەکابرا، تەرزەشی پێوە ڕادەماڵێت.

خواوەندی ئاگریش، پەیامبەرێك بۆ ئەهۆنکردنەوە و چارەسەرکردنی پرسی توڕەبوونەکە، ڕادەسپێرێت و ئەویش، پێشنیاری دروستکردنی بەنداو دەکات و بەم کارەش، هێزی لافاو دەستەمۆ دەکات و لەبەنداوەکەدا یەخسیری دەکات.

ڕاهۆن، توڕەبوونی خەڵکی لەگەڵ خواوەندی لافاودا بەیەك جەستە و بەیەك دید و بەیەك هەناسە و تواناو تاقەتی دەزانی. ئەو، دەیزانی کە لافاو بێباکە و ئەگەر بەربەستێکی بۆ دروست نەکرێت، گیرسانەوەی زۆر زەحمەتە. بۆیە، بۆ توڕەبوونەکانی خەڵك، پێویستیی بەبەربەستێك هەبوو کە هەموو ڕقەکانیانی وەکو بەنداوێك تێدا کۆبکرێتەوە. بۆ ئەمەش، پێویستە، وەك تازەگەر و دیموکراسخواز خۆیان نیشان بدەن و پرسی ئۆپۆزسیۆن بوروژێنن و وەکو منداڵێکی کەم ئەندام و بێدەسەڵات و چەنەباز، لەکۆشیاندا جێگای بۆ بکەنەوە. هەرکاتێك ویستیان، بەکاری بهێنن و هەر کاتێکیش کاریان پێی نەما، بیاننێرنەوە بۆ ماڵەکانیان.

یەکەم ڕۆژی بەهاری ساڵی پاش گرێبەستەنەوتیەکان، ڕاهۆن، ووتارێکی درێژی لە ڕۆژنامە سەرەکیەکەی سەرۆکدا بڵاوکردەوە و پرسی نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی لەووڵاتدا، وروژاند.



ئەو، نوسیبووی" لەناو ئەم دەسەڵاتە خۆماڵیەی ئێمەدا، درزێکی گەورە هەس. کەلێوەی بۆشاییەکی لەنێوان خەڵك و حکومەتدا دروست کردووە. بۆ پڕکردنەوەی ئەو درزە، ئۆپۆزسیۆنمان گەرەکە کە بتوانێت، خەڵك و حکومەت لەگەڵ یەکتردا ئاشت بکاتەوە. ئۆپۆزسیۆن، دەکارێت، سێ نیشانە بەیەك تیر بشکێنێت. ئەوانیش، چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت و جوانکردنی پرۆسەی دیموکراسی و کۆکردنەوەی خەڵکی ناڕازیە لەدەوری خۆی". وێڕای ئەمەش، نوسیبووی" پاکیزەیی دەسەڵات لەپاکیی نیازەکانیدا، هەستێکی لێپرسراوێتی هەیە بەرامبەر بەم گەلە. بۆیە، ڕێگاکانی گەیشتن بە بەختەوەری لەبەردەم خەڵکدا والا دەکات تاکو خۆیان بڕیار لەئایندەی خۆیان بدەن". لەپێش کۆپلەی کۆتاییدا نوسیبوی" بەلەدایکبوونی ئۆپۆزسیۆن، گەندەڵی لەدام و دەزگاکاندا بڕ دەبێت. تەنانەت، کۆبوونەوەی ناو ژوورەتاریکەکانیش ناهێڵێت و پەرلەمان، لەئێستای چالاکتر و خەڵك، پڕداهاتی میللی و ووڵات ئاوەدانتر و پێشکەوتووتر دەکات". لەکۆتاییدا نوسیبووی" ئەمڕۆ، سەرۆك و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لەم نیشتیمانەی ئێمەدا، نەخشەی ئایندەیەکی گەشەدار دادەڕێژن و ئەرکی ئێمەش ئەوەیە کە میمبەرەکانی گفتوگۆ زیاد بکەین و خەڵك، بەگشتی خۆی بۆ هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەی ئازادی سەرتاسەری ئامادە بکات کە تێیدا، هەر کەسەو بتوانێت ئارەزوومەندانە، دەنگ بەو کەس و لایەنە بدات کە بڕوای وایە دەکارێت نوێنەرایەتیی بکات".

ئەم نوسینەی ڕاهۆن، تەواوی جەماوەری هەژاند. میدیاکان و دیوەخان و مزگەوتەکان و خوێندنگاکان و ناوبازاڕ و ناو پاسەکان و تەنانەت سەرسفرەی خواردنەکانیشی پڕکرد لەخۆی. مەلاکان، لەمیمبەری مزگەوتەکانەوە کەوتنە سڵاوات لێدان و بەبەشێك لەنیعمەت و غەنیمەکانی خودایان دەزانی. دکتۆرەکان، بەدەم پشکنینی نەخۆشەکانەوە، پێدەکەنین و پێیان وابوو، بیرکردنەوەکانی ڕاهۆن، تاسەر ئێسقان بەناو جەستەی خەڵکدا ڕپچووە و هۆشیاری زیاتریان دەداتێ. بەمەش، لەخەمی زیاتری لەشساخیی خۆیاندا دەبن و بەکۆمەڵ عیادەکانیان ئاوەدان دەکەنەوە.

جوتیارەکان، لەبەردەم ئاواییەکانیاندا کۆمەڵ دەبوون و دەمیان لێ بادەدا و دەیانگوت" برالە، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بێتە کایەوە، ئەوەندەمان تراکتۆر دەدەنێ کە لەچاوخۆماندا زۆر زیاتر دەبێت و شۆفێری بەتاڵ نامێنێتەوە تاکو لێی بخوڕێت".

خاوەن ئاژەڵەکان، هەر لەدوورەوە و پێش ئەوەی بەیەك بگەن، لوشکەلوشکێکیان دەکرد و لەگەڵ ڕاوەشاندنی قوڵفی گۆچانەکانیاندا کە دەیانئالاندە مەچەکیان، بەیەکتریان دەگوت" لەمەودووا، ئەوەندەمان ئالیك زۆر دەبێت بۆ مەڕ و ماڵاتەکانمان، کەلەخەمی زستانێدا نەبین".



ژنگەلی گەڕەکەکەکانی ناو شار، بەدەم گسکدانی بەردەرگای دەرەوەی ماڵەکانیانەوە، زەفەریان دەهێناو، بەیەکەوە کۆدەبوونەوە و یەکێکیان، پێش هەموویان دەکەوت و بەدەنگێکی ژنانەی نەرمی پڕ مەکرونازەوە، دەیگووت" ئەیتر لەخەمی ئاوبڕاندا نابین. بەخوا بەخوا، ئەو پیاوەمان دەیووت( ئۆپۆزسیۆن، ئاو بۆ هەموومان دەهێنێتە ماڵەوە)".

کارەبا چیەکان، تاك تاك، بەخۆیان و پلایسەکانی بەر پشتوێنیانەوە و بە دەڕنەفیسێکی گوێچکەشکاوی گلۆپ سوتاوەوە، بۆ فشەفشی خۆیان و چاخواردنەوەیەك، لەدەرگای ماڵەکانیان دەدا و دەچوونە ژوورەوە و دەیانگوت" لەمەودووا، چەند کارەبا بەکار دەهێنن و پێویستیشتان پێی نەبێت، دەتوانن. باوەڕ بکەن، ئۆپۆزسیۆن، ٢٤ کاتژمێر کارەبامان دەداتێ و ئێمەش قەت نایکوژێنینەوە".

پەنچەرچیەکان، لەکاتی پەنچەریکردنی تایەی ئۆتۆمبێلەکاندا، تانەیان لە شۆفێرەکان دەداو دەیانووت" لێتاندا! قەپاتن! ئیتر لەمەودووا تایەشتان پەنچەر نابێت و مەکینەی سەیارەکانیشتان تێك ناچیت! چونکە ئەڵێن ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بێت، ئەوا، هەموو جادەکان چاك دەکاتەوە و جێگایەکیش نامێنێت ڕێگای بۆ ڕانەکێشن... هەرهەمووی قیرتاو دەکەن. باوەڕ بکە، ئەو جادانەی ئەوان دروستیان دەکەن، قیرەکەی زۆر ئەسڵە. تەنانەت ئەڵێن ئەوەندە لوس و جوانە، ڕیشی لەبەر دەتاشرێت".

موچەخۆرەکان، لەسەرکارەکانیان و پاش کاریش، لەناو چاخانەکاندا، بەدەم هەڵدانی زاری تاوڵەکانی بەردەمیانەوە، بەدەنگی بەرز دەیانقیڕان" لێدە شەفیق، چیمان نەکراوە! ئیتر، لەمەودووا، موچەکانمان دوو هێندە زیاد دەکات و دەرماڵەی مەترسیشمان دەدەنێ".

خوێندکارەکانی زانکۆش، لەخۆشیا خەنی ببوون. ئەوان هەموو دەیانگووت" خۆشی لەخۆمان. ئێمە، وەکو ئەوانەی پێش خۆمان نەبووین چەندین ساڵ دانیشین و چاوەڕوانی دامەزراندن بکەین. یان، مەجبوور نابین بەکرێکاری خۆمان بەخێو بکەین. یان هەر کاریشمان دەست نەکەوێت. هەر کە زانکۆمان تەواو کرد، راستەوخۆ، ناچینەوە بۆماڵەوە، بەڵکو، دەچین بۆ ئەو جێگایەی کە لێی دادەمەزرێین".

قەیرەکان و ڕەبەنەکان، هەرچی پارە و پولیان گیرکەوتبوو، دەیانبردە بازاڕ و جلی ئاڵ و واڵایان دەکڕی و بۆنێکی نێرگز، یان مسکیان لەخۆیان دەدا و بەنیازی هاوسەرگیریەوە کوڵانە و کوڵان دەسوڕانەوە. هەر کە دەگەیشتنە یەکیش، چاوێکیان هەڵدەتەکان و دەیانووت" هاوسەرگیری، پێویستیەکی حەتمیە و ئێمە، لێی بێبەری بووین. بەهاتنی ئەم ئۆپۆزسیۆنە، بەدڵنیاییەوە باشترین ڕێگاچارەی بۆ ئێمە پێیە! چونکە ئاسانکاری زۆر دەکات و پێشینەی هاوسەرگیریمان بۆ دەبڕنەوە و هەمووومان، بەمەرامی خۆمان دەگەین و چاوەڕوانی بۆ تاهەتایە دەکوژین".



مەیفرۆشان، ڕۆژیان بوو. زۆربەی هەرەزۆری خەڵك، بەشەپۆل روویان تێدەکردن و مەی و ویسکی گرانبەهایان دەکڕی. دەیانبردە دەرەوەی شار و کۆڕیان گۆرانی و مۆسیقالێدان، گەرم دەکرد. گۆرانیبێژەکان، گۆرانیان بەسەر راهۆن و ئۆپۆزسیۆندا هەڵدەگوت و شاباشیان لە خەڵکەکە وەردەگرت.

تاکسیەکان، فڕکان فڕکانی گواستنەوەی خەڵکیان بوو و نرخەکانیان بەهەوەسی خۆیان دەخەملاند. پاسەکان بەردەوام لەجرت و فرتی کاروانی هێنان و بردنی خەڵکەکەدابوون و کرێی نەفەرەکانیان دوو هێندە کردبووەسەر. قەسابەکان گۆشتیان لەنیوەی خۆی باڵا بردبوو و گۆشتی بزنیان بەمەڕ دەفرۆشی، کەچی بەرنەدەکەوتن. میوەفرۆشەکان، بەپیکاپ، سەوزەو میوەی مابووەوەیان دەهێنا و بەنرخی نوێ، دەیانفرۆشتە مشتەریە زۆر و زەوەندەکان. دەستگێڕەکان، ڕوویان دەکردە حەشامات و قەرەباڵغیەکان و شتومەکەکانیان بەدوو هێندە دەفرۆشتەوە. تەزبێح فرۆشەکان، قەزوانی سادەیان بە ئەبڵەق دەفرۆشت و پێڵاوفرۆشەکانیش، ئەدیداسی ئێرانیان بەناوی چەرمی ئەسڵەوە دەدا بەسەر مشتەریەکانیاندا. برنج فرۆش و شەکر فرۆشەکان، لەبەردەم مشتەریەکانیاندا، هەزار سوێندیان دەخوارد، تەنها چەند فەردەیەکیان ماوە و ئەگەر نەیکڕن، نامێنێت.

نانەواكان، گونكی هەویرەكانیان بچوك كردبۆوە و بەهەمان نرخی پێشوش دەیانفرۆشتەوە. ڕۆژنامەفرۆشەكان، كۆمەڵێك مێردمنداڵیان لەخۆیان كۆكردبووەوە و ڕۆژنامە و گۆڤارەكانیان پێ دەناردنە بازاڕ و ناو خەڵك و ئەوانیش، هاواریان دەكرد" دەنگوباسی نوێی ئۆپۆزسیۆن و گۆڕانكاریە تازەكان. نەیخوێنیتەوە دەنگوباسەكەت لەكیس دەچێت".

نانەوەی ئەم هەرایە، دەرەنجامی نوسینەكەی ڕاهۆن بوو. ئەم چریكەیە، وەك بولبولێكی خۆشخوێن، دارستانە بێدەنگەكەی جەماوەری پڕ كرد لەدەنگی ئاوازە نەرمەكەی. هەر بابابوو و بە عودێكەوە، ئاوازەكەی وەردەگێڕایە سەر نوكەی دەنگی خۆی و بەنوزەنوز دەیگوتەوە. دەف ژەنەكانی وولات، لەسوچی هەموو كوچەیەكدا، كۆڕی عاشقانی نیشتیمانپەروەریان دابەست. مۆسیقاژەنەكان، چەندین ئۆپەرێتیان تۆمار كردو بڵاویان كردەوە. گۆرانیبێژەكان، سەدان كلێپی جۆراوجۆریان لەتەلەفزیۆنەكانەوە پێشكەش كرد. شاعیرانی دڵناسكی سەردەم، سەدان پارچە شیعر و دەیان قەسیدەیان بەدەنگە زوڵاڵەكانیان ووتەوە. ئیدی، ئۆپۆزسیۆن، بووە خدری زیندە و شەوانە، گەنجانی نوێژكەری مزگەوتەكان، بۆی چوونە خەڵوەتەوە و بەتاك و بەكۆمەڵ، شەونوێژی دوور و درێژیان بۆكرد.



لەماوەی یەك حەوتوودا، سیروانی دەلال، وەكو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و قسەكەری فەرمی، لەلایەن سەرۆكەوە، بانگهێشتكرایەوە بۆ ناوخۆ و پاشان، بەسەرۆكایەتی ڕاهۆن و كەركەدەنی جێگری، حیزبێكیان لە بارەگای حیزبەسیاسیەكانی وولات، ناونووس كرد و لەتەقەی دەهۆڵ و زوڕنایاندا. پاش دوو مانگیش، پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دەستیپێكرد.

شۆفێرەكان، پاس و تاكسی و لۆریەكانیان بە ڕەنگ و ئاڵای ئۆپۆزسیۆن داپۆشی. دەستگێڕەكان و عارەبانەكانی ناو بازاڕ، فێڵبازانە، بۆڕاكێشان و ڕازیكردنی مشتەریەكانیان، دوو ئاڵایان بە عارەبانە و سندوقەكەی دەستیانەوە هەڵدەكرد. دوكاندارەكان، لەسەرەتادا، دەترسان و نەیاندەوێرا هیچ ئاڵایەك هەڵبكەن. بەڵام، بەناچاری ئەوانیشی تێوەگلا و هەریەكە و ئاڵای لایەنەكەی خۆی بەرزكردەوە. مشتەریەكانیش لەو دوكانە شمەكیان دەكڕی كە ئاڵای لایەنەكەی خۆیانی تێدا هەڵكرابوو. لەخوێندنگاكاندا، بەردەوام شەڕ و پێكدا هەڵپرژان لەنێوان خوێندكارەكاندا درووست دەبوو. شەقامەكان، لێوانلێو بوو لەگۆنگەڵی خەڵكە نەفەس كورتەكان. پۆلیس و ئاسایش، دەبوونە دووبەرە و هەر یەكێكیان، پشتیوانی لایەكی دەكرد. ئەوانەشی زۆر دەمدرێژیان دەكرد و قسەیان بەدەسەڵات دەوت، دەردەكران و نانبڕاو دەبوون. كۆمەڵێك، سەتڵی گەورەیان بەدەستەوە دەگرت و پارەیان بۆ ئۆپۆزسیۆن كۆدەكردەوە. هەندێكیان، هەر زوو بوونە خاوەنی خانووی باش و دوكان و ماشێنی تایبەتی. ئیدی، كەس بەكەس بوو. پڕوپاگەندە بۆ هەڵبژرادن، زۆرێكی ماڵوێران و زۆرێكیشی دەوڵەمەند و خۆشژیان كرد.

لەناو گۆنگەڵ و ژاوەژاوی پڕوپاگەندەکاندا، پاڵەوانەکان، دەرکەوتن. لەووڵاتی قارەمانە گیانبازەکاندا، دەستە دەستە، پاڵەوان لەدایك دەبن. پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، لەم نیشتیمانی قارەمانێتیەدا، هیچ پەیوەندیەکی بە ئەرك و ئایندەیەکی باشترەوە نیە، بەڵکو، بۆ ڕسکاندنی تۆوە نوستووەکانی پاڵەوانەکانە. لەجێگای ڕێکخستنەوەی سیستەم، تۆوەکان ڕێك دەخەن و لەباشترین کێڵگەی نیشتیمانی قارەمانانەیاندا، تۆوەکان دەنێژن و هەرکاتێك بیانەوێت، دەیڕسکێنن. ئیدی، کۆمەڵێك پاڵەوانی نوێ، لەپیاوە کەللەزلەکانی ووڵات، لەپڕێکدا، لەبێشەکەیان دێنە دەرێ و دەبنە چێنەر و نوێنەر و ڕابەری پاڵەوان. بەڵێ، لەقارەمانستان، هەر ڕۆستەمی چکۆڵەیە و بەبێ گاگۆڵکێ، بەبەهارێك پێ دەگرێت. لەپێگرتنیەوە تادەگاتە پێدەشتەکانی بیابان، نەلاوازدەبێت و نەدەشکەوێت. کەمردیش، سەدان ڕۆستەمی تر، لەدووای خۆی بەجێدەهێڵێت.

هەڵبژاردن دەستی پێکرد. زۆرێك کەدەچووە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەهاتە دەرەوە، بەئاشکرا و بەبێ ترس دەیگوت" دەنگم بە ئۆپۆزسیۆن دا". لەکۆتایی ئەنجامەکەشدا، ئۆپۆزسیۆن، زیاتر لەنیوەی کورسیەکانی بردبۆوە. ئەمەش، ئەنجامێکی خراپ و چاوەڕوان نەکراوبوو. هەربۆیە، سەرۆك، بەپەلە، ناردی بەدووای ڕاهۆن و کەرکەدەندا و ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی بە یەك لەسەرسێی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی ووڵات، خەملاند و لەسەری ڕێککەوتن.



لەسەرەتاوە، ئۆپۆزسیۆن، ڕەق و پێداگر بوو لەسەر بەرژەوەندیەکانی خەڵك. لەتەلەفزیۆنەکەی خۆیەوە خەڵکی هان دەدا بۆ خۆپیشاندان و مانگرتن لەدژی کارەکانی بەڕێوەبەرە بچوکەکانی دەسەڵات. گەندەڵیەکانیانی ئاشکرا دەکرد و بەبەڵگەوە دەیخستنە پێشدەمی جەماوەر. ئەو دەیگوت" ئەگەر لەخوارێڕا دزی و فزی و گەندەڵی نەکرێت، لەسەرێڕا پاك و خاوێن و ڕاستگۆن". ئەم دەستەواژەیەش، هەر زوو بەناو خەڵکدا بڵاوبووەوە و کرایە دەستپێکی چاکسازیەکان و بنچینەی کارەکانیان و فەرهەنگی ئەندام و لایەنگرەکانیان.

ئەوان، دەیانگوت" ئێمە، ستالینیانە بیرناکەینەوە و هێشوویی حوکومڕانی ناکەین. بازنەیی بیردەکەینەوە و لەخوارەوە دەستپێدەکەین". دەیانگوت" سەرۆك حکومڕانیکەرانی ئەم ووڵاتە، بەهەڵە زانیاریەکانیان پێ دەگات. چونکە، لەخوارێڕا ڕاستیەکانیان پێناڵێن. بۆیە، ئێمە، باوەڕمان وایە کۆمەڵگا بۆ پرسی چاکسازی ڕێك بخەینەوە و شارەوانیەکان چالاك بکەین و بەرپرسی ناوچەکان لابەرین و نەوەی تازەپێگەیشتووی خاوەن دید و تێڕوانینی نوێگەریان لەجێگا دابنێین. ئەودەم، ئەوەی لەسەرەوەدێ، بەشیوەیەکی یەکسان دەگاتە خەڵك و فرتوفێڵی تێدا ناکرێت. هەرواش، چی لەخوارێ دەگوزەرێ، بەشێوەیەکی راست و ڕەوان، دەگاتە سەرێ".

ئەوان، دەیانگوت" ئێمە، لەحکومەتدا بەشداری ناکەین. ئەرکی ئێمە، چاودێریکردنی کار و چالاکیەکانی پەرلەمان و سازکردنی خەڵکە، تاکو بەژیانێکی ئاسودەیان شاد بکەین". دەشیانگوت" ئەرکی ئێمە، لەبیربردنەوەی کارەساتە دڵتەزێنەکانی خەڵکە. ئومێدپێبەخشینە بەجەماوەر. بنیادنانی پەناگایەکی ئارامە بۆ تێفکرینەکانی ئەوان. ئێشکگرتنە بەدیار خەوبینینەکانی خەڵکەوە. ئەرکی ئێمە، ئاوەدانکردنەوەی لادێ و گەڕەکە هەڵوەشاوەکانی ئەم نیشتیمانە سوتاوەیە. بنیادنانی خانووبەرەیە بۆ کرێچی و بێماڵ و حاڵەکان. دروستکردنی پرد و ڕێگاوبان و چاککردنی کارەبا و گەیاندنی ئاوە بەتاك بەتاکی خەڵك. ئەرکی ئێمە، ئەرکێکی مێژووییە لەمەڕ گێڕانەوەی شکۆی حیزب و متمانەی خەڵك بەحکومەت و پەرلەمان".

سیروانی دەلال، وەك پاڵەوانێك، لەپەرلەماندا دەرکەوت. بەڕاست و بەچەپ، بەچاك و بەخراپ، ڕەخنەی ئاراستەی سەرۆك و جێگری پەرلەمان دەکرد. تانەی لە یاساکان لێدەدا و دژی هەموو ئەو لیژنە و دەستانە دەوەستایەوە کە بەگوتەی ئەو، کاری باش ناکەن و سەربەحیزبەکانی ناو دەسەڵاتەکەی سەرۆکن. تا، کار گەیشتە ئەو جێگایەی، لەبەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنەکەیانەوە، تانەی لەسەرۆك داو، بەکەم تەرخەم ناوی هێنا.



هەر ئەو ڕۆژە و پاش گوتەکانی سیروانی دەلال، پایتەخت خرۆشا. خەڵك، لەناوەند و سەرای شاردا، دەستیانکرد بە گردبوونەوە و خۆپیشاندانیان ڕاگەیاند. خوێندکارانی قوتابخانەکان و مامۆستایان و پزیشکان و کاسبکاران و ئەندازیاران و کرێکاران و ئاسنگەر و مزگێر و تونچی و دەستگێڕەکان و کۆنەفرۆش و حەماڵ و عەتارەکان و بنێشت فرۆش و ماست فرۆش و شۆفێرەکان و دوکاندارەکان و خەڵکی بێکار و کەسابەت، لەهەموولایەکەوە ڕژانە ناو بازاڕەکان و شەقامەکانیان بەهوتافی بڕوخێ... بڕوخێ، تەنی.

ئاسایش و پۆلیس و هێزەکانی حیزب و حکومەت، بەخۆیان و چەکەکانیانەوە، پەلاماری خەڵکیاندا و دەستیانکرد بەدەستڕێژی گوللە و دەیان کەس بەبێ هۆ، کوژران و بوونە قوربانی.

هێزەکانی حیزب و حکومەت، دەستیانکرد بەڕاوەدوونانی خەڵك و سەدان کەسیان لێ دەستگیر کردن و لەزیندانێیان هەڵخزاندن. چیان بەردەست دەکەوت، بەکوتەك و قۆنداخی تفەنگەکانی دەستیان، بیرازیان دەکردن. ئیدی، خەڵك، بڵاوەیان لێکرد و کوڕ ئەوکوڕە بوو، خۆی بشارێتەوە.

سێ ڕۆژی پاش خۆپیشاندانەکە، سیروانی دەلال، لەماشێنەکەیدا و لەکەناری ڕوبارێکدا، دوور لەئاوەدانی، بەقودرەتی قادر، سوتا و بووە ڕەژوو. بێجگە لەتۆپەڵێك خەڵوز، هیچی تری لەدووا بەجێ نەما. کەرکەدەنیش، لەهەمان ڕۆژدا، بەپەلە بردیانە نەخۆشخانە و لەوێ گیانی دەرچوو و مرد. ڕاهۆنیش، بێسەروشوێن بوو. دەنگێك هەبوو، لەناو خەڵکدا، دەیانگوت" هەڵاتووە".



## چەردەی چووارەم

## ئارپاکی مارزادە، لەووڵاتی مارەوە بۆ جیهانی مار

.... هەرچەندە، ئارپاك، نوسەرێکی توڕەهات بوو و ناو و ناوبانگی نەبوو، بەڵام هەر دەینوسی. هەڵبەتە هۆکاری لاوازیەکەی خۆی دەزانی، ئەویش بەهۆی ئەوەوە بوو کە هەمیشە و بەبەردەوامی لەگۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکاندا، دەربارەی مار، دەینوسی. نوسین لەبارەی مارەوە، لەلایەن خوێنەرانەوە گرنگییەکی ئەو تۆی نەبوو و گوێیان پێ نەدەدا. ئەمەش وایکردبوو کە ببوو بە یەکێ لەنوسەرە هەرە ئیزعاجکەرەکانی ئەو ڕۆژگارە و بە نوسەری توڕەهات ناویان دەبرد. تەنانەت ناویان لێنابوو " ئارپاکی مارزادە".

ئەو، لەگەڵ ئەو هەموو ناوە ناحەزە بێشومارانەی کەلەلایەن خوێنەرانەوە پێیاندا هەڵدەگوت، ڕاهاتبوو و تەنانەت خۆشیی لێیان دەهات. وای لێهاتبوو کە لەم ساڵانەی دوواییدا، نێوانی خۆمان بێت و لەلای کەس باس نەکرێت، پێیان خەنی ببوو و بەڕاستیش لەسەری گەڕابوون!

ئەو، هەر لەمنداڵییەوە عاشق بەمار بوو. دەچووە کەژ و بەدووی بێچوە ماری تازە پشکوتووی ناو هێلکە دەگەڕا. دەیدۆزینەوە و دەیهێنانەوە بۆ ماڵێ. جار جارە، ڕێکەوتی وا دەبوو کە دەیان بێچووە ماری لەبن بەردێکدا دەدۆزییەوە و هەموویانی دەئاخنییە تورەکەیەمی چڵکنی لە خام دروستکراو و لەباخەڵێیدا هەڵیدەگرتن. زۆر جاران، لەیادی دەچوو کە بێچووە مار لەناو باخەڵێیدان و هەروا خەو دەیبردەوە، بۆ سبەینێ کە لەخەوێ ڕاستدەبووەوە، هیچیانی بەزیندوێتی وەدەستان نەدەکەوت. ئیدی زۆرێ ی پێ ناخۆش دەبوو و هەندێك جارانیش، شۆڕ و شەپۆڕ، بۆیان دەگریا.

ئارپاك، کە تەمەنی هەڵکشا و چووە سەرێ، تولەمارەکان، لەلای ئەو، باویان نەما. بوونە، کوڵەوەیباب و ڕەشماری پێچاوپێچی خێرای بەهەڵپە. بوونە بۆرەماری ترسناك و زەردەماری ناو زەبەن. بوونە تیرەماری ناو ڕەزان و کوێرەماری گوێ ئاوەکان. بوونە ماری سپی دانسقە و بەڵەکی شاخدار و دووسەری ناو ئەشکەوتان و ڕەقەماری ترسناك.

ئارپاك، لەگەڵ دایك و باوکیدا، لەلادێیەکی بناری بەمۆدا، دەژیا. ئەو، تاکە منداڵ و بەری ئەو هاوسەرگیرییەی ئەوان بوو. ئەوەندە خۆشەویست بوو! خۆ ئەگەر هەژدیهاشی بگرتبایە، کەتەنها دڵی پێی خۆش بوایە، ئەوا ڕێگرییان لێ نەدەکرد.



هەرچەندە، دایکی زۆر دەترسا! کەنەبادا شتێکی وەسەربێت، بابی لێ هاندەدا کە ببێتە بەربەست لەبەردەم ئەم ئارەزووە ناوازەیەی ئەودا، لێ کەڵکی نەبوو. ئەو، هەر بەردەوام بوو. هێندەشی مار هێنابوونە گوندی، بەناچاری خەڵکی دێ، وەدەریان نان.

ئەوان، چوونە شارۆچکەیەکی پاش زنجیرەچیای قەرەداخ. لەپاش دووساڵ، دایکی، بە جەڵتەی دڵ، کۆچی دوایی کرد و باوکیشی، ڕێك لەیەکەم ساڵەوەختی مردنی هاوسەرەکەیدا، بە جەڵتەی دەماخ گیانی بە ئاسمان سپارد و لەتەنیشت گۆڕی ئەوەوە کەلە قەبرستانێکی دەرەوەی شارۆچکەکەدا نێژدرابوو، ناشتیان. ئیدی ئارپاکی تاقانە و بێ کەس و کار، بێ دڵسۆز و بێ هاودەم و هاوکار، لەو شارۆچکەیەدا، بەتەنها، لەماڵێکدا دەژیا.

ئارپاك، بۆ بژێوی خۆی و بەردەوامی لەخوێندنی قوتابخانە، دەستیکرد بە ڕاوکردنی مار و پێستەکەیانی خۆش دەکرد و دەیفرۆشتنەوە. ملوانکەی بە ددانەکانیان دەچنی و جانتای دەستی ژنانەی پێ دەڕازاندنەوە. قایشی پشتی ژنانی، لەپێستی مارەکان، پەردەپۆش دەکرد. ئیدی زۆرێ ی لەو تەشی و ڕێسییە دەکرد و پوڵێکی باشی پێ دەردەهێنا. وێڕای ئەوەی ببووە دکتۆرێکی بێ مۆڵەتی لاکۆڵانی شارەزای باش لە مارانگازدا. هەرچی مار یان دوپشك پێوەی بدایە، دەستبەجێ دەیانهێنایە لای. ئیتر لەهەر شوێنێك بووایە بەدویدا دەگەڕان و دەیاندۆزیەوە. ئەویش، خۆشیی لەهەموو ئەمانە دەهات و جار جارەش، گۆشتی مارەکانی لەسەر ئاگری داربەڕوو دەبرژاند و دەیخوارد. بەکورتی و پوختی، مار، بۆ ئەو، ببووە سەرچاوەی دەرامەت و ژیانی.

دەنگی مار، بۆ ئارپاکی مارزادە، ببووە خۆشترین ئاواز. ڕەنگی مارەکان، قوبەی درەوشاوەی سەر پشت و تیسکی بریقەداری بن سك و زمانی دووفاقەی چوپییان، کەڵبەی شیریڕەنگی قولاپی و هەڵپەی گەڕانەوەی هێرشبردن و ڕاکردن و خۆحەشاردان و بەرزکردنەوەی گەردنە باریك و ڕێکەکانیان، تێکئالآنی بەهارانی ئاشقە و ماشقە تینووی حەزەکان، فڕینیان، لەسەر دارگوێزەکانەوە بۆ سەر زەوییەکی تەختایی سەوز، فیشکەی پێش هەڵپەی پەلاماردان، خشینی خێرایان بەناو زەبەندا، کەروێشکەسەمای گژوگیای بن لەش و لاریان، خۆدرێژکردن و دەم خستنە ناو کانیاوە سازگارەکانەوە، لەهەرە جوانترین ئەو دیمەنانە بوون کە هەرگیز لێ ی جودا نەدەبوونەوە. ئیدی، ئەو، لەگەڵ ماردا، ببووە عاشقێکی شێت. ئەو عاشقەی لەپێناوی تەنها بینینێکی یارەکەیدا، بۆ چرکەیەك ژیانی بیرناکەوێتەوە و لەخواستەکەیەوە دەئاڵێت و بەدەم باهۆزی حەزەکەیەوە دەڕوات. کاتێك دەزانێت، لەنێوان تۆڕێکدا گیری خواردووە و هاواری پاش ڕۆچوونی زەوی بە بومەلەرزەیەك، ناتوانێت دەستی بەژیان ڕابگەیەنێتەوە.

ئارپاکی مارزادە، لەپێشبڕکێیەکی زانکۆکاندا، لەبارەی سەرسوڕهێنەرترین گیانەوەرەکانەوە، بەشداری کرد و شامارێکی سپیی بەفرینی بریقەداری ناوازەی سێ مەتری لەگەڵ خۆی برد و نمایشی کرد.



مارەکەی ئارپاکی مارزادە، درایە تەلەفزیۆن و گۆڤار و ڕۆژنامە ئەهلی و حکومیەکان. ئیدی بۆ ماوەیەکی باش بووە جێگای باسی هەمووان و بەهۆشییەوە نێردرا بۆ جەزیرەیەکی خوارووی هندستان، تاکو لەوێ، ڕاوی باشترین و ترسناکترین مار بکات.

هەر کە ئارپاکی مارزادە، گەیشتە ئەوێ، خانوویەکی دوو نهۆمییان وێدا و تیایدا دەستی کرد بە ڕاوکردن و گرتنی مار. ڕۆژانە چەندین ماری دەگرت و ژەهرەکەیانی خاڵی دەکردەوە ناو شوشەیەك و پاشان بەرهەڵدای دەکردن. هەڵبەتە کاری ئەو، کۆکردنەوەی هەموو جۆرەکانی ژەهری مار بوو و ئەمەش، باشترین کار و ئاسانترینیان بوو. ئیدی، لەوێوە دەستیکرد بە نوسین دەربارەی مار.

پاش تێپەڕینی ٢٧ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا، هەنوکە، ئارپاکی مارزادە، کوردێکی ماربازە. مارپارێز و نهێنگری دنیا داخراوەکانی ژیانی مارە. مارناس و مارگرێکی بەئەزموون و بەتوانایە. شارەزا و پسپۆڕێکی هندستانی بەڕەگەز کوردە. نوسەرێکی مارخوان و پاشگری مارزادەی لێنراوە. بەهەندی دەدوێت و بەهەندی دەنوسێت. لەو ڕۆژەوەی پێی خستۆتە ناو ئەم جەزیرەیەی کە بەسەرزەمینی مار ناسراوە، سەردانی کوردستانی نەکردۆتەوە. لەگەڵ کۆمەڵێك ماردا دەژی.

لەگەڵ ئەواندا، شەوانە، دەنوێت و جارجارە، وەکو ئەوان، دەخوێنێت. ئیدی مار، بەشێکی تەواوی ژیانی داگیر کردبوو و لەناو خەونەکانی ماردا، مەلەی دەکرد. ئەو، زۆربەی چیرۆکە ئەفسوناویەکانی ماری لە ناو فەرهەنگ و مێژووی گەلی هندیدا خوێندبۆوە.

بەخەیاڵی ووڵاتی شاهەنشای شاکانی مارەوە، دەچووە ناو زەبەن و دارستانی چڕوپڕی سەرزەمینی مار. لەناو ئەشکەوت و بن گابەر و تەڵەشاخ و لوتکەی هەزاربەهاری چیاکان دەگەڕا و دەسوڕایەوە. لەهەر شوێنێك، کاژێکی تازە فڕێدراو و جێگەی خشینی سکە نەرمەکەیانی دەبینی، تەواوی کون و قوژبنی ئەو دەوروبەرەی دەپشکنی و مارەکەی دەدۆزییەوە.

لەم ڕۆژانەدا کەخەریکی گرتنی مارێکی کوبرابوو، بۆیەکەم جار، هەستیکرد، ماندوو بووە! بۆیە، چووە بن دارمۆزێکەوە و بەدەم خواردنی مۆزێکی توێکڵسەوزەوە، بەدرەخت و دەوروبەری خۆیدا هەڵیپرووانی. کوخێکی کۆنی بچوکی لەدووری سەد مەترێکەوە بەدی کرد.

بەرە و کوخەکە کەوتە ڕێ و چووە بەر قاپییەکەی و بەزمانی هندی کوتی" کێ لەوێیە؟". پاش خولەکێك، کابرایەکی لاوازی سەرسپیی تەمەن ٦٠ ساڵە هاتە دەرێ. بەزمانی ئینگلیزی پێی وت" فەرموو. چۆن ئەتوانم خزمەتێکت پێ بکەم؟".



ئارپاکی مارزادە، بە ئینگلیزیەکی شەق و شڕ، سڵاوی لێ کرد و پێی وت" لەڕاستیدا تەنها ویستم بزانم کێ لەم شوێنە چۆڵەدا و لەم سەرزەمینەی وڵاتی ماردا، لەناو ئەم کوخەدا دەژی!".

کابرا، ئحمێك و بزەیەکی ماندووی بەزۆری پڕ لە نائومێدی بۆ کرد و وتی" دەتوانیت بێیتە ژورێ و پشویەك، بدەیت. ئەوسا لەڕوتکردنەوەی ناخمان لەپرسیار، تێدەگەین!".

ئارپاکی مارزادە، بەتورەکەیەکی پڕ لەمارەوە، سەری خۆی نەختێك، بۆ نزمیی دەرگای کوخەکە نەوی کردو چووە ژوورێ. لەوێندەر پێشئەوەی دابنیشێت، چاوی بە شتومەکی ژوورەکە و دیوارەکەیدا هەڵڕوانی، لەناوەڕاستی لای بەشی سەرەوەی پەنجەرەیەکی کۆنەوە و بەنێوقەدی دیوارەکەوە، نەخشەیەك هەڵواسرابو. ئەو، هەرگیز باوەڕی بەچاوەکانی خۆی نەدەکرد. لەدڵی خۆیدا گوتی" لەم سەرزەمینی مارەی وڵاتی هندستان، ئاوا نەخشەیەك چ دەکات لێرە!". نەختێك چاوەکانی هەڵگلۆفین و بەتەواوی کردنییەوە. چاوەکانی، زەق بوونەوە! لەجێگای خۆی تاسا. بەحەپەساوی و سەرسوڕمانەوە چاوی بڕیبووە نەخشەکە. بۆ یەکەم جار و لەتەواوی ژیانیدا، هەستیکرد، ژەهرێکی کوشندە، وەکو ئەوەی لەنێو کونیلە وردەکانی ددانی مارێکی دێمەکارەوە کە زیاتر لە نۆ مانگە ئاوی نەخواردۆتەوە و ژەهرەکەی بەتەواوی خەست بۆتەوە، ڕۆدەچێتە نوکی پەنجە گەورەی قاچییەوە. لەوێوە، بەتەواوی جەستەیدا بڵاودەبێتەوە و ئیدی هەموو گیانی سڕ دەکات.

مارزادە، کەوای هەست دەکرد، لەسەفەری خەوێکی پڕ لە کارەساتدایە و وێنەکان نوێن و نایانناسێتەوە، بە مێشکی پڕ لەپرسیارەوە و لەسەر کورسیەکی داری بەدەست دروستکراوی چوکەڵە دانیشت. بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ پێشهاتێکی نوێ ی تری وەکو نەخشەی قەد دیوارەکە بکات، پرسی" ئەو نەخشەیە چی دەکات لێرە؟".

کابرای خانەخوێ، زۆر بەهێمنی و وەکو ئەوەی ئاگای لە پەشۆکاوی مارزادە نەبێت، هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەدەنگێکی ڕەنجاوەوە، وتی" ئەوە نەخشەی وڵاتەکەی منە. بەندە، خەڵکی ئەوێندەرم".

مارزادە، بە زمانە ئەوبەریەکەی خۆی و بەکوردیەکی لادێیانەی پاراو پرسی" بۆ تۆ کوردیت!".

کابرای خانەخوێ، لەو کاتەدا کە بەپێوە وەستابوو و دەیویست لەسەر پارچەقوماشێکی لول دابنیشێت، لەجێگای خۆی چەقی. جەستەی ڕەق بوو. دەستی کەوتە لەرزە. لێوەکانی تەتەڵەیان کرد. سوور هەڵگەڕا و تاسا. ئیدی هیچی نەوت تاکو دانەنیشت. پاشان، سەیرێکی نەخشەکەی کرد و وەرچەرخایەوە بۆلای میوانە نەناسراوەکەی و وتی" بەڵێ، من کوردم و ناوم ڕاهۆنە. ڕاهۆنی سەرکردە. سەرکردەیەکی پیر و لار. دورخراوە بۆ سەرزەمینی مار".



مارزادە، بەسەرسوڕمانەوە لەکابرای پرسی" چی، چی؟ تۆ ڕاهۆنیت؟. مەبەستت ڕاهۆنی مەزنە! تۆ ڕاهۆنی مەزنیت؟". ئەی چی تۆی هێناوەتە ئێرە؟".

مارزادە، ناوی ڕاهۆنی بیستبوو. وێنەی لەڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بینیبوو. تەنانەت وەبیریشی کەوتەوە کە چەندین جار لێدوان و چاوپێکەوتنی لەتەلەفزیۆنە ناوچەیی و لۆکاڵیەکاندا داوە و گەلێ بابەت و ڕیپۆرتاژ و نوسینی ئەوی خوێندبوونەوە. ئیدی، مارزادە، هەستی بە ڕووداوێك کرد، کەلەودیو تێگەیشتن و هزر و بۆچونەکانیەوە گوزەراوە. بۆیە، لەناخی خۆیدا بەخۆی وت" ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەبێت ڕاهۆنی مەزن، بۆچی لەم سەرزەمینەی ماردا، گیرکراوە؟ تۆبڵێیت بۆ ئێرە هەڵاتبێت".

ڕاهۆنی پیر، کەزانیی میوانە کوردە نەناسراوەکەی، لەدوورەوە دەیناسێت، هیچ سێ و دووی لێ نەکرد و بڕیارێکی خێرایدا " ئیدی بووینە دووان. ئێمە لەمەودووا دوو کوردی هاوڕێ ی ئەم وڵاتی مەنفایەین. باش بوو هاوڕێم چنگ کەوت و بەتەنێ لەم وڵاتی نەناسراوەدا، نەمردم!".

ئەو ڕۆژە، پاش گفتوگۆیەکی سەرەتایی و هۆکاری لێرەنیشتەجێبوونی خۆیان، زۆر بەکورتی، بەیەکدی وت و لەسەر داوای مارزادە، بەرەو دیوەخانی مارەکان، کەوتنە ڕێ.

لەدیوەخانی مارەکاندا، دوو هاوڕێ نوێ مەنفاییەکە، بەڕێزەوە، یەکترییان دەدواند و بەسەرهاتی خۆیان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە. هەورەکانی ناو باوەشی ئاسمانی جەزیرەی سەرزەمینی مارستان، بە پێکەنینێکی دەنگ گڕی کاتی، نەرمەبارانێکی بەپەلەیان کردە دیاریی گەلاوگۆڵی درەختە هەمیشە سەوزەکانی سەر سینگی ئەو وڵاتە شێدارەی ماران. هەتاویش، شنەی ڕەوانی خۆی بە تیشکێکی باریك و تەنك، بە تۆوە پیتراوە نوێکانی ناو خاکەکەی دەبەخشی و هێزی ژیانی وەبەردەنان. گەلا سەرتەپوتۆزاویەکانی درەختە بێدەنگەکان، بەخرۆشی خۆشبەختیی مەلەیەکی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو، بەدەم لێبونەوەی چڵکێکی بۆرەوە، کەوتنە سەما.

سەرەتا مارزادە، لەباسی عەشقی گرتنی مارەوە و بەدەم خواردنەوەی چایەکی ڕەشی شیرینەوە دەستیپێکرد، تانەگەیشتە سەرزەمینی مار و ڕۆژەکانی هاوەڵێتی لەگەڵ ماردا، نەوەستا. ڕاهۆن، بەسەرسوڕمانەوە لەم هاوەڵە نوێیەی هەڵدەڕوانی و هەردوو گوێچکە چرچە بچوکەکانی بەئاراستەی دەنگە نەرم و لەسەرخۆکانی مارزادەدا، ڕاداشتبوو. ئەو، پێی وابوو، ئەم هاوەڵێتییە، تاکە چانسی بەیەکەوە ژیانێتی لەگەڵ کوردێکدا. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە و تاکو نیوەی شەوێ، ڕاهۆن، گوێی ڕادێرا و مارزادەش، بەچێژەوە سەرگوزشتەی خۆی و مارەکان و ئەم سەرزمینە لێوانلێو لەمارەی بۆ ڕاهۆن باس دەکرد.



سبەینێ، کێشتەنگاوێکی زوو، لەخەو هەستان. نان و قاوەڵتیەکی بەتامیان خوارد. مرەبای جۆراوجۆری دەستکردی هندستانی و نانی بەتامی پڕ لە ڕەشکە، هەنگوین و ڕۆنەکەرەی گامێشی پاکستانی، کونجیی تێکەڵ بەهەنجیری وورد و چای بەگوڵاوی کشمیری، تێزێکی نایابی بە چێژکردنی قاوەڵتی بەیانیانی سەرزەمینی مار دەدا و ئەندێشەکانی مارزادە و بیرەوەرییەکانی ڕاهۆنیان تێکەڵ بەقاقای پاش ڕۆچوونی قاچی مێردمنداڵێکی لادێیی، لەناو خەرمانەپوشی زەردباوی ژێر سینگی خۆرەتاوێکی گەرمی هاویندا، دەکرد. فیشکە و خشەی مارەکانی دیوەخانەکەش، ئەم جووتە هاوەڵە نوێیەیان دەبردەوە بۆ سەردەمێکی یەکجار دوور لەئێستا. کە تاکو هەنوکە، هیچ زانیارییەك لەبارەیەوە نەزانراوە و ئێستا، لەم دیوەخانی مارانەدا دووبارە دەبێتەوە. هەر ئەو سەردەمەی کەلەناو داستانە ئەفسوناویەکانی هندییەکاندا باسی لێوەدەکرێت و مارومرۆڤ، پێکڕا و بەخۆشی و بەئاشتی، بەیەکەوە ژیاون.

دوو هاوڕێ نوێکە، ئەو ڕۆژە، بۆ یەکەم جار، چەند ڕیزێك جێپێی دووانەیان لەسەر ڕوخساری پیرەزەویی دەم و چاو لماوی وڵاتی مار و بۆ ماوەیەکی کاتی دروست دەکرد. ڕەشەبا بەهێزە جاروبار تورەکەی ئەو جەزیرەی مارستانە، هەر پاش چەند کاتژمێرێك، چاوی شوێنپێ بۆرەکانی کوێر دەکردەوە و بەتۆپەڵێك لمی وشك و چەند جۆرە پوش و پەلاش و لاسکی قالۆرە دڕکاویەکان دادەپۆشی و شوێنەواری وەکو هەر جێپێیەکی دی، ون دەکرد.

بەلەمەکانی سەر کەنارە سپییە خوێیەکەی جەزیرەی مار، بەدەم شەپۆلەکانی دەریاوە سەمای لەنگەرگرتنیان دەکرد و هەڵپەڕکێیەکی پڕ لەرینەوەیان پێشکەش بە نیگای تەماشاکەران دەکرد. شەپۆلەکانی پیرەدەریا، لێوانلێو بوون لە ناز، پڕاوپڕ بوون لە شەڕێکی ڕقاویی کەلەئەنجامی بەدەستڕانەگەیشتنی خۆشەویستیی سەرزەمینی مارەوە سەریهەڵدابوو. پیرەدەریا، سەرتاپای هێزەپاڵپێوەنەرەکەی بەهەناسەی با پێچەوانەکەی سەر ڕوخساری، خۆنیشاندانێکی بەپەلەی بۆ جەزیرەی مار دەردەخست. لەوە دەچوو، هەرئێستا باوەش دەکات بە سینگە ڕەقەڵەکەیدا و پاش ماوەیەکی دوور و درێژ لەچاوەڕوانی و هەوڵدانی بێسوود، پڕی دەکات لەخۆی.

وێنەکانی ئەو ڕۆژە، بۆ ئەم دوو هاوەڵە نوێیە، سەرەتای ژیان و دەستپێکردنەوەیەکی تازەیان دەبەخشییە دڵ و دەرونیان. ئەوان، زۆر شادمانانە، بەیەکەوە گفتوگۆیان دەکرد و جار جارە پێدەکەنین و جارجارەش، خەیاڵ دەیبردنەوە و بۆ چەندین دەمی جیاواز لەیەکتری، کەنەدەزانرا چەندی پێ چووە، بێ دەنگ دەبوون و هیچیان نەدەوت.



لەم بەلەکجاڕی دەمگوێ دەریایەدا و ڕووبەڕووی سەماکانی ئاو بۆ ڕقێکی جاویدانی کەتێیدا کینەی داخی نەگەیشتن بە زەویی وشك، تاکو لەگەڵ گەردە ڕەقەکانیدا تێکەڵ بێت و خەمەکانی نەرم و فشەڵ بکاتەوە، لەو ئاخ و حەسرەتەدا، خۆی دەکێشایەوە و بەتەوژمێکی خێرا و توند، خۆی لەزەوی دەخشاند. ئەوان، دەیانبینی، لێوی تەڕی دەریا، بەشەپۆلە لیکاوییە سوێرەکانی، بەحەسرەتەوە، لێوە وشکە لماویەکەی ئەم جەزیرەی مارستانە، ماچ دەکات و زەویش، هەرچی حەزی سەدان هەزار ساڵی حەز و خۆشەویستی خۆی هەیە، بەمژینێکی لیکە سوێرەکەی تێر دەکات.

ئەوان، بەم دیمەنەی دەریا و جەزیرەی وڵاتی مار، دەچوونەوە ناو بیرەوەرییەکانیان. مات دەبوون و خەمساردانە و بەهێواشی هەنگاویان دەنا.

ڕاهۆنی مەزن، متبوونی ئەو دەمەی خۆی و هاوڕێکەی بەجۆرێك دەڕوانی کەبەسەر پارچەیەك لەخامی وێنەلەسەر کێشراودا پیاسە دەکات. لەسەر خامەکە، وشەگەلێك دەهاتنە پێش چاوی کە ڕێك لەناوی هاوسەرەکەی دەکرد کەبەخەتێکی خواروخێچ نوسرابوو. ئەو، بەسەر وێنە لەسەر پارچە خامە کێشراوەکەدا، هەنگاوی هێواش و نەرمی دانا، بەبێ ئەوەی بەدەستی خۆی بێت، چاوەکانی پڕکردن لەهاوڕێکەی و وتی

" کاتێك کە گەیشتمە سەرپشتی ئەم جەزیرە بچوکە، لەناو کوخەکەمدا، دەستم کرد بەنامە نوسین بۆ هاوسەرەکەم و ویستم لەڕێگای پۆستەوە، بۆی بنێرم، بەڵام بەبێ هۆ دووام خستن. جا هاوڕێی ئازیزم، تەواوی ئەو نامانەی نوسیومن، لەژوورەکەمدا و لەناو سندوقێکدا هەڵمگرتوون.

مارزادە، شتێکی ئەوتۆی دەربارەی ژیان و نهێنییەکانی ئارپاك نەدەزانی. هێشتاش زوو بوو بۆ ئەوەی دەمی پرسیاری لێ بکاتەوە. بۆیە چاوەڕوانی هەلێك بوو تاکو لەدانیشتنێکی شەوانی نێو دیوەخانی ماردا، هەمووی بەدەست بهێنێت.

دەمەوئێوارێ، خۆر، بەڕەنگی پرتەقاڵییەکی تۆخ، هێندەی نەمابوو لەکەلی نەدیو ئاوابێت و بۆ جارێکی تر لەبۆشایی دیارنەمانیدا تاریکی بێتەوە، هەردوو هاوڕێ مەنفاییەکە، ئاراستەی هەنگاوە کورت و هێواشەکانیان بەسەر پشتی جەزیرەی ماردا، ڕووە و دیوەخانی مار، سوڕاندەوە.

ڕاهۆن، هەستیکرد، جەستەی دەلەرزێت. هێزی کەم دەکات و هەنگاوەکانی هێواش دەبنەوە. ئێسکەکانی، زیڕەی ئازارێکی توندیان تێترنجا و بەناو ماسولکە و دەمارەکانیدا گوزەریان کرد. وەستا و لەجێگای خۆیدا، لەسەر پشتی جەزیرەی مار، لەسەر گازی پشت ڕاکشا.



مارزادە، وەستا و چاوێکی لێکرد و پێی وت" جەنابی ڕاهۆن، ئەوە چیتە؟ بۆچی وا بەخێرایی وەستایت و ڕاکشایت؟".

مارزادە، هیچ وەڵامێکی لە هاوڕێکەیەوە نەبیست. هاتە سەری و خۆی نوشتاندەوە و دەستیگرت و هەستی بۆ ترپەی لێدانی دڵی ڕاگرت، بەڵام هیچی دەست نەکەوت. لەتەنیشتییەوە دانیشت و سەری بەرزکردەوە و خستییە سەر قۆڵی و بانگی لێکرد" جەنابی ڕاهۆن! چیتە؟ بۆچی بێدەنگیت؟

مارزادە، هەستی ڕاگرت بۆ هەناسەی، بەڵام نەهەناسە و نەلێدانی دڵ و نەجوڵەی پێش کەمێك لەمەوبەری نەمابوون. بەسەرسوڕمانەوە تێی ڕوانی و برۆکانی بەشێوەیەکی حەپەساوی جووت کردن. پاش دەستلێدانی تەواوی جەستەی و ئەمدیو و ئەودیو پێکردنی، بۆی دەرکەوت، ئیدی ڕاهۆن، جەستەیەکی بێگیانە.

جەستەی ساردی ڕاهۆن، بەسەر کۆڵی مارزادەوە بەرەو دیوەخانی مارەکان و دووامەنزڵگای هاوڕێیەکی نوێی ئەم جیهانە بێدەنگەی ئایندە دەچوو. ئەم نیشتیمانی مارە، لەناو باخەڵی خۆیدا، بەمەرگێکی کوتوپڕ و لەناکاو هەڵگیدەگرێت. هەر پاش کەمێکی ترە کە مارزادە، بەفرمێسکی کانی غوربەتەوە، چاڵێك، لەدیوەخانی مارەکاندا هەڵدەکەنێت و ڕاهۆنی مەزنی تێدەکات. ئەو، ئیدی جارێکی تر تەنهابووەوە. بێجگە لەمارەکانی ئەم نیشتیمانە بێمرۆڤە، هیچ شتێکی تر ئاسوودەی نەدەکرد.

زیاتر لەهەفتەیەك بەسەر مەرگی ڕاهۆندا تێپەڕی. بەڵام، مارزادە، هیچ مارێکی نەگرتبوو. بەدووای جێگە و لانەیاندا نەدەگەڕا. بێدەنگ، لەبن سێبەری دارمۆزێکدا دادەنیشت و بیری دەکردەوە. خەمگین و بێزار، هەستی بەتەنهاییەکی قوڵ دەکرد. جار جارە، بەبێ ئەوەی هەست بکات چی دەوێت و چی دەکات و بەدووای چیدا وێڵە، ملی دەنا لە چاڵ و چۆڵ و درەختی پڕو جەنجاڵی سەرزەمینی مار. بۆ قەدەرێکی باش، دەڕۆیشت و پاشان بەجێگاکەی خۆیدا دەگەڕایەوە. ئاگالەخۆبوونی لەوپەڕی ئەستورییەوە بۆ سەرپەلی تەنکی دەکشا. بۆ شتگەلێك دەگەڕا تاکو لێوەی بتوانێت بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانی ناخی بۆ بتەکێنێتە بەردەمی، لێ هیچی وەگیر نەدەکەوت.

ئەو، نەیدەزانی کە ئەوە چەندەمین جارە بەو جێگا نەعلەتیەدا دەڕوات و دەگەڕێتەوە! لێ ئەم جارە، نەیویست بگەڕێتەوە. ڕۆیشت و ملینا. بۆ دوواجار، کوخەکەی ڕاهۆنی هاوڕێ هامشارییەکەی لێوەدەرکەوت. نیگایەکی خەمناکی تێبڕی و بەهەنگاوە مارئاسا هێواش و لەسەرخۆ و بێچرپەکانی تاکو پاڵی بە دەرگا شڕەڵە دارینەکەوە نەنا، نەوەستا.

بۆنێك، کە ئەو، لەسەراپای ژیانیدا هەستی پێ نەکردبوو، لوتی پڕ کرد و هەناسەی تەنگ کرد. چاوەکانی پێ سوور کرد و فرمێسکی پێ چۆڕاندن. تەپڵی سەری سڕکرد و نێوان برۆکانی پێ کرژ کرد.



لەگەڵ کردنەوەی دەرگادارینەکەدا، بۆنی غوربەتی کرد. بۆنێك، پڕە لەتەنهایی و وونبوون لەناو سەرزەمینی مارستاندا، کە بێجگە لەو هیچ کەسێکی تر نەیدەتوانی بۆنی هەناسەی مار و ئەم تەنهاییە ئاوێتەی یەکتری بکات. بۆ یەکەم جار، ئارپاکی مارزادە، بەم تێکەڵەبۆنە، هەستی دووری نیشتمان و بیرەوەریەکانی منداڵی و ڕۆژە خۆشەکانی زانکۆی لەلا دروست بۆوە. ئیدی ئەو، بەدەم چوونەژوورەوەی کوخەکەی ئارپاکەوە نیشتیتمان و گڵکۆی دایکی و درەختەکەی پشت کێلەکەی باوکی بیرکەوەتەوە.

مارزادە، لەناو کوخەکەدا، چاویگێڕا. دەیان پەڕاوی دەستنووس و پەرتوکی لێبوون. ئەلبومێکی قەبەی پڕ لەوێنەش لەسەر ڕەفەیەك دانرابوو. سندوقێکی لەتەختەدرووستکراویش بە پەڕاو و پەڕەی جۆراوجۆر ئاخنرابوو. لێفەیەکی ئاوریشمیش بەسەر ڕاخەرێکی ڕەقی بەمودروستکراودا دانرابوو. هەندێك قاپ و قاچاخ و لیوانی لەدار و چەند کەوچکێکی دارگوێز و چەند کوپێك شەراب و فنجانی فافۆن و دەستەیەك مۆم، تەواوی ژوورەکەیان پێك هێنابوو. لەو کاتەدا، داواکاریەکی ڕاهۆنی مەزنی بیرکەوتەوە کە پێی گوتبوو" ئەگەر مردم، هەموو ئەو شتانەی لێرەدایە، بەکوخەکەمەوە، بسوتێنە".

مارزادە، ئەلبومی وێنەکەی لەسەر ڕەفەکە داگرت و لەسەر لێفە ئاوریشمەکە دانیشت و دەستیکرد بەتەماشاکردنی وێنەکان.

وێنەکان، ڕاهۆنیان لە منداڵییەوە تاکو پێش ئەم سەرزەمینی مارە نیشان دەدا. ئارپاك، وێنەی لەگەڵ سەرۆك و خانمی سەرۆکدا گرتبوو. بەتەنها و بەجووت. لەدیوەخان و ناو پەرلەمان و دیوانی وەزارەت و ناوچیا و بەچەکەوە و بەبێ چەك. بەجلوبەرگی کوردییەوە و بەکراس و بیجامەوە و بە قات و بۆینباخەوە. لەلادێ و لەشاردا، لەناو کێڵگەی پەلەوەر و زوی جوتیاریدا. لەسەر شەقام و لەناو دەریادا. ئیدی شوێنێك نەمابۆوە وێنەی تێدا نەگرتبێت. تەنانەت لەناو فرۆکە و تانك و زرێپۆشیشدا وێنەی گرتبوو. وێڕای ئەوەی ڕاهۆن، لەگەڵ زۆربەی سەرۆکەکانی دنیادا وێنەی گرتبوو. تەنانەت لەکاتی خواردن و بەدەم هەڵدانی پێکی پڕ لەشەراب و لەکاتی مەلە و یاری بالە و یاری ڕیشەدا وێنەیان گرتبوو.

مارزادە، ئەلبومەکەی لەسەر ڕەفەکە دانایەوە و پەڕاوەکانی ناو سنوقەکەی ئەمدیو و ئەودیو کرد. ئەوانە، نامەگەلێك بوون کە یەك لەدووای یەك لەسەر یەك دانرابوون. بەشێوەیەك نامەی سەرەوە یەکەم بوو و ئەوەی هەرەژێرەوەش بریتی بوو لە نامەی کۆتایی.

مارزادە، بەدرێژایی سێ هەفتە، لەوێدامایەوە و تەواوی نامەکانی خوێندەوە. پاش خوێندنەوەیان، وەك مارێکی ترساو و توڕە. چووە دەرەوەی کوخەکە و پاش قەدەرێ ڕامان، ئاگری تێبەردا.



سوتان، بۆ ئەوێکی ئاڵودەی بوونبەمار، دووا فەرهەنگی کڕوزانەوەی بوو بەدووای دۆزینەوەی شوێنی سك و جەستە ئسپرینگ ئاساکانی مارەکانی ئەم نیشتیمانەوە. چونکە، گەر نەیانسوتێنێت، لەسەردەمێکی تردا و لەناو کەشێکی گونجاوی تردا، جارێکی تر، لەناو بیرەوەریە ووشك هەڵاتوەکانەوە سەردەردەهێننەوە و دەڕسکێنەوە.

لەناو بڵێسەی گڕەکەوە دەنگی قاقای پێکەنینی ڕاهۆن دەهات. ووشەکانی نێو پەڕەسوتاوەکانی بەدەنگێکی خرۆشهێنەر دەوتەوە. بەفیشکەی مارە کوبراکانی ئەو سەرزەمینەی ئەو، گۆرانیی دەچڕی. دەنگەکە، بەرزدەبۆوە بۆ ئاسمان و وەك هەورەبروسکە بەڕەنگێکی کارەبایی لەنێوان هەورە تۆپەڵە بووەکانەوە بەگوژمێکی بەهێز دەهاتە دەرێ و دەیویست نەگەڕێتەوە نێویان. دەیویست، بگاتە سەرزەوی و بۆ ئەبەد خۆی تێدا هەڵبگرێت. دەیویست، ببێتەوە بەئاگر و جارێکی تر ووشەکان بسوتێنێتەوە. دەیویست، تاکە گەواهیدەرەکەشی بەخۆیەوە بکاتە ڕەژوو و بۆ تاهەتایە، لەگەڵ خۆیدا و لەناو دار و دەوەن و خاکی وولاتی ماردا، بینوێنێت. دەیویست مارئاسا، خۆی بەگرێکانی توند توند بە زەویەوە گیر بکات و تێر تێر زەوی لە ئیسپرینگی جەستەیەوە بئاڵێنێت. دەهری بوونی قوت بدات و بەئەنزیمەکانی ناوی بیسوتێنێت، ئیدی تاهەتایە، لەگەڵ پێکەنیندا بنوێت و بۆ ئەبەد هەڵنەستێتەوە.

مارزادە، بەخێرایی بەرەو ماڵەکەی خۆی گەڕایەوە. دەستی برد، شوشەیەك ژەهری لەناو دۆلابێکی تەختە دەرهانی.

بەیەك قومی خێرا، هەمووی فڕ کرد. ژەهرێکی شیرین. لەهەنگوین بەتامتر و لەگوڵ بۆنخۆشتر و لەبەفر ساردتر و لەڕەوان بەنرختر. فڕی کرد و دەنگی قاقای خۆی تێکەڵ بەفیشك و هوڕی مارەکان کرد. ئەو، ژەهرخۆرێکی بێوێنەبوو. لەمنداڵیەوە لەگەڵ خواردنەوەی ژەهری ماردا ڕاهاتبوو.

هەرچەندە ئەو، بەخواردنەوەی ژەهر، ئالۆدەببوو، لێ، هەمیشە، دڵۆپە کۆکراوەکانی ناو تورەکەی پشت کاسەی سەری مارەکانی دەگوشی و لەکونیلە ووردەکانی ددانی مارەکانەوە دەیهێنایە درێ و دەیتکاندە ناو شووشەیەکەوە، پاشان، بەیەك مژی خێرا، فڕی دەکرد.

چووە دەرێ و لەبن درەختێکی مۆزدا، کە مارێکی کوبرای تەمەن سەد ساڵە، خۆی تێئالاندبوو. وەستا و سەری کڕنۆشی بۆ دانواند. لەگەنجینەی نادیاری ماردا، نوێژی بۆ زەوی دەکرد. پاڵی دەنا بەئەستێرەکانی ئەو ئاسمانە دەم بەهاوارەی سەرزەمینی مارەوە و تروسکەکانی کۆدەکردنەوە و کراسێکی ئاودامانی پێچاوپێچی بۆ پیرە کوبرا دەچنی. ئەو، مارزادە بوو. داڵدەی مار و هاوەڵی هەمیشەیی کوبراکانی ئەوسەرزەمینە خاڵیەی لەمرۆڤ بوو. لەپاش ١٥ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا، لەکاتی پشکنینی جەستەی مارێکی ١٠٠ ساڵەدا، لەلایەن کۆمەڵێك پسپۆڕی مارەوە لەسەرزەمینی وولاتی مار، کەبۆ تاقیکردنەوە لەمەڕ تەمەنی مار هاتبوون، ئێسك و پروسکەکەی لەناو سکیدا، دۆزرایەوە.

کۆتایی...